سەلەفییەکان

سەرهەڵدانیان ... تێڕوانینیان ... هەڵوێستیان لەگرۆ ئیسلامییەکان

یاسین تەها

سەلەفییەکان

سەرهەڵدانیان..تێڕوانینیان..
هەڵویستیان لەگرۆ ئیسلامییەکان

نوسینی:

یاسین تەها محەمەد

ڕونکردنەوەیەک

ئەم لێکۆڵینەوەیە، لەساڵی ۲۰۰۳ دا، وەک بەشێک لەپێداویستییەکانی بەدەستهێنانی بڕوانامەی بەکالۆریۆس، لەژێر ناونیشـــانی «بیری سیاســی وەهابیزم» بۆ بەشی مێـــژوی کۆلیژی زانســـتە مرۆڤایەتییەکانی زانکۆی ســـلێمانی ئامادەکراوەو پلەی باڵای وەرگرتوە. بەڵام دوای پێنج ســـاڵ لەئامادەکردنیو لەکۆتایی ۲۰۰۸ دا، بۆم ڕەخســا سەفەرێکی یەک مانگیی بۆ عەرەبستانی سعودیە بکەمو لەوێ لەنزیکەوە هەڵوێستەی مەیدانییم لەسەر گەلێک لەبڕگەو باسەکانی ئەم بابەتەکرد، هەر لەبەر ئەمەش بەپێویســـتمزانی ســـەرلەنوێ پێیدا بچمەوەو هەندێک زانیاریو تێبینیتری بخەمەسەرو چاپی بکەم.

پێشکەشە ..

بە گیانو یادەوەریی ئەو کەسەی بەردەوام بەسەرهاتی تاڵی تیرۆرکردنی لەناخەوە ئازارم دەدات.. ڕەحمەتیی مامم: مەلا یوسفی گڵێجاڵ.

ناوی کتێب: سەلەفییەکان
نوسینی: یاسین تەها محەمەد
بابەت: لێکۆڵینەوە
دیزاینی بەرگو کتێب: سەردەشت عەزیز
تیراژ: ٥٠٠ دانە
نرخ: ٢٠٠٠ دینار
چاپ: چاپخانەی کارۆ
چاپی یەکەم ـ ساڵی ٢٠٠٩
ژمارەی سپاردن: ١٤٧٨ی وەزارەتی رۆشنبیری ساڵی ٢٠٠٩ی پێدراوە

ناوەڕۆك　　　　　　　　　　　　لاپەڕە

دەسپێک ٧

بەشی یەکەم: مێژوی وەهابییەکانو هەلومەرجی سەرهەڵدانیان

چەمکو شوناسی وەهابی ١١

هەلومەرجی سەرهەڵدانەوەی بانگەوازی سەلەفی ٢٣

سەرهەڵدانی بانگەوازی وەهابی لەنەجد ٣٠

هاوپەیمانێتی سەلەفییەکانو ئال سعود ٣٥

هەڵوێستی ئینگلیزو عوسمانییەکان لەبیری وەهابی ٤٢

بەشی دووەم : بیری سەلەفییەت ٤٦

یەکتاپەرستی لەبیری سەلەفیدا ٥٠

سەلەفییەتو بیدعە ٥٥

سەلەفیەتو جیهاد ٥٩

سەلەفیەتو تەکفیر ٦٤

سەلەفییەتو دەسەڵات ٦٩

بەشی سێیەم: سەلەفییەتو ئاینزا ئیسلامییەکان ٧٥

سەلەفیەتو سۆفیگەری ٨١

سەلەفییەتو شیعە ٩٢

ئەلف: ئیمامەت ٩٤

با: سەرچاوەکانی شەرع ٩٨

ج: هەڵوێست لەسەحابە ٩٩

کۆتایی ١٠٢

هەواڵنامەی کتێب

دەسپێک

سەلەفییەتگەرایی، بزاڤو بیرکردنەوەیەکی ئیسلامیی بەرچاوی خۆرهەڵاتی ناوەڕاستو دواتریش سەراپای جیهانی ئیسلامییە. گرنگیی ئەم تێڕوانینە ئاینییە لەوەدایە، جگە لەنێوەڕۆکە فیکرییەکەی، ئاینزای فەرمیو کارپێکراوی عەرەبستانی سعودیەی لانکەی هەرە پیرۆزترین مەڵبەندو شوێنەوارە ئیسلامییەکانە.

ریشەی بانگەوازی سەلەفی، دەگەڕێتەوە بۆ کەلتورو هەڵوێستەکانی ئیمام ئەحمەدی کوڕی حەنبەل، کە لەسەدەکانی نێوەڕاستدا بە داکۆکیکردنی سەرسەختانە، لەپابەندبون بەدەقو رەتکردنەوەی داهێنانکاری ئاینیی، داستانێکی گەورەی لەمێژوی ئیسلامو خەلافەتی عەبباسیدا لەبەغدا تۆمارکرد. لەدوای ئەویش ئیبن تەیمیە لەوڵاتی شام، سەدەی حەوتەمی کۆچی، رایەڵە سەرەکییەکانی گەڵاڵەکردوە. لەسەدەی هەژدەیەمیشدا، لەسەردەستی محەمەدی کوڕی عەبدولوەهابو نەوەو شوێنکەوتەکانی، لەبیابانەکانی نیمچە دورگەی عەرەب، دیسان نۆژەنکراوەتەوە. ئەم جارەیان جیاواز لەدوو جارەکەیتر، قەدەری وەهابوە ببێتە بەشێک لەدەسەڵاتو ئەمەش بۆتە هۆی ناساندنو ناوبانگپێدانی.

ئەگەرچی بیری سەلەفی، لەنیوە دورگەی عەرەب، سەرەتا وەک بانگەوازێکی چاکسازیی ئاینی سەریهەڵدا، بەڵام لەبەر گەلێک هەلومەرج کە دواتر دێینە سەریان، خێرا لەگەڵ سیاسەتو حوکمڕانیدا ئاوێتەبوەو دواتریش بۆتە سەرچاوەی جیهانبینیی گەلێک گروپو بیرکردنەوەی سەلەفیتری جیهانی ئیسلام.. سەرنماو رێبەرەکانی ئەم بیرە ئاینییە کەنارگیرە، دوای ئەوەی پێگەی ئاینیو سیاسیی خۆیان لەسعودیەی روگەی سەرجەم موسوڵمانادا چەسپاند، بەسود وەرگرتن لەپێگەی ئاینیو ئابوریی ئەم دەوڵەتەو بەسود وەرگرتن لەگردبونە ملیۆنییەکانی ساڵانەی وەرزی حەجکردنەوە، خێرا رویانکردە وڵاتانیتری جیهانی ئیسلامو لەرێگای کاری خێرخوازیی.. بانگەوازکردن بۆ ئیسلام.. کردنەوەی کەناڵو ماڵپەڕی ئەلەکترۆنی.. دامەزراندنی خوێندنگای ئاینیو.......هتد.

جیهانی ئیسلامیان تەندوەو لەئێستادا هەر لەئەندەنوسیاوە تا باکوری ئەفەریقا، تۆڕێک پەیوەندیو هەواداریان هەیە.

بیری سەلەفیی، لەجیهانی ئیسلامیدا، زیاتر وەک رکابەرو کێبەرکێکاری بیری شیعەو

سۆفیگەری دەخرێتەڕو. ئەم بیرە ئیسلامییە، هێندە لای موسوڵمانە پابەندو گەنجەکان، کاریگەرو سەنگینە، زۆرێک لەلایەنو گروپە چەکدارە ئیسلامییەکان، شانازی بەفیکرو بەبوێریو جەربەزەیی زاناو سەردەستە پێشینەکانییەوە دەکەنو لای خەڵک خۆیان بەشاگردو خوێندکاری ئەم کەلتورە دەناسێنن. ئەمەش وایکردوە، بەمدواییانە ناوی وەهابیو سەلەفیی، لای زۆرێک لەناوەندەکان، لەریزی ئەو بیرو گروپانەدابێت کە خۆرئاوا، بە «تیرۆریست»و «توندڕەو» ناودێریان دەکەن.

لە ١١ ئەیلولی ٢٠٠١، کۆمەڵێک لاوی دایکو باب سعودیی، پەروەردەی خوێندنگاکانی ئەم وڵاتە، لەگەڵ کۆمەڵێک گەنجیتری عەرەبدا، بەپلانی ئەلقاعیدە، ئەمەریکاو دنیایان هەژاندو بەتەقاندنەوەی هەردو تاوەری تەلاری بازرگانیی جیهانیو بارەگای پنتاگۆن، تەواوی جیهانیان خستە سەر دوڕییانی «تیرۆر»و «دژە تیرۆر». بەهۆی رەگەزی ئەم گەنجانەشەوە، ناوی وەهابیو کارنامەی دامەزراوە ئاینییەکانی سعودیەو ئەگەری تێوەگلانیان لەم روداوە مەزنە، بوە باسو بابەتی میدیا زەبەلاحو سەنتەرو دەزگا لیکۆڵەرە دەنگ بیستراوەکان. بەڵام سیاسەتوانە سعودییەکانو زانا ئاینییەکانی ئەم وڵاتە، لەسەرو هەموشیانەوە لێزانیو کۆششە لێبڕاوەکانی شا عەبدوڵڵا عەبدولعەزیز، کە ئەودەم بەفەرمی وەلی عەهدو بەفیعلی پادشای سعودیەبو، پێکرا، توانیان هێڵە سەرەکییەکانی بیرو بانگەوازی سەلەفی لەو قەیرانو تەنگەژە ئاڵۆزە بپەڕێننەوەو بەشێکی زۆری دامەزراوەو پرۆگرامە سەلەفییەکانی خوێندن لەسعودیە، لەرقو توڕەیی ئەمەریکا قوتاربکەن، کە لەدوای کارەساتەکە، وەک شێری بریندار کەوتە پەلاماردانی هەمو ئەو شتانەی، بچوکترین گومانی لێیان هەبو[1].

لەم قۆناغەدا ـ واتە دوای ساڵی ٢٠٠١ ـ عەقڵی سیاسیو شەرعیی سعودی شانبەشانی کۆششکردن بۆ رزگارکردنی سەلەفیەتی بیری ئاینیی وڵات، بناغەی قۆناغێکی نوێیان

---

١. گۆڤاری news week ی ئەمەریکی لەژمارەی ٣١/ ئازاری ٢٠٠٩ دا، ئاماژە بەوەدەکات، کاتێک کارەساتی ١١ی سێبتەمبەر رویداوەو دەرکەوتوە ١٥ لەکۆی ١٩ لەئەنجامدەرە خۆکوژەکانی کارەساتەکە سعودین، شا عەبدوڵڵا، هەر لەنوێژی بەیانییەوە تانزیکی نیوەڕۆ نوێژیکردوەو دەرگای کۆشکەکەی لەسەر خۆی داخستوە. ئەوشایەتەحاڵەی ناوبراوی لەسەر ئەم حاڵەتە دیوە لەلێدوانەکەیدا بۆ نیوزویک دەڵێت «ئەو رۆژە تەنها شا عەبدوڵڵا ئەوەندە نوێژیکرد، هەرگیز نەمدیوە ناوبراو ئەوەندە نوێژ بکات». لەدوای نوێژەکانیش بەبارێکی دەرونی ناجێگیرەوە رویکردە میوانەکانیو وتی «من دڵنیام گەلی چاکی ئێمە ئەم کارانە ناکەن». لەدوای ئەم روداوەشەوە شای سعودیە ئیتر بەئەندامانی ئەلقاعیدەی دەوت «گرۆی سەرلێشێواوان»و «لەدین دەرچوەکان»، وەک ئەوەی هەرگیز رەعیەتی ئەو نەبن.

لەکاروانی ئەم بیرەدا دانا، کە ئەویش زەقکردنەوەی «لادانی قاعیدەو جیهادییەکانیتری هاوشێوەیەتی لەراستە رێگای ئیسلام». لەماوەی ئەم هەشت ساڵەدا، سەلەفییەکانی سعودیە، بەگەلێک شێوازو لەچەندین رێگاوە، رەنجی فەرهادیان کێشاوە بۆئەوەی بیسەلمێنن ئیسلامو بیری سەلەفی، لەشیوێکدایەو ئەلقاعیدەو هاوبیرەکانیو دیاردەی تیرۆر، لەشیوێکی دورتر.

ئەم لێکۆڵینەوەیە کە ناونیشانی «سەلەفییەکان» ی هەڵگرتوە، لەدو تەوەرەی سەرەکیو پەیوەندیدار بەیەکتر پێکهاتوە. تەوەرەی یەکەم، گوزەرێکی خێراو مێژوییە بەسەرەتاو چۆنییەتی سەرهەڵدانی بانگەوازی سەلەفیی لەنیوە دورگەی عەرەبو دیدوتێڕوانینیان لەسەر باسو بابەتە بنەڕەتییە شەرعییەکانی وەک: عەقیدە، بیدعە، جیهاد، دەسەڵات، تەکفیر،....هتد، دەخاتە بەرباسو شیتەڵکردن. هەرچی تەوەرەی دوومیشە، بریتییە لەسۆراغکردنی پێگەی بیری سەلەفیی لەجیهانی پانو بەرینی ئیسلامو هەوڵ دەدات لەجومگە سەرەکییەکانی بیری ئیسلامیدا، لەگەڵ دیدو تێڕوانینی سۆفیگەریو شیعەگەرێتی کە دوو گرۆ ئیسلامییە گەورەکەی رۆژهەڵاتن، بەراورد بکات.

هاندەرم لەهەڵبژاردنی ئەم بابەتەدا بۆ لێکۆڵینەوە، جگە لەحەزی شەخسیو هۆگریم بەو توێژینەوانەی دەربارەی دەستەو بۆچونە ئیسلامییەکان دەکرێن، ئەو دەمەقاڵەو نیشانەی پرسو تۆمەتبارکردنە زۆرانەن کە لەسەر سەلەفییەتو بانگەوازی وەهابی لەئارادان. پێشنیازو هاندانی سەرپەرشتیاری بەڕێزیشم د. دلێر ئەحمەد، کە ئەودەم سەرۆکی بەشی مێژوی کۆلێژی زانستە مرۆڤایەتییەکان بو، زیاتر یەکلای کردمەوە بۆ ئەم کارەو بڕیاری پێدام. کاتێکیش کەوتمە کۆکردنەوەی سەرچاوەو زانیاریی لەسەر ناوو ناوەڕۆکی بابەتەکە، خۆم لەبەرداشی شەڕو دەمەقاڵەیەکی دورودرێژی بانگەوازی سەلەفییو نەیارو ناحەزەکانیدا دۆزییەوە، منیش ئەوەندەی پێمکرابێت، هەوڵمداوە، خستنەڕوی دەقو راستییە هزرییو مێژوییەکان بکەمە خەمی خۆمو حوکمدانو بڕیار لەسەردانیان بۆ خوێنەر بەجێبهێڵم. زۆربەی ئەو سەرچاوانەشی بەکارمهێناون زیاتر کتێبنو بەپێی پێویستیش پشتم بەگۆڤارو وێب سایت بەستوە.. بۆ دڵنیاییو متمانەی زیاتریش گەڕاومەتەوە بۆسەر ئەو بەرهەمانەی کە لەلایەن گەورە زاناو بیرمەندەکانی وەک (محمد بن عبدالوهاب)، (محمد صادق الصدر)، (عبدالرحمن الوکیل)و بیرمەندانیتری ریزی یەکەمی بیرە ئاینییەکانەوە نوسراون. لەروی نوسینو داڕشتنیشەوە بەپێی بەشەکانو داخوازیی لێکۆڵینەوەکە شێوازم

گۆڕیوەو بەشێوەیەکی گشتی ڕێبازەکانی (گێڕانەوەی مێژویی، شیکارکردن، ستایش) م بەکارهێناوەو لێکۆڵینەوەکەم بەسەر سێ بەشو تەوەرەی سەرەکیدا دابەشکردوە:

بەشـــی یەکـــەم: چەمــکو زاراوەی وەهابـــیو مێـــژوی وەهابییە ســـەلەفییەکان، روندەکاتەوە.

بەشی دوەم: گرنگترین بنەما هزرییەکانی بانگەوازی سەلەفیی لەخۆدەگرێت.

بەشی سێیەم: بەراورد لەنێوان بیری سەلەفیو شیعەو سۆفیگەریدا دەکات.

لەکۆتاییدا ماوە بڵێم، ئەم بەرهەمە هەوڵێکی سادەو بەراییەو بۆچونو هەڵهێنجانەکانی ناویشـــی دوابڕیارو کۆتا قسەی ئەم دۆسییە ئاڵۆســـکاوەنییە، کەمالو بێ هەڵەییش تەنها بۆ خوایەو دەخوازم ئەوەی دەیخوێنێتەوە چاوپۆشی لەکەموکوڕییەکانی بکات، هەرکەســـیش بۆچونێکی جیاوازتری لەوتراوەکانی ئەم لێکۆڵینەوەیە هەیە بەســـنگی فراوانو دور لەپەتاو دەردی کوشـــندەی دەمارگیریی وەریانبگرێتو لەســـەرنجەکانی خۆی ئاگادارم بکاتەوە.

هەواڵنامەی کتێب

بەشی یەکەم

مێژوی وەهابییەکانو هەلومەرجی سەرهەڵدانیان

چەمکو شوناسی وەهابی

گەڵاڵەکردنی پێناسـێک بۆ بزوتنەوەی وەهابیی سەلەفی، کارێکی هەروا سادەو سانا نییەو ئاستەنگی زۆری لەپێشدایە. هۆکاری ئەم حاڵەتە، زیاتر لەو دەمەقاڵەو ناکۆکییەوە سـەرچاوە دەگرێت کەلەنێوان مێژونوسو بیرمەندە خۆرئاوایـیو خۆرهەڵاتییەکاندا هەیـە دەربارەی کارنامەو مێژوی ئەم بزوتنەوەیە. جگە لەمەش زۆرێک لەناسـاندنە بەردەسـتەکانی ئـەم بانگـەوازە، هەڵقـوڵاوی بەرژەوەندییە جۆراوجـۆرە، ئاینیو سیاسییەکانو کەمتر پەیوەستن بەمەرجو پێودانگە زانستیو بابەتییەکان.

هەندێـک لەنوسـەرو زانا ئاینییـەکان بزاڤی وەهابـی بەڕەوتێکی «گێرەشـێوێنو ئاژاوەچی» ناوزەد دەکەن[1]. کەچی هەندێکیتر بەسەرمەشقو سەرنمای بزاڤە چاکخوازە ئاینییەکانی ڕۆژهەڵاتی ئیسـلامیی، سەردەمی نوێ دەیدەنە قەڵەم[2]. بۆچونیتر هەیە، وەهابییـەکان، لەچێوەی بزاڤێکی نەتەوەیی عەرەبیدا قەتیس دەکات[3]، هەندێکیتریش زۆر پێچەوانە دەڕۆنو بە «پاشکۆیەتیو دەستکردی ئیستیعماری ئەوروپیو ئینگلیزی» تۆمەتباریدەکەن[4].

کێشەی ناساندنی ئەم بیرکردنەوە ئاینییە سەلەفیخوازە، تەنها لەناوەڕۆکدا نییە، بەڵکە خودی ناوەکەشـی «وەهابی»، هەڵگری قەیرانو دەمەقاڵەی زمانەوانیو زانستییەو قسەو راوبۆچونی زۆری لەسەرە.

مێژونوسو شارەزا ئینسکلۆپیدییەکان، لەسەر ئەوە کۆکن، کە بنچینەو ریشەی زاراوەی وەهابـی، بۆ ناوی دامەزرێنـەرو بناغەدانەری بزوتنەوەکە: محەمـەد عەبدولوەهاب،

---

١. أحمد بن زيني الدحلان: فتنه الوهابيه، ل٣.

٢. د. عبدالوهاب الكيالي: الموسوعه السياسيه، ل٣٥٧.

٣. كارل بروكلمان: تاريخ الشعوب الاسلاميه، ل ٥٤٩.

٤. عبدالله محمد: هكذا رأيت الوهابيين، ل٧

دەگەڕێتەوە[1]. لەگەڵ ئەمەشدا نوسەرانو بیرمەندان، رەخنەیان لەسەر ئەم ناوزەدکردنە هەیەو پێیان وایە، هەڵەیەکی گەورەی زمانەوانیو زاراوەییە، چونکە ئەگەر بەم پێوەرەبێت، دەبوایە لەناونانی ئەم بزوتنەوە ئاینییەدا بەناوی دامەزرێنەرەکەیەوە بوترایە: محەمەدی، نەک وەهابی، عەبدولوەهابی باوکی محەمەد*، دورو نزیک هیچ پەیوەندییەکی بەو بزوتنەوەیەوە نەبوە[2]، بگرە، محەمەد، ماوەیەک دوای مردنی عەبدلوەهابی باوکیو لەساڵی ١٧٤٠ زاینیدا، بانگەوازو بۆچونە دانسقە ئاینییەکەی خۆی ئاشکراو بڵاوکردۆتەوە[3]. لەمەش گرنگتر، هەندێک سەرچاوەی مێژویی باس لەوەدەکەن، عەبدولوەهابی باوکی محەمەد عەبدولوەهاب، پشتیوانی بۆچونە سەلەفییەکانی کوڕەکەی نەکردوە[4]، ئەمەش زیاتر هەڵەیی ئەم ناونانەی رێبازەکە، بەناوی عەبدولوەهابەوە، ئاشکرادەکات، بەڵام ناوی وەهابی هێندە ناوێکی بەربڵاوو

١. د. عبدالمنعم الحنفی: موسوعه الفرق والجماعات والمذاهب والحرکات والاحزاب الاسلامیه، ل٦٨١ ـ ٦٨٢.

* ناوی تەواوی (ابو عبدالله محمد بن عبدالوهاب بن سلیمان)ەو لەهۆزی بەنی تەمیمی نەجدییە. لەساڵی ١٧٠٣ زاینیو لەسەردەمی میرنشینایەتی عەبدوڵڵای کوڕی موعەممەردا، لەگوندی عویەینە ـ ٧٠ کم باکوری ریازی پایتەختی سعودیە ـ لەدایکبوە. عەبدولوەهابی باوکی قازیو شەرعزان بوەو بەمنداڵی بنەماکانی شەرعزانیو قورئانو فەرمودەناسی لەسەر رێچکەی حەنبەلی بەمحەمەدی کوڕی خوێندوە. محەمەد عەبدولوەهاب، لەتافی لاویدا بۆ وەرگرتنی زانستە شەرعییەکان، سەردانی شارەکانی بەغداو بەسرەی عێراقو مەدینە، ئیحساو حورەیملای سعودیەیکردوە. هەر لەمنداڵییەوە وەک کەسێکی بیرتیژو لێهاتو ناسراوە.. سلەیمانی براگەورەی کە دانوی لەگەڵیدا ناکوڵێتو پێی قەڵەسە، دەچێتە ژێرباری ئەوەی باوکیان هەر لەمنداڵییەوە بەزەکاو توانای لەبەرکردنی محەمەد، سەرسامبوە. محەمەدی کوڕی عەبدولوەهاب، هەر لەمناڵییەوە خوی بە بەرهەمەکانی ئیبن تەیمییەی حەڕانیو ئیبن قەیمی جەوزییەوە، گرتوەو پێیان کاریگەربوە. دەگێڕنەوە کە محەمەدی کوڕی عەبدولوەهاب، بەشێوەیەکی رۆژانە کۆڕی وەعزوو وتاردانی لەمزگەوتەکاندا دەگێڕاو خاوەن ١٤ بەرگ دانراوو بەرهەمی جیاجیایە لەبوارە جۆربەجۆرەکانی شەرعزانیدا. بۆ زیاتر بڕوانە:
أحمد بن حجر ال بوطامی: الشیخ محمد عبدالوهاب عقیدته الاصلاحیه ودعوته السلفیه ل١٥

٢. عامر عبدالله فالح: معجم ألفاظ العقیده، ل ٤١٢، هەروەها السید محسن الامین: کشف الارتیاب فی أتباع محمد بن عبدالوهاب ل١٢

٣. جعفر السبحانی: مع الوهابیین فی خططهم وعقائدهم، ل١٤.

٤. السید محسن الامین: کشف الارتیاب، ل١٤

ناســراوە هیچ لێکۆڵەرێک ناتوانێت، فەرامۆشــی بکات، هەرچەشــنە هەوڵدانێکیش بۆ راســتکردنەوەی ئەم هەڵەیــەو بەکارهێنانی ناوی راســتەقینەی وەهابییەکان کە «ســەلەفی» یان «بانگەوازی یەکتاپەرســتی» یە، بۆ ئەم رەوتە ئاینییە، خوێنەر بەهەڵەدا دەبات، بۆیە لەم لێکۆڵینەوەشــدا بەناچــاری زۆرجار ناوی وەهابی بۆ ئەم رەوتە سەلەفییە بەرچاودەکەوێت.

تائێســتا بۆ مێژونوسان ســاغ نەبۆتەوە، کێ یەکەمجار ناوی (وەهابی) لەبانگەوازی سەلەفیانەی محەمەدی کوڕی عەبدولوەهاب، ناوە. بەڵام مەرجلیوسی رۆژهەڵاتناس، کە یەکێکە لەئامادەکارانی ئینســکلۆپیدیای ئیســلامیی ئاماژە بەوەدەکات، نەیارانی محەمەد عەبدولوەهاب، ئەم ناوەیان لەبزوتنەوەو بانگەوازە سەلەفییەکەی ناوبراو ناوە[1].

ئەوەی بۆچونی ئەم رۆژهەڵاتناســە پشتڕاســتدەکاتەوە، بێزاریی لایەنگرانی محەمەد عەبدولوەهابە، لەم زاراوەیە، بەجۆرێک لەلایەن گەورە رێبەرە سەلەفییەکانەوە، وەک تۆمەتو ناوزڕاندن ئەژماردەکرێت[2]. بەڵام بەکارهێنانی ئەم زاراوەیە هێندە بەناوبانگو بــڵاوە، هەندێکجار ســەلەفییەکانیش خۆیان، ناچارن دانی پێــدا بنێن، ئەوەتا مەلا عیمران حیجازی، کە پیاوێکی ئاینی شــیعەبوەو دواتر بۆتە ســەلەفی، دەڵێت « ان كان تابع احمد متوهبا فانا المقر بانني وهابي»، واتە: ئەگەر شوێنکەوتنی ئەحمەد ـ مەبەست پێغەمبەرە (صلى الله عليه وسلم) ـ وەهابیبون بێت ئەوە من جاڕدەدەم، وەهابیم. هەندێکیتریان لەچەشــنی شــێخ محەمەد تەقی ئەلهیلالی کە زانایەکی ســەلەفییە، هەوڵــدەدات، مانایەکیتر بــۆ ناوی وەهابی بدۆزێتەوەو دەڵێت «نســبوا إلى الوهاب خير عباده يا حبذا نســبي إلى الوهاب» واتە: باشــترین کەسیان داوەتە پاڵ وەهاب، چەند خۆشــە بمدەنە پاڵ وەهاب. مەبەستی ئەوەیە محەمەد عەبدولوەهابیان داوەتە پاڵ وەهاب کە یەکێکە لەناوەکانی خوداو ئەمەش مایەی خۆشــحاڵییە. بەمدواییانە، هەندێک دەقی شــیعریی کەوتونەتە دەســت لێکۆڵەرانو مێژونوسانو دەیسەلمێنن، زاراوەی وەهابــی، ناونانــی نەیــارانو رکەبەرەکانی محەمــەد عەبدولوەهابە لەدژی بزوتنەوەکەی. ئەم بەڵگەنامانە ئاماژەی ئەوەش بەدەســتەوە دەدەن، ناوی وەهابی، لەدەمی سەرهەڵدانو چالاکیی بزوتنەوەکەشدا هەر هەبوەو ناونانێکی نوێ نییە[3].

١ـ أبو مسعود الندوی: محمد بن عبدالوهاب مصلح مظلوم ومفتری علیه، ل ٣١٧.

٢ـ د. عبدالله عبدالمحسن الترکی: مقدمه شرح العقیده الطحاویه، ل٣٩.

٣ـ سلیمان بن سحمان النجدی: الهدیه السنیه والتحفه الوهابیه النجدیه، ل١١٠.

هەندێــک لەشــارەزایانی ئەم بیــرە، ئاماژە بەوەدەکەن، نوســەرانو مێژونوســان، بۆیە نــاوی (محمدی) یان بۆ بانگــەوازی محەمەد عەبدولوەهــاب، بەکارنەهێناوەو بزوتنەوەکەیــان داوەتە پاڵ عەبدولوەهابی باوکی، بۆ ئــەوەی بزوتنەوەکەی ناوبراو لەگەڵ شــوێنکەوتوانی یەکەمی ڕێبازی محەمەدی پێغەمبەری ئیسلام(صلى الله عليه وسلم) دا جیابکەنەوە[1]. بەڵام هەندێک گەڕیدەو گەشــتیاری خۆرئاوایی تێبینی لەمجۆرەیان لەبەرچاو نەگرتوەو لەیاداشــتنامەو سەفەرنامەکانیاندا، ڕێبازو شێوزای بیرکردنەوەی وەهابییەکانیان بەڕێبازی محەمەدی ناوبردوە [2].

هەوادارانــی محەمەد عەبدولوەهــاب، لەبری ناوی وەهابی، کەیف خۆشــن بە ناوی (سەلەفی)، واتە: شوێنکەوتوانی پێشینو (موحدین)، واتە: یەکتاپەرستان ناوببرێن[3]، خۆشــیان لەبەرهەمو گوتارەکانیاندا، زیاتر وەک شوێنکەوتەی پێشین (سلف) باس لەڕێبازی خۆیان دەکەنو بەمە خۆیان بەخەڵکی موسوڵمان، دەناسێنن.

بەڕای مێژونوســانو شارەزایان، میسرییەکانو تورکە عوسمانییەکان ڕۆڵی بەرچاویان هەبوە لەدابڕینی ناوی وەهابی بەســەر بزوتنەوەو بانگەوازی محەمەد عەبدولوەهابدا. واش دەردەکەوێت، هەردولا مەبەستیان ئەوەبوە، بەهۆی زاراوەو ناوی نامۆی (وەهابی) یــەوە لەنێو قوتابخانە شــەرعزانییەکانی ئیســلام، قوربو بۆچونەکانــی بزوتنەوە سەلەفییەکەی محەمەد عەبدولوەهاب، لای ڕای گشتی موسوڵمانان، لەکەدارو قێزەون بکەن، چونکە لەگەڵ خواســتو ئەجێندای ئەواندا ویکنەدەهاتەوەو بگرە وەک دواتر ڕونیدەکەینەوە، لەچەند تەورەیەکدا دژیان دەوەستایەوە.

بەهەرحاڵ، وەک وتراوە ناو، هیچ پەیوەندی بەناوەڕۆکەوە نییەو ئەم دەمەقاڵەی لەسەر ناوی ئەم بانگەوازو بیرە ســەلەفییە هەیە، بەرکولێکو شــتێکی سادەیە لەچاو ئەو هەراو کێشمەکێشەی کە لەسەر شوناسو شەرعیەتو نێوەڕۆکی خودی بیروبۆچونەکە، لەئارادایەو لەنێو سەرچاوە ئاینیو مێژوییە هاوچەرخەکاندا، بەرچاو دەکەوێت.

هەر یەک لە (نیبور)و (زویمەر) ی سەردەستەی مژدەدەرەکانی مەسیحی لەڕۆژهەڵات، بەجیا، قوتابخانەی محەمەد عەبدولوەهابیان بە «ئاینو ئاینزایەکی نوێو سەربەخۆ»،

---

١. ابو مسعود الندوی: هەمان سەرچاوەی پێشو، ل ٨٧.

٢. الامیر شکیب ارسلان: ملحق تأریخ ابن خلدون، ل ٧٧، وەرگیراو لە ابو مسعود الندوی: هەمان سەرچاوەی پێشو، ل ٨٧

٣. د. عبدالله عبدالمحسن الترکی: هەمان سەرچاوەی پێشو، ل ٤٠.

شرۆڤەو باسـکردوە[1]. هەندێکیشتریش وەک ئاینزای پێنجەمی ئەهلی سوننەو لەدوای ئاینزاکانی شافیعی، مالیکی، حەنەفی، حەنبەلی، پۆلێنی دەکەن[2]. بەڵام هیچ کام لەم شـوناسو پۆلێنانە بەلای پێشـەواو رێبەرەکانی بیری وەهابییەوە، قابیلی قبوڵکردن نییە.. ئەوان سـورن لەسەر ئەوەی خۆیانو رێبازەکەیان بە درێژەپێدەرو تەواوکەری بانگەوازو رێبازی ئەهلی سـوننەو رێبازی پێشـینانی چاخە بەراییەکانی ئیسـلام، بناسێننو لەقەڵەمبدەن. چونکە پێغەمبەر (صلى الله عليه وسلم)، لەفەرمودەیەکی دروستدا، فەرمویەتـی «خیـر الناس قرنی ثم الذیـن یلونهم، ثم الذین یلونهـم». بەم پێیەش پێغەمبەر(صلى الله عليه وسـلم)، تەنها شایەتی چاکەی بۆ سێ نەوەی یەکەمی موسوڵمان داوەو تەنها تەزکیەی ئەم سێ نەوەیەی کردوە[3].

کۆباسی ئەو بۆچونانەی تائێستا لەسەر پێناسی بزاڤی وەهابی تۆمارکراونو لەئارادان، لەسـەر ئەوە کۆکـن، وەهابییەکان، بزاڤێکی ئیسـلامی سـەلەفیی موحافیزکارن.. بانگەشـەی گەڕانەوە بۆ ئیسلامی رەسـەن دەکەن. ئەم ئیسلامەش بەلای ئەوانەوە مەرجە بەپێی تێگەشـتنی پێشینانی ئیسـلام بێت لەدەقەکانی قورئانو سوننەت[4]. ئامانجی راگەیەنراوو ئاشـکرای ئەم بانگەوازە، پاکژکـردنو بژارکردنی عیبادەتەکانی ئیسلامە لەو زیادانەی پاشینە موسوڵمانەکان، پێیانەوە لکاندوە. لەسەرو ئەمەشەوە، ئامانجی سـەلەفییەت، تایبەتکردنی هەمو چەشنە پەرستنو هیوایەکە، تەنیا بەخوای تاکو بەدورگرتنی خودایە لەهەمو چەشنە شەریک بۆدانانو رەتکردنەوەی بونی هەمو جۆرە نێوانگرێکی گریمانکراوە، لەنێوان خواو بەندەکانی خۆی[5]. سەلەفییەکان هێندە دژی سـەرقاڵبونی خەڵکن بەنێوانگرە گریمانکراوەکانی نێـوان بەندەکانو خوداوە، رێـگا نادەن خەڵک پێغەمبەرانو پیاوچاکـە نێودارەکانیش بکەنە جێگای رازو نیازو پاڕانـەوەو تکای خۆیـان[6]. بەڕای ئەوان دەبێت هەمو عیبادەتـەکان، تایبەت بکرێن بەخوداو لەمەشـدا چەندین دەقی ئاشـکراو راشـکاوی قورئانو فەرمودەی دروست،

١ـ ابو مسعود الندوی: محمد بن عبالوهاب، ل ١٦٥.

٢ـ محمد بن جمیل زینو: منهاج الفرقة الناجیة والطائفة المنصورة، ل ٤٨.

٣ـ بڕوانە أبی عبدالله عامر بن عبدالله فالح: معجم ألفاظ العقیده، ل٤٤١.

٤ـ د. عبدالوهاب الکیالی: الموسوعه السیاسیه، ل ٣٥٧ ـ ٣٥٨.

٥ـ الندوه العالمیه للشباب الاسلامی: الموسوعه المیسره فی المذاهب والادیان المعاصره، ل ٤٥.

٦ـ أحمد بن زینی دحلان، فتنه الوهابیه، ل٥.

دەکەنە بەڵگەو پاســاو، کە لەبەشی دووەمی ئەم لێکۆڵینەوەیەدا ئاماژە بەهەندێکیان دەکەین.

هیچ ناکۆکییەکی ئەوتۆ لەئارادانییە لەسەر ئەوەی، محەمەد عەبدولوەهابی نوێکەرەوەی بیری سەلەفی، لەنیوە دورگەی عەرەب، شەرعزانێکی سەر بە ئاینزای حەنبەلییە[1] *. ناوبراو، لەیەکێک لەنوســینەکانیدا راشکاوانە گوزراشت لەم راستییە دەکاتو دەڵێت «ئاینزای ئێمە، ئاینزای ئیمام ئەحمەدی کوڕی حەنبەلی پێشــەوای ئەهلی سوننەیە. لاریمــان لەشــوێنکەوتوانی ئاینزاکانیتریش نییە، ئەگــەر بۆچونەکانیان پێچەوانەی دەقی قورئانو فەرمودەو کۆڕای زانایانی ئیســلام نەبێــت»[2]. ئەو بەرهەمە فیقهیو شەرعناسیانەشی لەمحەمەد عەبدولوەهابەوە بەجێماون، تێکڕا لەسەر ڕێسا باوەکانی ئاینزای حەنبەلی نوسراونو ئەم مەزهەبەیان کردۆتە سەرچاوەو مەرجەع. تائێستاش هیچ نوســینو بەرهەمێکی محەمەد عەبدولوەهاب، دەســت لێکۆڵەران نەکەوتوە کە بۆنی ئەوەی لێ بێت ناوبراو، هەوڵیدابێت مەرجەعیەتێکی نوێو ســەربەخۆی فیقهی دامەزرێنێت، بەڵکە بەعەقیدە سەلەفیو بەمەزهەب حەنبەلی بوە. ئەمەش بەرپەرچی ئەو بۆچونە دەداتــەوە کە پێی وایە قوتابخانەو بانگەوازی وەهابی ئاینزای پێنجەمی سوننەکانو لەچوار ئاینزاکەیتری سوننە سەربەخۆیە.

ئیمــام ئەحمەدی کوڕی حەنبــەل، کە محەمەد عەبدولوەهاب، کردبویە ســەرچاوەو مەرجەعی ئاینییو شــەرعیی بانگەوازەکەی، کەڵە زانایەکی دژەباوی سەردەمی خۆی بوەو ســەرباری ئەشــکەنجەدانی زۆری، بەهەمو توانایەک، بەگژ گوتاری خەلافەتو

١. جعفر السبحانی: مع الوهابیین، ل١٥. هەروەها د. عبدالکریم رافق: المشرق العربی فی العهد العثمانی، ل٢٤٨ - ٢٥٠.

* ئاینزای حەنبەلی، چوارەم ئاینزای ئەهلی سوننەیەو لەسەردەستی ئەحمەدی کوڕی حەنبەل، دمەزراوە. بنەماکانی ئەم ئاینزایە بریتین لەدەقی قورئان، سوننەت، فەتوای هاوەڵانی پێغەمبەر(صلی الله علیه وسلم)، قیاس. ئەحمەدی کوڕی حەنبەل لەساڵی ١٦٤ کۆچی لەبەغدا لەدایکبوەو ساڵی ١٨٧ کۆچی لەبەردەســتی ئیمام شافیعی پلەی پێشەوای وەرگرتوەو دەستیکردوە بەفەتوادان.
بڕوانە:
ابو الحسن علی الحسنی الندوی: رجال الفکر والدعوه فی الاسلام ل١٢٥ - ١٣٠، المنجد فی اللغه والاعلام ل٦- ٧.

٢. عبدالعزیز زید الرومی وآخرون: مولفات الشیخ الامام محمد بن عبدالوهاب، القسم الخامس، الرسائل الشخصیه، ل١٠.

موعتەزیلـــەدا چۆتەوە کە ئەیانوت، «خودا ســـیفەتی قســـەکردنی نییەو قورئانیش مەخلوقو دروستکراوە» . ئیمام ئەحمەد، راڤەکردنی فەلسەفیانەی یۆنانیانەی بۆ باسو بابەتەکانی عەقیدەی ئیسلامیی رەتدەکردەوەو لەم بۆچونەشدا، تەنها چەند کەسێکی کەمی ســـەردەمەکەی پشـــتگیرییان لێکردوە . ناوبراو، جگە لەشـــەرعزانیی زانایەکی فەرمودەناســـیش بوەو چل هەزار فەرمودەی لەدوتوێی (المســـند) دا کۆکردۆتەوە . لەماوەی ژیانیشـــیدا (٧٨٠ ـ ٨٥٥ زاینی)، لەســـەر دەســـتی خەلیفەکانی عەباسی: مەئمون، موعتەســـەم، واسیق، لەسەر بۆچونە ســـوننەتیو دەقگەراییەکانی دوچاری ئەشـــکەنجەو زیندانکردنو ئاوارەیی بۆتەوە .. دوو ســـاڵو چـــوار مانگی ژیانی لەنێو تاریکاییو خەموژانی گرتوخانەدا بەســـەربردوە، جارێکیان بەدیارچاوی خەڵکەوە، ٨٠ شـــوڵی قایمی لێدراوەو تامردن بەدەم ئازاری ئەم ئەشـــکەنجانەوە تلاوەتەوە، بەڵام ئامادەنەبوە ســـازش لەبۆچونەکانی بکاتو تا گیان سپاردن هەر لەسەر جێگیرکردنی ســـیفات بۆ خودا ســـوربوەو دژ بەهەژموونی فەلسەفە بەسەر بیروباوەڕی ئیسلامیدا، وەستاوەتەوە . ساڵحی کوڕی ئیمام ئەحمەد دەگێڕێتەوە، کاتێک کە خەلیفەی عەباسی زانا ئاینییەکانی ناچارکردوە، تەفســـیری فەلســـەفی بۆ قورئان پەسەندبکەنو بڵێن «قورئان دروســـتکراوی خوایە نەک قســـەو کەلامی خوا»، تەنها باوکیو محەمەدی کوڕی نوح، ملیان بۆ ئەم وتەیە نەداوە، لەســـەر ئەمەش لەزیندان توندکراونو لەوێ بەشمقاوو شوڵ ئەشکەنجە دراون، بەڵام هەر لەسەر قسەی خۆیان سوربون. جارێکیان نوێنەرەکەی خەلیفە بەئیمام ئەحمەدی وتوە: ئەگەر شمشێرت لێ راکێشین بەبۆچونی موعتەزیلە رازی دەبیت؟ ئەویش وتویەتی: نەخێر شمشـــێریش لەسەر گەردنم دابنێن لەقسەی خۆم پەشـــیمان نابمەوە . هەروەها سەرچاوە مێژوییەکان دەگێڕنەوە، ئیمام ئەحمەد لەبەردەم خودی خەلیفە موعتەســـەمدا بوێرانەو بێ منجەمنجکردن داکۆکیی لەبۆچونەکانی خۆی کردوە، خەلیفەش فەرمانیکردوە، شەلاق بدرێت، بەڵام شەلاقدانو ئەشکەنجەدان زەرەیەک کاری تێنەکردوەو هەر لەسەر باوەڕی خۆیو راڤەی سەلەفیانەی قورئانو لەســـەر جێگیرکردنی سیفاتی قسەکردنو بیســـتنو بینینو....هتد . بۆ خوا سوربوە[1] . دەگێڕنەوە، کاتێک جەللادەکانی خەلیفە، یەکەم شەلاقیان لەئیمام ئەحمەد داوە، هاواریکردوە: بەناوی خوا . دوای دوەم شەلاق وتویەتی: لاحول ولاقوە الا بالله، لەدوای سێیەم شەلاق هاواریکردوە: قورئان، فەرمودەو وتەی خوایەو دروستکراو نییە .

١ـ جلال الدين عبدالرحمن السيوطى: تأريخ الخلفاء، ل٣١٢. هەروەها سيره الامام أحمد بن حنبل: صالح بن أحمد بن حنبل.

لەدوای چوارەم شـــەلاقیش ٖوتویەتی: جگە لەوەی خوا بۆی نوسیبین توشمان نایە..
«قُلْ لَنْ يُصِيبَنَا إِلاَّ مَا كَتَبَ اللَّهُ لَنَا». التوبة :٥١.
ئەبوحەسەنی ئەشعەریی لەکتێبەکانی (الابانه)و (مقالات الاسلاميين) دا رونیدەکاتەوە، پوختەی بۆچونی ئیمام ئەحمەد، لەسەر دو کۆڵەکە بنیاتنراوە، یەکەم: شوێنکەوتنی دەقەکانی قورئانو فەرمودەی پێغەمبەر(صلى الله عليه وسـلم)، دوەم: شـــوێنکەوتنی وتەو هەڵوێســـتی سەحابەو پێشەوا فەرمودەناســـەکان. ئەبو حەسەن، کە پێشتر چەندین ســـاڵ نەیاری بیرکردنەوەی ئیمام ئەحمەد بوە، پاش ئـــەوەی لەبۆچونە عەقڵانییو فەلسەفییەکانی پاشـــگەزبویەوەو بەرەی موعتەزیلەو ئەشـــعەرییەکانی بەجێهێشت، کەوتە ستایشکردنی ئیمام ئەحمەدو لەتاریفیدا دەڵێت «ئیمامی زێدە بەڕێزو سەرۆکی گەورە.. خودا راســـتی پێ رۆشـــنکردەوەو تاریکیو گومڕایی پێ لەناوبرد.. پشـــتی بیدعەچییەکانی شـــکاندو رێبازی ئیســـلامی رۆشـــنکردەوە....». هەروەها لالەکائی لە (شرح أصول السنه) دا دەگێڕێتەوە کە ئیمام ئەحمەد، وتویەتی «بنچینەی سوننەت لای ئێمە، شـــوێنکەوتنی ســـەحابەکانو وازهێنانە لەبیدعە، چونکە هەمو بیدعەیەک گومڕاییە».
ئیمام ئەحمەد، تێڕوانینی شـــەرعزانیی خۆی لەسەر کۆمەڵێک سەرچاوە بنیاتناوە کە بریتین لە: قورئان، فەرمودەی پێغەمبەر(صلى الله عليه وسـلم)، تێگەشتنو رای سەحابەو زانایانی پێشین. بەم هۆیەشەوە قوتابخانەکەی بە نزیکترین ئاینزای ئیسلامی لەدەقەکانی قورئانو فەرمودەوە، ناوبانگی دەرکردوە. ئیمام ئەحمەد، هێندە پەیوەســـتو هۆگری دەقە، زۆر بەدەگمەن لەپرسەکانی پەیوەست بەعیبادەتدا پەنا بۆ قیاس دەبات. لەهەر بوارێکیشدا فەتوای سەحابەو تابعینو زانایانی پێشینی دەستکەوێت، وەک خۆیو چۆن پێی گەشـــتوون، پەیڕەوییان لێدەکاتو هیچ راوبۆچونێکی تازەی خۆی ناخاتەســـەر، چونکە پێی وابو ماقووڵ نییە خەڵک بەگوێرەی راوبۆچونو قیاس، خواپەرستی بکەن. بەڵکە دەبێت شوێن سوننەتو دابو دەستوری پێشینانی ئیسلام بکەونو تاڵەمویەک لێیان لانەدەن. لەیەکێک لەراســـپاردەکانیدا بـــۆ عەبدولرەحمانی کوڕی مەیمون، کە شـــەرعزانێکی هاوچەرخی خۆیەتی، نوسیوتی «نەکەی لەخۆتەوە شتێک بڵێیت، هیچ پێشەوایەک بەرلەتۆ نەیانوتبێت». ئیمام ئەحمەد لەبۆچونەکانیدا دەربارەی عیبادەت، ئـــەو فەرمودانەی پێغەمبەر(صلى الله عليه وسـلم)، لەبەرچاودەگرێت کە دەفەرمون «صلوا كما رأيتموني أصلي» واتە: من چۆن نوێژ ئەکەم، ئێوەش ئاوەها بیکەن. «خذوا عني مناســـككم» واتە: رێوشـــوێنی حەجکردنتان لەمن وەرگرن. رەنگە لەم میانەیەشدا،

هەندێـــک کەس خەیاڵیان بۆ ئەوە بچێت، وابەســـتەیی زۆری ئیمام ئەحمەد، بەدەق‌و رای زانایانی پێشـــین‌و دورەپەرێزگرتنی لەداهێنانکاریی ئاینیـــی، لەکەمی زانیاریی‌و لاوازییەوە، ســـەرچاوەیگرتبێت.. بەپێچەوانەوە، ئیمام ئەحمەد، زاناترین شـــەرعزانی دەوروبەرەکەی‌و بەغدا بوە، بەڵام رێبازی پەسەنکراوو هەڵبژاردەی ئەو، شوێنکەوتنی پێشینانەو لەچەندین سەرچاوەدا هاتوە کە ئیمامی شافیعی لەبارەیەوە وتویەتی «من بەغدام بەجێهێشت، کەسی باشترو شارەزاترو شەرعزانتری لەئەحمەدی کوڕی حەنبەل تێدا نەبـــو». هەروەها ئیبن جەوزی دەگێڕێتەوە: ئیمـــام ئەحمەد بەکوڕەکەی وتوە «فەرمودەم بۆ بخوێنەوە، تا من سەنەدەکەیت پێ بڵێم.. سەنەدم بۆ بخوێنەرەوە تا من فەرمودەکەیت پێ بڵێم».

ســـەلەفییەکان هەمان جیهانبینی‌و تێڕوانینە ســـونەتییەکانی ئیمام ئەحمەدو لەدوای ئەویش ئیبن تەیمیەو زانا سەلەفییەکانیتری ئاینزای حەنبەلی درێژە پێدەدەن[1]، کۆی بۆچون‌و بیردۆزی ئاینیی شوێنکەوتوانی محەمەد عەبدولوەهاب، لەمێژوی کۆن‌و نوێدا، لەراڤەکردن‌و رونکردنەوەی بۆچونە ئاینییەکانی ئاینزای حەنبەلی‌و بۆچونەکانی ئیبن تەیمیە، بەولاوە هیچیترنییە[2].

ئیبن تەیمیەی مامۆســـتای دووەمی ســـەلەفییەت کە محەمەد عەبدولوەهاب، هێجگار پێی سەرســـام بوە، «کەڵە زانایەکی بێ وێنەی نێو مێژوی ئیســـلامە«. ئەم زانا کە بەبنەچە کوردی رۆژئاوای کوردســـتانە، بەهەمانشـــێوەی ئیمام ئەحمەد، لەسەدەی حەوتەمی کۆچیدا، لەوڵاتی شـــام، شۆڕشـــێکی گەورەی ئاینی‌و مەعریفی بەرپاکردوە کە نێوەڕۆکەکەی چەســـپاندنی یەکتاپەرســـتی‌و بەگژاچونەوەی شـــێوازی پەرستن‌و بیرکردنەوەی سۆفیگەریی‌و شیکاری فەلســـەفیانەی دەقە پیرۆزەکانی ئیسلام بوە[3].

ئیبـــن تەیمییە، نەک هەر سەرســـەختانە داکۆکی لەگەڕانەوە بۆ کلتوری ســـەحابەو تابعین‌و شوێنکەوتوانی تابعین، کردوە، بەڵکە هێرشی توندو یەکلاکەرەوەشی کردۆتە ســـەر نەیارانی بیری سەلەفی‌و خاڵی لەســـەر پیتەکان داناوە. بەهەمانشێوەی ئیمام ئەحمەدیش، لەســـەر ئەم هەڵوێستو بۆچونە ســـوننەتیانەی لەشارەکانی دیمەشق‌و

---

١. کارل بروکلمان: تاريخ الشعوب الاسلاميه، ل٥٤٩.

٢. ٢٦. موسى بن عبدالله آل عبدالعزيز: اضواء على دعوه محمد بن عبدالوهاب، مجله السلفيه العدد ٢، الرياض ١٤١٧ ە، ل ٩٠ ـ ٩٨.

٣ــ بڕوانە: أبي الفلاح ابن عماد الحنبلي: شذرات الذهب في انباء من ذهب، ل٨٣ ـ ٨٥.

قاهیــرە، خراوەتە نێو زیندانو ڕۆژگارەکانی کۆتایی ژیانیی بەنەخۆشــیو هیلاکیی لەنێو گرتووخانەی قەڵای دیمەشقدا بەسەربردوە، تا ڕۆژێک کە پاسەوانەکان دەرگای گرتوخانەکەیان کردەوە، دەبینن دەمێکە گیانی سپاردوە. بەرهەمەکانی ئیبن تەیمیە، لەدەیان کتێبو فەتواو نامەو ڕونکردنەوە پێکدێن، ناوبراو، هێندە وردبۆتەوە لەشیکاری پرسو بابەتە عەقیدەییەکاندا بواری بۆ لێکدانەوەی زیاتر نەهێشتۆتەوەو بەشێوەیەکی بەربڵاو لەنوســینەکانیدا زاراوەی «ســەلەف»، «ڕێبازی سەلەف»، «بیرکردنەوەی سەلەف»ی بەکارهێناوە.. بەگژ بنەماکانی خواپەرستی سەردەمی خۆیدا چۆتەوە کە لەســۆفیگەریو فەلسەفەکاریو داهێنانی عیبادەتدا خۆی بینیوەتەوە. ئیبن تەیمییە، پوختەی ڕێبازی کارکردنو بیرکردنەوەی خۆی لەدێڕێک هەڵبەســتدا کۆکردۆتەوە کە دەبێژێت: «وکل خیر فی اتباع من سلف::: وکل شر فی ابتداع من خلف»، واتە: هەمو چاکەیــەک لەشــوێنکەوتنی پێشــیناندایە:::هەمو خراپەیەکیــش لەبیدعەی پاشــیندایە، نێوەڕۆکی کۆی بەرهەمەکانی ناوبراو، بریتییە لەچەسپاندنی تێگەشتنی ســەلەفو پێشینان بۆ بیروباوەڕی ئیســلامیو بەگژاچونەوەی پەنابردن بۆ گۆڕو بۆ پیاوچاکان، دیارترین بەرهەمەکانیشی بریتین لە:

١- (درء تعارض العقل والنقل) کە ڕەتکردنەوەی بۆچونی فەیلەسوفانو بەرپەرچدانەوەی فەخرەدین ئەلرازییە.

٢- (منهاج السنه النبویه) کە تێیدا خاڵ بەخاڵی باوەڕی شیعەی داوەتە بەر ڕەخنەو بەبەڵگەو سەلمێنراوی شەرعیی هەڵیوەشاندونەتەوە.

٣- (بیــان تلبیس الجهمیه) تێیدا بەگــژ هەمو ئەو بۆچونو لێکدانەوانەدا چۆتەوە کە لەگەڵ تێگەشــتنی پێشینانی ئیسلامو ڕێبازی ســەلەفیدا ناکۆکن، پاش وردبونەوەی زۆریــش لەلۆژیکو مەنتیقی یۆنانــی، جەختی کردۆتەوە کە هیچ ســودو قازانجێک لەلۆژیکو زانســتی مەنتیقدا نییە، لەمبارەیەشــەوە کتێبە بەناوبانگەکەی (الرد علی المنطقیین) ی داناوە. د. موحسین عەبدولحەمید، لە (نوێکردنەوەی بیری ئیسلامی) دا لەبارەی کارنامەو شۆرشە ئاینییەکەی ناوبراوەوە، دەڵێت «خوا ویستی وەهابو، لەسەر دەستی کەڵەپیاوێکی وەک ئیبن تەیمییە، ئەم ئاینە پاکەی خۆی جارێکیتر لەو هەمو فەرهەنگو کەلتورە چەواشەکارانە ڕزگاربکات کە ڕیشەیان دەگەڕایەوە بۆ چەرخی بت پەرســتی». هەروەها ناوبراو پێی وایە «لەسەراپای مێژوی ئیسلامیدا زانایەکیتری بوێرو شارەزای وەک ئیبن تەیمییە دەست ناکەوێت»، هەر بۆیە ئەڵێ «ئیبن تەیمییە توانی جارێکیتــر ئەم بیروباوەڕە بکێشــێتەوە بەدەقە قورئانیو ســوننەتییەکانداو

لەچوارچێوەی کۆمەڵە ڕێسایەکدا کە زانایانی ئیسلام لەسەری یەکدەنگ بون بخاتەوە بەردەستی موسوڵمانان».

کاریگــەری ئیبن تەیمیەو ئیبن ئەلقەیمی خوێندکاری بەســـەر بزاڤــی وەهابییەکانی نەجـــدەوە، هێجگار بەرفراوانو قوڵە، بەجۆرێــک محەمەد عەبدلوەهاب، لەبارەی ئەم پەیوەندییەوە دەڵێت «هەردو پێشـــەوا ئیبن ئەلقەیمو ئیبن تیمیەی مامۆســـتای، دو ڕێبەری ڕاستەقینەی ئەهلی سوننەنو لای ئێمە کتێبەکانیان، پڕبایەخترین سەرچاوەو بەرهەمــن»[1]*. وەک لەتوێژینەوە بەراوردکارییەکانیشـــەوە دەردەکەوێت، لێکچونو نزیکییەکـــی لەڕادەبەدەرو زۆر لەنێوان نوســـینو بۆچونەکانی محەمەد عەبدولوەهابو ئیبن تەیمیەدا، هەیە[2].. تائێســـتا نەبیســـراوە هیچ نوســـەرێکی ئاینیو شەرعزانێکی هاوچـــەرخ، وەک محەمـــەد عەبدولوەهاب، تێزو بۆچونەکانی ئیبـــن تەیمیەی، ڕاڤەو جێبەجێ کردبێ[3]، بۆیە زۆرێک لەشـــارەزایانی بیری ئیسلامی پێیان وایە، جیاوازی

---

١. سلیمان بن سحمان النجدی: هەمان سەرچاوەی پێشو، ل ١١٥ ـ ١١٧.

* ناوی محەمەدی کوڕی ئەبوبەکر ئەیوبەو لە٦٩١ ک، لەشـــاری دیمەشـــقی پایەتەختی ســـوریا لەدایکبـــوەو یەکێکە لەنێودارترینو ناســـراوترین خوێندکارەکانی ئیبن تەیمیە. ئیبن قەیم، جگە لەئیبن تەیمیە لای گەورە زانیانی حەنبەلی خوێندویەتیو لە٧٥١ ک، کۆچی دواییکردوە.

٢. بڕوانە بەرهەمەکانی محەمەد عەبدولوەهاب: مســـائل الجاهلیە، کتاب التوحید، کشف الشبهات، کە بەئاشکرا لەژێر کاریگەری فەتواو بۆچونە ئاینییەکانی ئیبن تەیمیەدایە

٣. د. عبدالکریم رافق، المشرق العربی فی العهد العیمانی، ل٢٩.

* ناوی شـــیخ الاســـلام تقی الدین احمد بن عبدالحلیم بن عبدالســـلام بن تیمیە یە، لەدایکبوی ٦٦١ ک، گوندی حەڕانی کوردســـتانی سوریایە. لەتەمەنی منداڵیو لەترسی شاڵاوەکانی مەغۆل لەگەڵ خێزانەکەیدا کۆچیکردوە بۆ دیمەشـــق. باوبو باپیرانی ئیبن تەیمیە شـــەرعزانو موفتی حەنبەلی بونو ســـودی زۆریان بـــە ئیبن تەیمیە گەیاندوەو بەم هۆیەوە لەتەمەنی ١٩ ســـاڵیدا پلەی موفتی دیمەشـــقی وەرگرتوە. ناوبراو سوارچاکی زانسەکانی قورئان، فەرمودە، شەرعزانی، گەردونناســـی، لۆژیک، فەلسەفە، بیرکاری، تەفسیری قورئان، مێژوو.....هتد. بوەو لەکۆی ئەم کایە مەعریفیانەدا نوســـراوی هەیە. نزیکەی ٣٠٠ بەرگ بەرهەمو نوســـراوی جۆربەجۆری هەیەو لە ٦٩٩ ک، ســـەرۆکایەتی وەفدی دیمەشـــقی کردوە بۆلای قازان خانی مەغۆلو لە ٧٠٢، بۆتە فەرماندەی ســـوپا بۆ موقاوەمەکردنی مەغۆلو لە٧٢٨ک، لەنێو قەڵای دیمەشـــقو لەبەندیخانەدا کۆچـــی دواییکـــردوە. بۆ زیاتر بڕوانە: زیـــن الدین مظفر عمر ابن الـــوردی: تأریخ ابن الوردی، ج٢،ل٢٧٤. هەروەها أبی الفلاح عبدالحی ابن عماد الحنبلی: شذرات الذهب، مجلد٣، ل ٨٣ ـ ٨٥.

نێوان بانگەوازی ســـەلەفییانەی محەمەد عەبدولوەهابو ئیبن تەیمیە*، تەنها سەدەو ســـەردەمو ژینکەی سیاســـیو کۆمەڵایەتییە، چونکـــە ئیبن تەیمیـــە لەژینگەیەکی شارستانیی وەک دیمەشقو لەدەمی شاڵاوەکانی مەغۆلدا بانگەوازی بۆ سەلەفیگەریی دەکرد، بەڵام محەمەد عەبدولوەهاب، لەژینگەیەکی بیابانییو لەســـەردەمی دەسەڵاتی تورکە عوسمانییەکاندا، کەوتە جموجوڵو بانگەوازو لایەنگر پەیداکردن.

پـــاش ئەم گـــوەزەرە خێرایـــەش بەپاشـــخانی فیکریـــی محەمـــەد عەبدولوەهابو بانگەوازەکەیدا، بەشێوەیەکی گشتی، دەکرێت بڵێین: بیری وەهابیی شۆرشێکی ئاینی گەورەو تێڕوانینێکی پشـــت ئەســـتورە بەبیروباوەڕی پێشـــینانی ئیسلامو پێی وایە: چاکســـازی ئاینیو رۆحیی، زامنی چاکبونی رەوشـــی سیاسیو کۆمەڵایەتییە، چونکە بەبۆچونـــی ئەوان، وەک ئیمامـــی مالیک دەڵێت «کۆتایی ئـــەم ئوممەتە تەنها بەو شـــتانە چاک دەبێت کە پێشـــینانی پێ چاک بوە». ئەم بیرە سەلەفییە، دەیەوێت بیرکردنەوەو کۆمەڵگایەکی هاوچەشـــنو هاوشێوەی کۆمەڵگاو بیروبۆچونەکانی چاخە پێشـــینەکانی ســـێ ســـەدەی یەکەمی ئیســـلام فەراهەم بهێنێت، هەر لەبەرئەمەش بەسەلەفیو شوێنکەوتوانی پێشینان دەناسرێت.

هەواڵنامەی کتێب

هەلومەرجی سەرهەڵدانەوەی بانگەوازی سەلەفی

دوای بەغداو شام، بانگەوازی سەلەفی لەنێوچەیەکدا سەریهەڵدا که لانکەی یەکەمی ئاینیو ئیسلامو پێگەی پیرۆزترین مەڵبەندە ئیسلامییەکانە که نیوە دورگەی عەرەبییە. بەپێی گێڕانەوە زۆرو جۆراوجۆرەکان، ئەم پانتاییە جوگرافیو مێژوییە لەدەمی سەرهەڵدانی بانگەوازی وەهابیدا، بەئاگری شەڕو کێشمەکێشە خێڵەکییەکانو هەراو کوشتو بڕی نێوان کۆچەریو شارنشینەکان دەسوتا. ئەو میرنشینانەی لەدەمی سەرهەڵدانی بیری وەهابیدا لەنێوچکەدا هەبون، هەریەک لەهەوڵی پاراستنی سەربەخۆییو پاراستنی دەسەڵاتی نێوچەیی خۆیاندابون. لەم میانەیەشدا ڕێبەرەکانی بیری وەهابی سەلەفی گرنگیان بەخەڵکە شارنشینو تێگەشتوەکان دەداو لەبنەڕەتیشەوە بیری وەهابی لەنێو ژینگەی سیاسیو کۆمەڵایەتی هەرێمی نەجدی شارنشیندا سەریهەڵدا[1].

هەرچەندە جوگرافیاو لانکەی یەکەمی، بیری وەهابی، وڵاتی سعودیەی ئێستاو نیمچەدورگەی عەرەبییە، بەڵام گوتاری ئەم بانگەوازەو ڕایەڵە فیکریو کلتورییەکانی لەم پانتاییەدا قەتیس نابێتو لەگەڵ دەستبەکاربونیدا هەوڵیداوە بپەڕێتەوە بۆ تێکڕای پانتاییە ئیسلامییەکانیتری سنوری قەڵەمڕەوی خەلافەتی عوسمانی، کە کتومت، گیرۆدەی دەست بارودۆخی جۆراوجۆری هاوشێوەی بارودۆخی نیوەدورگەی عەرەببونو ئەوانیش پێویستیان بەگۆڕانو چاکسازی هەبو[2].

ڕەنگە بۆ دیاریکردنی بارودۆخی نیمچە دورگەی عەرەب، لەدەمی سەرهەڵدانەوەی بیری سەلەفیدا، گەڕانەوە بۆ شایەتە ئەوروپیو ڕۆژئاواییەکان باشترین شت بێت، چونکە ئەودەمە سوپایەک گەریدەو ڕۆژهەڵاتناس بەناوو پاساوی جۆراوجۆرەوە زو زو بەنیمچە دورگەی عەرەبیو بیابانەکانیدا گەشتیان دەکردو دەگەڕان. لەنێو ئەم ڕۆژئاواییانەشدا نوسەری ئەمەریکی توثروب ستودار، (Tothrop stoddar)، لەهەمویان باشتر گوزارشتی لەبارودۆخی نوتەکی نیمچە دورگەی عەرەب لەوکاتەدا کردوەو دەڵێت «پەردەیەکی ڕەش بەسەر ئایندا‌ریدا درابو، جیهانی ئیسلام مۆڵگەی

1. د. عبدالکریم رافق: المشرق العربی، ل٢٤٨.
2. هەمان سەرچاوەی پێشو، ل٢٣٢ ـ ٢٣٥.

ئەفسانەو نەزانین بو، مادده سرکەرو هۆشبەرەکان، بەهەمولایەکدا تەشەنەیانکردبو، مەککەو مەدینە لەهەمو جێگایەک زیاتر بوبونە مۆڵگەی خراپەکاری. حەجکردن کە گەورەترین پەرستشی ئیسلامە، جێگای نوکتەو گاڵتەجاڕی خەڵک بو»[1]. نوسەرو نیگارکێشی بەناوبانگی بەریتانی هوغارتیش، لەوێناکردنی ئەو باردودۆخەدا دەڵێت «هەستو سۆزی موسوڵمانان خەفەی کردبو، خەلیفە بێدەسەڵات بو، ئاینی ئیسلام لەپاشەکشەدابو»[2].

بەپێی سەرچاوە مێژوییەکان، ئەو دۆخە خراپەی کە ئەم دوو نوسەرە خۆرئاواییە دەیخەنەڕو، بەشێوەیەکی بەرچاوترو قوڵتر، ناوچەکانی سەر بەهەردو هەرێمی نەجدو حیجازی گرتبوەوە، کە دوو هەرێمی دورەدەستبون لەئەستەنبولی پایتەختی خەلافەتی عوسمانیو بەتەواوی فەرامۆشکرابون. چونکە نەجدو حیجاز، لەدەمی حوکمڕانی سوڵتان سەلیمی سێیەمداو لە١٥١٧ز، کە عوسمانییەکان چونە ناو میسر، بەرواڵەت، لکێنران بەدەسەڵاتی عوسمانییەوەو هەربەناو، لەسەر قەڵەمڕەوی ئەوان ئەژماردەکران، بێئەوەی بەفیعلی دەسەڵاتو پرۆژەیان لەم دو هەرێمەدا هەبێت[3].

بەدرێژایی مێژوی عوسمانییەکان، والیو کاربەدەستی عوسمانی راستەوخۆ بۆ نەجدو حیجازو ناوچەکانیتری نیوە دورگەی عەرەب، دانەنراوە[4]. تەنانەت بەڵگەنامەیەکی عوسمانی کە ساڵی ١٦٩٠ز، بەزمانی تورکیو لەژێر ناونیشانی «قوانین ئال عثمان در مضامین د فتر دیوان» نوسراوەو تایبەتە بە تۆمارو ئامارکردنی ویلایەتو ناوی والییەکانی دەوڵەتی عوسمانی، بەهیچ جۆرێک باسی نەجدو حیجازی تێدا نەهاتوە[5]، لەکاتێکدا حیجاز، شارەکانی مەککەو مەدینە لەخۆدەگرێتو لەهاتنی ئیسلامەوە کاروانسەراو روگەی هەزاران حاجیو زیارەتکەربوە. ئەو بۆشایی دەسەڵاتەش لەنیوە دورگەدا هەبوە، وەهایکردوە هەر شارو خێڵێکی ناوچەکە، ئیمارەتێک بۆ خۆیان دامەزرێننو هەمو ئەم دەسەڵاتە ناوچەییانەش خۆرەی یەکتربونو دژبەیەکتر کاریانکردوە.

---

١. الامیر شکیب ارسلان: حاضر العالم الاسلامی، ل٣٤ وەرگیراو لە ابو مسعود الندوی: محمد بن عبدالوهاب، ل٢٣٣.

٢. ابو مسعود الندوی: هەمان سەرچاوەی پێشو، ل ١٥٧.

٣. محمد عتریس: معجم بلدان، ل٣١٢

٤. تحسین ابراهیم الدوسکی: مذکرات الجاسوس الانکلیزی همفر فی المیزان، ل ٤٩

٥. د. محمد حرب: العثمانیون فی التأریخ والحضاره، ل٥٣ ـ ٥٥

کۆی سەرچاوە متمانەدارە مێژووییەکان، باس لەوەدەکەن، نەبونی دەسەڵاتی راستەقینەی عوسمانییەکان، لەنیوە دورگەی عەرەبو لەگەڵیشیدا نەجدو حیجاز، پاشاگەردانیو بێسەروبەرییەکی زۆری لەم ناوچەیە بڵاوکردبۆوە کە کاریگەری خراپی کردبوە سەر بارودۆخە جۆربەجۆرەکانی ژیان. بۆ نمونە نەبونی هوشیاریو بێدەنگیی عوسمانییەکان وەهایکردبو، خەڵکێکی زۆر لەدەوری هەندێک لەدارخورماکانی نەجدو حیجاز کۆبنەوەو بەپیرۆزیان دەزانینو تەبەڕوکیان پێدەکردن. هەندێکیتریش لەخەڵک گۆڕو ئارامگای هاوەڵانو ئالو بەیتی پێغەمبەر (صلی الله علیه وسلم) یان کردبوە جێگای کۆبونەوەو عیبادەتو پاڕانەوەی خۆیانو وەک شوێنی خوداپەرستی بەکاریاندەهێنان[١]. ئەو راپۆرتو بەڵگەنامە فەرمیانەی لەنێو کۆشکی فرمانڕەوایی عوسمانییەکاندا دۆزراونەتەوە، ئاماژە بەم راستیانەی سەرەوە دەکەنو ئەوە دەخەنەڕو کاتێک بزوتنەوەی وەهابییەکان سەریهەڵدا، بەشێوەیەکی گشتی، خەڵکی نیمچە دورگەی عەرەبی، سەرقاڵی گۆڕپەرستیو پارانەوەو پەنابردن بون بۆ پیاوچاکە مردوەکانو سۆفیگەریو گۆشەگیریی سیمای سەرەکی ژیانی خەڵک بوە[٢]. زۆر لەبیرمەندەکانیش پێیانوایە عوسمانییەکان خۆیان هاندەرو پاڵپشتی نەریتو پەرستشە سۆفیگەرییەکانبون[٣]، کە لەدیدو بۆچونی سەلەفییەکانی نەجددا پەرستشی ناکامڵو پڕ لەبیدعەبونو پێویستیان، بەگۆڕینو پێداچونەوەو گونجاندن هەبوە لەگەڵ دەقە دروستە شەرعییەکان[٤].

بەپێی بەڵگە مێژوییەکان محەمەد عەبدولوەهاب، هەر لەسەرەتای دەرکەوتنی بانگەوازەکەیەوە، شێوازی عیبادەتو پاڕانەوەی سۆفیگەرانەی سەردەمی خۆی رەتدەکردەوەو پێداگریی لەسەر ئەوە دەکرد، «مردوەکان، ناتوانن هیچ بۆ زیندوەکان بکەن. تەنها زاتی «الله» کە پەروەردگارو پەرستراوی راستەقینەیە، دەتوانێت پێویستی خەڵک پڕبکاتەوەو بەدەم هاوارو هانایانەوە بڕوات»[٥]. هەروەها خۆیو شوێنکەوتوانی پێیانوابوە، لەپاڵ بانگەوازکردنو بەئاگاهێنانەوەی خەڵکدا لەعیبادەتی

١. محمد بن جمیل زینو: منهاج الفرقه الناجیه، ل٤٦

٢. د. محمد حرب: العثمانیون فی التأریخ والحضاره، ل ٥٣

٣. محمد قطب: کیف نکتب التأریخ الاسلامی، ل ١٧٦

٤. کارل بروکلمان: تأریخ الشعوب الاسلامیه، ل ٥٤٩

٥. بڕوانە: محمد بن عبدالوهاب: کتاب التوحید، ل ٤٣

نادروســـت، بەکارهێنانی هێزو شمشـــێر، دژ بەنەیارو ڕێگـــرەکان، هۆکارێکی گرنگی گەیاندنو چەسپاندنی پەیامی دروستی ئیسلامەو بەبێ بونی هێز، گۆڕان لەکۆمەڵگادا نایەتەدی[1]. هەر لەم میانەیەشـــدا وەهابییەکان، بەزەبری هێزو لەچوارچێوەی ئەوەی بـــە «گۆڕینی خراپە»، نێویاندەبرد، دەســـتیانکردە بڕینی ئـــەو درەختانەی خەڵک بەپیرۆزیان دەزانینو ئەو گومەزیو مزگەوتانەیان ڕوخاند کە لەســـەر ئارامگاو گۆڕی ســـەحابەو پیاوچاکەکان بنیاتنرابون، ئەمەش وەهایکرد خەڵکە سادەو سۆفییەکان، بە«کافر»و «لەدین دەرچو»، ناویان ببەنو هەواڵیان بۆ ناوچەکانیتر بگوازنەوە[2]*.

واش دەرئەکەوێـــت، ئەم هەنـــگاوەی وەهابییـــەکان، هۆکاری یەکەمـــی ئاڵۆزبونی

١ـ ٤٣ تحسين ابراهيم الدوسكي: مذكرات الجاسوس الانكليزي همفر...، ل٢٠

٢ـ ٤٤ جعفر السبحاني: مع الوهابيين، ل٤٣

* تاهەنوکـــەش کارمەندەکانـــی دەزگای «الامر بالمعروف واالنهى عن المنكر»ی ســـعودی کە بەپۆلیســـی ئاینی ناسراونو بیروباوەڕەکانی قوتابخانەی سەلەفی لەسعودیەدا جێبەجێ دەکەن، ڕێگری دەکەن لەو حاجیو زیارەتکەرانەی بەتەمان نزاو پاڕانەوەو پەرســـتش لەنێو گۆڕســـتانی بەقیعو لەســـەر ئارامگای ســـەحابەو لەنزیک ئارامگای پێغەمبەر (صلى الله عليه وسلم)و ئەبوبەکرو عومـــەر، ئەنجامبدەن. ئەم کارمەندانە کە هەمویان ڕاهێنراوو خاوەن زانیاری شـــەرعیو ئاینین، تاوێک بەئامۆژگاریکردنو تاوێکیتر بەپاڵو هێز لەم شوێنانە بڵاوە بەخەڵکو زیارەتکەران دەکەنو ئەوەیان بیـــر دەخەنەوە تەنها لەخودا بپاڕێنەوە. هەروەها ســـەرباری گرنگیو گەورەیی پێگەو ناونیشـــانی ئەوانەی لەم گۆڕانەدا نێژراون، هێشـــتا گۆڕەکانیان هەر گڵی سادەنو هیچ قوببەو بینایەکیان لەســـەر نییە. یەکێک لەگەورە بەرپرسەکانی دەزگاکە مانگی ٢٠٠٨/١٢ بەئاستەمو پاش چەندین پاکانە، گۆڕی ئیمام عوســـمانی کوڕی عەففانی پیشـــاندام کە زۆر سادەبوو باسی ئەوەیکرد، سەردەمی خەلافەتی تورکە عوسمانییەکان تەنها لەنێو بەقیعدا ٨٠ گومەزی زێڕو زیو لەســـەر گۆڕی سەحابەکان هەبوە، بەڵام دواتر دەوڵەتی سعودی هەموی لابردوەو یەکسانیکردوە لەگـــەڵ زەوی بۆ ئـــەوەی خەڵک نەیانکەنە پەرســـتگاو جێگای پاڕانەوەو نزاکـــردن، هەروەها ڕونیکردەوە مەبەستی ئەوان ئەوەیە لەبری سەر ئەو گۆڕانە زیارەتکەران ڕو لەحەرەمی مزگەوتی مەدینە بکەن کە لەتەنیش گۆرستانەکەدایەو جێگا نوێژو پاڕانەوەی پێغەمبەرو هاوەڵەکانی بوە. هەر زیارەتکەرێکیش پرســـیاری خاوەنی گۆڕەکانی دەکرد، پۆلیســـەکان هەمویان یەک وەڵامی ئامادەکراویان هەبوە «گرنگ نییە، ئەو گۆڕە هی کێیە، گرنگ ئەوەیە ئەم گۆرســـتانە کۆمەڵێک ســـەحابەو پیاوچاکی تێدایەو ســـڵاویان لێبکەو بپاڕێرەوە خودا پلەیـــان بەرزتر بکاتەوەو ئیتر مەپرسەو مەوەستەو بڕۆ». ئەگەر کەسێکیش زۆر جەختی بکردایەتەوە لەسەر پیشاندانی گۆڕێک بـــۆ یادگاری ئەیانوت «دەڵێن گوایە ئەمە گۆڕی عوســـمانو ئەوە گۆڕی فلانو فلانەو خواش ئەزانێت وایە یان نا؟ کەس دڵنیا نییە».

پەیوەندییـــان بوە لەگەڵ زۆرێک لەخەڵک، دەوروبەر، چونکە تا ئەودەمەش هانابردن بۆ گۆڕو بەکارهێنانی وەک رایەڵی پەیوەندی نێوان بەندەو خوا، لای زۆرێک لەخەڵک بەشـــێکی دانەبڕاوو بنەڕەتیی بوە لەئاینو دەســـتبەرداربونی هەروا کارێکی ئاســـان نەبوە[1].

کێشەی وەهابییەکان، تەنها لەگەڵ خەڵکی ئاساییدا نەبوە، بەڵکە تێگەشتنو چەمکی ســـەلەفیانە، بۆ بیروباوەڕی ئیســـلامیو دەربارەی عەقیدە.. بیدعە.. جیهادو..هتد. لەگەڵ تێگەشـــتنو راڤەی گەورە زانا ئاینییە سۆفیو ئەشعەرییەکانی ئەو سەردەمەی خۆرهەڵاتی ئیســـلامیدا وێک نەدەهاتەوە. ناکرێت لەم نێوەندەشـــدا فاکتەری سیاسی فەرامۆش بکەین، چونکە وەک سەرچاوە مێژوییەکان ئاماژەی پێ دەکەن، راپۆرتنوسو پیاوەکانـــی دەرباری ســـوڵتانی عوســـمانی، لەنامـــەو راپۆرتەکانیانـــدا، بانگەوازی وەهابییەکانیان بە هەڵگەڕانەوەیەکی سیاســـیو کودەتایەکی ســـەربازیی ناساندوە، لەم رێگایەشـــەوە توانیویانە سیاسەتی سوڵتان بدەن بەگژ وەهابییەکانداو سوڵتان، جگە لەوەی لەشـــکری کردە سەر وەهابییەکان، نوسەرو شاعیرو زانا ئاینییەکانیشی هاندەداو کۆمەکی دەکردن بۆ ئەوەی دژ بەبیرو بۆچونی سەلەفییەکانی نیوە دورگەی عەرەب، بوەستنەوە[2].

مۆرکـــی یاخیگەرانەی کۆمەڵایەتیو ئاینی بزاڤی وەهابیی، بوبەهۆی ئەوەی بانگەوازی وەهابی لەدەمی خۆیدا، وەک پێویســـت گەشـــەنەکاتو پەل نەهاوێت. لەمبارەیەوە، محەمـــەد قوتب، دەڵێت «بزوتنەوەکە هەر لەلانکەی خۆیدا گیانی ســـپاردو لەنیمچە دورگـــەی عەرەبیدا قەتیس بو»[3]. بەڵام لایەنگرانی بیـــری وەهابی، باس لەوەدەکەن کە ئەم بیرە لەرۆژهەڵاتەوە گەشتۆتە هیندستانو لەخۆرئاواشەوە گەشتۆتە ئەفەریقا، لەهەمـــو ئەم ناوچانەش قوتابخانەو زاناو لایەنگری رێبازی ســـەلەفیی زۆرن[4]، ئەمە جگە لەوەی ســـاڵانەو لەکۆبونـــەوە ملیۆنییەکانی وەرزی حەجدا، ســـەدانو هەزاران نامیلکـــەو کتێبو کاســـێتو ســـی دیو رێنمایی بەچەندین زمان لەســـەر نێوەڕۆکو

١. محمد قطب: كيف نكتب التأريخ الاسلامي، ل ١٧٦

٢. عبدالعزيز بن محمد عبداللطيف: دعاوى المناوئين لدعوه الشيخ محمد بن عبدالوهاب، ل٢١١

٣. محمد قطب: كيف نكتب التأريخ الاسلامي، ل ١٧٨

٤. مركز بحوث جامعه بن محمد الاسلاميه: بحوث اسبوع الشيخ محمد بن عبدالوهاب، ل٣١٢

رایەڵەکانـــی ئەم بیرە دابەش دەکرێـــتو بڵاودەکرێتەوە. ئەوانەشـــی لەکایەی بیری ئیســـلامیدا شارەزان، جەخت دەکەنەوە، کاریگەری بیری سەلەفیانەی وەهابی لەسەر چەندین بیرمەندی نێوداری وەک جەمالەدینی ئەفغانی[1] و بزاڤەکانی وەک: سەنوســـی لەمەغریب، ئەلمەهدی لەســـودانو چەندین بزوتنەوەو تەوژمیتری ئاینیی، راستییەکی حاشا هەڵنەگرەو بەئاشکرا هەستی پێدەکرێت[2].

نوســـەری گەورەی میسری، تەها حسێن، لەبارەی کاریگەریو رۆڵی بزاڤو بانگەوازی وەهابییەکانـــەوە دەڵێت «ئەگەر تورکو میســـرییەکان بەرهەڵســـتی چەکدارانەی بزوتنەوە ئیســـلاحییەکەی محەمەد عەبدولوەهابیان نەکردایە، هیوای ئەوەی لێدەکرا، شکۆمەندیو ســـەروەری سەدەی دووەمو ســـێیەمی کۆچی بۆ ئیسلامو عەرەبەکان بگێڕێتەوە». بەبۆچونی هەندێک لەرۆژهەلاتناســـان، بیـــری وەهابی رۆڵێکی هێجگار گەورەی گێڕاوە لەبەئاگاهێنانەوەی عەرەبو گەلاڵەکردنی بنەماکانی بیری بەرەنگاریو موقاوەمـــەی عەرەبیدا. چونکـــە بزوتنەوەکە، جگـــە لەرەهەنـــدو نێوەرۆکە ئاینیو ســـەلەفییەکەی..بەدیوێکیتردا رەتکردنەوەی دەسەڵاتی خراپو خەلافەتی تورکەکانو هەوڵدان بو بۆ دامەزراندنی دەســـەڵاتێکی ســـەلەفیی عەرەبی، لەپیرۆزترین جێگای ئیســـلامیدا[3]. هەندێک بیرمەندیتری عەرەب، پێیانوایە وەهابییەکان بەخواستی خۆیان بێت یان نا، ناراستەوخۆ رۆڵیان هەبوە لەهوشیارکردنەوەی هەستو هۆشی عەرەبیدا لەبێئاگایـــی، تەنانەت هەندێک لەنوســـەرەکان، بزوتنەوەی وەهابییان لەپێشـــەنگی بەرهەڵستکارانو نەیارانی دەسەڵاتی تورکدا، لەنیشتمانی عەرەبی داناوە. بەڕای ئەم نوسەرانە وەهابییەکان بونەتە هەوێنو پێشینە بۆ گەلاڵەبونی ئایدۆلۆژیایەکی نەتەوەیی عەرەبیی[4]. بەڵام سەلەفییەکان، بەتوندی کارکردن لەسەر دەمارگیریی ناسیۆنالیزمو نەتەوەگەرایی، رەتدەکەنەوەو پێیانوایە ناســـیۆنالیزمو نەتەوەپەرســـتی «گوزارشت لەنەفامیو گەڕانەوە بۆ ســـەردەمی جەهالەت دەکات». لەمبارەیەوە، شـــێخ بن بازی موفتی کۆچکردووی سعودیە، دەڵێت «ئیستیعمار، بەبانگەشەکردن بۆ نەتەوەگەرایی

١. هەمان سەرچاوەی پێشو، ٣١٣

٢. موسی بن عبدالله آل عبدالعزیز: اضواء علی دعوە محمد بن عبدالوهاب، مجلە السلفیە العدد ٢، الریاض ١٤١٧ ە، ل٩٠

٣. بڕوانە: لونکریك: أربعە قرون من تأریخ العراق الحدیث، ١٧٨

٤. د. الیاس فرج: تطور الایدولوجیە العربیە الثوریە، ل١٨

عەرەبیی کەیفخۆشو شاگەشـــکە دەبێت، چونکە لەرێگای نەتەوەپەرستییەوە عەرەب لەئاینەکەیـــان دور دەخەنـــەوەو بەنەتەوەکانیانەوە ســـەرقاڵیان دەکەن». هەروەها دەڵێت «یەک لەســـەلمێنراوەکانی ئیسلام ئەوەیە: بانگەشـــەکردن بۆ نەتەوەگەرایی عەرەبیو نەتەوەکانیتر، بانگەشەیەکی پوچ.. هەڵەیەکی گەورە.. خراپەیەکی ئاشکرا.. نەفامیو جەهالەت.. فیڵکردنە لەخەڵکی موســـوڵمان». ناوبراو، بەوە بەڵگە بۆ ئەم حوکمە قورسە، لەســـەر نەتەوایەتی دەهێنێتەوە کە موسوڵمانان پەرتەوازەدەکات.. ناکۆکی دەخاتە نێوانیانو هەروەها ئاماژە بەچەندین ئایەتو فەرمودە دەکات، لەوانە فەرمودەیەکی پێغەمبەر(صلى الله عليه وسـلم)، کە سەرزەنشـــتو لۆمەی بانگەشـــەکەرانی دەمارگیریـــی بۆ هۆزو خێڵـــەکان دەکاتو دەربارەیان دەفەرمویـــت «لەئێمە نین». هەروەهـــا لەگێڕانەوەیەکیتردا هاتوە کە پێغەمبەر(صلى الله عليه وسـلم) دەفەرموێت «خوا وەحی بۆکردوم هێندە لەخۆبردوبین کەس فشـــە بەســـەر کەســـیتردا نەکاتو کەس خۆی بەسەر کەســـیتردا هەڵنەکێشێت»[1]. هیچ بەرهەمو گوتارێکی سەلەفییەکانیش شـــانازیکردن بەتەوەگەرایی عەرەبی لەخۆناگرێتو بگرە بەشـــێکی زۆری مەشـــخەڵ هەڵگرانی ئەم بیرە لەکۆنو نوێدا لەخەڵکانی ناعەرەبن.

هەواڵنامەی کتێب

١. عبدالعزيز عبدالله بن باز: نقد القوميه العربيه، ل ٧ ـ ١٠

سەرهەڵدانی بانگەوازی وەهابی لەنەجد

ناکرێت باس لەوەهابییەکان بکەینو نەگەڕێینەوە، بۆ گەشتو گەڕانەکانی محەمەد عەبدولوەهاب بەبیابانی عەرەبیدا، کە هۆکاری گەڵاڵەبونی بۆچونە جیاجیاکانی ئەوبون لەمەڕ رەوشی ئایینیو کۆمەڵایەتی جیهانی ئیسلامی. هەڵوێستەکردنی زۆر لەسەر ژیاننامەو پاشخانی فیکریو رۆشنبیری محەمەد عەبدولوەهاب، زیاتر نزیکمان دەکاتەوە لەتێگەشتن، لەنێوەڕۆکی بیری وەهابیو چۆنیەتی ژیانەوەی بیری سەلەفی، چونکە سەرەتاو کۆتایی بیری وەهابی، لەسەر بۆچونو فەتواکانی محەمەد عەبدولوەهاب، بنەڕەتە. هەرچەندە ناوبراو، بەنیازی خوێندنو دەستخستنی زانستی شەرعی بەشارەکانی سعودیەی ئێستاو عێراقدا، دەستی بەگەشتو گەڕانکرد، بەڵام ئەو دیمەنانەی ناوبراو، لەگەڕانەکانیدا، بەرچاوی کەوتن، بیرکردنەوەو تێڕوانینەکانی بەئاراستەیەکدا برد کە (لۆنکریک) ی رۆژهەڵاتناس بە «تەقینەوەی ئاینی» گوزارشتی لێدەکات[1].

محەمەد عەبدولوەهاب، لەسەر هەمان دابو نەریتی سەردەمی خۆی، روی لەشاری مەدینە کردوە کە ئێستاشی لەگەڵدابێت، کاروانسەراو قیبلەنومای خوێندکارە ئاینییەکانی جیهانی ئیسلامییەو گرنگییەکی ناوازەی زۆری هەیە، چونکە شاری پێغەمبەر (صلى الله عليه وسلم)و هاوەڵەکانیو پایتەختی سێ خەلیفەی راشیدین بوە[2]. ناوبراو، لەشاری مەدینە رێگای لەشێخ محەمەد حەیات ئەلسندی، کەوتوە کە ئەویش بەهەموجۆرێک دژی بیدعەو داهێنانی عیبادەتو دەمارگیری مەزهەبی بوە[3]. جگە لەکاریگەری بۆچونەکانی ئەم مامۆستایەشی لەسەریی، محەمەد عەبدولوەهاب، لەماوەی ژیانیدا لەمەدینە، لەنزیکەوەو بەچاوی خۆی کۆبونەوەو وابەستەیی زیاد لەسنوری خەڵکی لەدەوری ئارامگای پێغەمبەر(صلى الله عليه وسلم) بینیوە، بەجۆرێک خەڵک وەک پردی پەیوەندیی نێوان خۆیانو خودا هاوارو هانایان بۆدەبرد. ئەم پەیوەستبونەش بەگۆڕی پێغەمبەرو پیاوچاکەکانیتر کە کۆڵەکەیەکی بنەڕەتیی

---

١. أربعه قرون من تأريخ العراق، ل ٢٢٧

٢. ابو مسعود الندوى: الشيخ محمد بن عبدالوهاب، ل١٦

٣. د. ابراهيم خليل احمد: تأريخ الوطن العربى فى العهد العثمانى، ل ٢٤٥

سۆفیگەرییە، لەگەڵ بۆچونو بیرکردنەوەی ئەودا، نەدەگونجاو بەلایەوە جۆرێکبو لەو جۆرە پەرستشانەی کەبەپێی تێگەشتنی پێشینانی ئیسلام، بیدعەو خورافاتو بگرە هەندێکجار، سەریش دەکێشێت بۆ شەریک دانان بۆ خوا، کە بەدترین، سەرپێچییە لەنێو شەریعەتی ئیسلام.

ناوبراو، لەدوای شاری مەدینە رویکردۆتە شاری بەسرەو لەوێ بەمەزهەبی شیعەی جەعفەری ئاشنابوە[1]*.. ئەوکاتەی ئەم گەنجە چالاکە، لەبەسرەبو هەندێک پەیوەندی لەگەڵ دانیشتوانی بەسرەدا دروستکردو ویستی ئەم شارە بکاتە مەڵبەندی بانگەوازو پێگەی راگەیاندنی بۆچونە سەلەفیخوازەکانی، بۆ ئەم مەبەستەش چەند نوسینو نامەیەکی لەنێو خەڵکدا بڵاوکردەوە. لەم نامەو نوسراوانەدا، راشکاوانەو بێ پێچو پەنا، دژی گۆرپەرستیو پەنابردن بۆ پیاوچاکان وەستایەوە، بەڵام خەڵکی بەسرە کە زۆرینەیان شیعەبون، ئەم تێڕوانیە سەلەفییە سوننییەیان رەتکردەوە.. نەک هەر ئەوە بەڵکە، محەمەد عەبدولوەهابی خاوەنیشیان شاربەدەرکرد[2].

لەپاش ئەم سەرەتا نسکۆبەشەش، ناوبراو، کۆڵی نەداو بۆ بڵاوکردنەوەی بۆچونەکانی روی لەهەرێمی نەجد* کرد. هەر بەگەشتنیشی بۆ ئەم هەرێمە، چوە شاری حرەیمەلا، کە شوێنی نیشتەجێبونی عەبدولوەهابی باوکی بوەو لەوێ دەستیکردە،

---

١. جعفر السبحاني: هەمان سەرچاوەی پێشو، ل ١٤.
* ناوی جەعفەری دەگەڕێتەوە بۆ ئیمام جەعفەری سادقی نەوەی ئیمامی عەلی.

٢. د. أبراهيم خليل أحمد: هەمان سەرچاوەی پێشو، ل ٢٤٦
*نەجد، لەزمانی عەرەبیدا بەواتای بەرزدێتو بانێکە دەکەوێتە ناوەڕاستی نیمچە دورگەی عەرەبیو گەورەترین هەرێمی دورگەی عەرەبیو عەرەبستانی سعودیەیە. سنوری ئەم ناوچەیە دەکەوێتە نێوان چیاکانی سروات لەرۆژئاواو دەگاتە بیابانی دەهنا لەرۆژهەڵاتەوە. نەجد، نیشتمانی یەکەمی زۆرێک لەهۆزە عەرەبییە گەورەکانەو دیارترین شاعیرەکانی سەردەمی جاهیلیش خەڵکی ئەم هەرێمەن بەتایبەت شاعیری «هەڵواسراوەکان ـ المعلقات». دەوڵەتی سعودیە سەرەتا لەنەجدەوە دامەزراوەو پارێزگا گرنگەکانی ریازی پایتەختو قەسیمو ناوچەکانی دۆڵی حەنیفەو چیاکانی شەمرو عارزو تویق، دەکەونە سنوری ئەم هەرێمەوە. بەگشتی دانیشتوانی نەجد، شارنشینو لەگوندو شاردا نیشتەجێنو بەر لەدامەزراندنی دەوڵەتی سعودی لە ١٩٣٢، دانیشتوانی ئەم هەرێمە لەملیۆنێک کەس تێپەڕیان نەدەکرد. بڕوانە وێبسایتی ویکیبیدیا

وتاردانو بانگەوازکردن[1]. سەرچاوەو تۆمارە مێژوییەکان، هێما بۆ ئەوەدەکەن شێوازی بیرکردنـــەوەو فەتوادانی محەمەد عەبدولوەهاب، جیاوازتربوە لەزاناکانی ســـەردەمی خۆی. ئەو، دژی چاوپۆشـــیکردن لەهەڵەی خەڵـــکو خۆدزینەوەبو لەجێبەجێکردنی حوکمەکانی شەریعەت.. پێداگریی لەســـەر ئەوەدەکرد، دەقو حوکمەکانی شەریعەت چۆنن، وەک خۆیان جێبەجێو پەیڕەوبکرێنو هیچ جۆرە سازشێکیان لەسەرنەکرێت[2].. خوازیـــارو بەتەمای ئەوەبو دەقو دەســـەڵات، ئاوێتەبکاتو لەرێـــگای جێبەجێکردنی دەقەکانەوە ســـنورێک بۆ شپرزەییو پاشاگەردانی سەردەمی خۆی دابنێت، بۆ نمونە ســـزای بەردەبارانکـــردن (رجم) ی خەڵکانـــی داوێنپیسو زینـــاکاری زیندوکردەوە، لەکاتێکدا، ســـاڵانێکبو، فەرامۆشکرابو[3]. هەروەها خۆی بەشەرمەزارو خەتابار دەبینی کاتێـــک بەدیارچاوی خەڵکـــەوە، کۆمەڵێک لەنێرینەکانی هەرێمـــی نەجد، پەیوەندی سێکســـییان لەگـــەڵ یەکتردا دامەزراندبـــو. وەک رێبەرێکی ئاینییـــش بەرامبەر بەم قەدەغەشکاندنە شەرعیو کۆمەڵایەتییە، حەماسەتی دەجوڵاو هەستی ئازایەتیو گیانی سزادانو تۆڵەکردنەوەی دەکەوتە جۆشو خرۆش[4]. هەر بەم هۆیەشەوە لەگەڵ خەڵکی شـــاری حرەیملای نشـــینگەی باوکیدا، کەوتە کێشەو ناکۆکییەوەو دانیشتوانی ئەم شارەش گرفتی زۆریان هێنایەرێگای.

ســـەرچاوە مێژوییەکان دەگێڕنـــەوە، کۆمەڵێک کۆیلەی جوتیار، کـــە لەزەوییەکانی حرەیملا، کاریاندەکردو لەکاری نێربازیو سێکســـی ناشـــەرعیی تێوەگلابون، پیلانی هێرشـــکردنە ســـەر ماڵی محەمەد عەبدولوەهابیان دانا، چونکە ناوبراو سوربو لەسەر ئەوەی حوکمی شەرعیان بەسەردا جێبەجێ بکات کە کوشتنو بەردەبارانکردنە، بەڵام بەر لەجێبەجێکردنی پیلانی هێرشـــەکە، ناوبراو بەهاوکاریو چاوساغیی دراوسێکانی هەڵهاتو شاری حرەیملای بەجێهێشت[5].

محەمەد عەبدولوەهاب، لەپاش دەرپەڕاندنی لەحرەیملا، لەشاری عوەیەینە گیرسایەوە، کە شوێنی لەدایکبونی خۆیەتی، ئەمجارەیان جیاواز لەبەسرەو حرەیملا، بۆ زامنکردنی

١. تحسين ابراهيم الدوسكى: هەمان سەرچاوەی پێشو، ل ٤٦

٢. سنت جون فيلبى: تأريخ نجد ودعوه الشيخ محمد بن عبدلوهاب (السلفيه)، ل ٣٣

٣. كارل بروكلمان: تأريخ الشعوب الاسلاميه، ل ٥٥٠

٤. سنت جون فيلبى: تأريخ نجد ودعوه الشيخ محمد بن عبدلوهاب (السلفيه)، ل ٣٣

٥. هەمان سەرچاوەی پێشو ل ٣٥

پاراستنی بانگەوازەکەی، هاوپەیمانێتی سیاسیی لەگەڵ عوسمانی کوڕی موعەممەری، میری عویەینەدا، مۆرکردو مژدەی سەرکەوتنو چارەنوسێکی گەشی بەمیر عوسمان دا[1]. وەک دەریش دەکەوێت میری عویەینە، قەناعەتی بەبۆچونە سەلەفییەکانی محەمەد عەبدولوەهاب، کردوەو لەگەڵیدا کەوتۆتە روخاندنی نەزرگاو گومەزیی سەر گۆڕستانەکانو تەنانەت، لەسەر فەتەواو هاندانی محەمەد عەبدولوەهاب، ژنێکی زیناکاریشی بەردباران کرد[2].

ئەو ماوەیەی محەمەد عەبدولوەهاب، لەشاری عویەینەبو هەنگاوگەلێکی گرنگی هەڵگرتوە، کە دەکرێت وەک سەرەتای جێبەجێکردنی بۆچونو بیرە ئاینییەکانی ئەژماربکرێت. ناوبراو، لەم شارەدا دەستیکردە بڕینی ئەو درەختانەی خەڵک بەپیرۆزی دەزانینو هەر لەم میانەیەشدا مەزاری سەر گۆڕی زەیدی کوڕی خەتابی براگەورەی عومەری کوڕی خەتابی روخاند، کە لەغەزای یەمامەو لەکاتی سەرکردایەتیکردنی سوپای ئیسلامدا گیانی سپاردوە[3]*. هەروەها نوێژی جەماعەتی لەنێو مزگەوتەکاندا زیندوکردەوەو قەناعەتی بە میری عویەینەکرد باجو سەرانەی سەر خەڵک کەم بکاتەوە[4].

ئەم لێک نزیکبونەوەو کارە هاوبەشانەی میری عویەینەو محەمەد عەبدولوەهاب، سلێمانی کوڕی عریعەری میری هەرێمی ئیحسای سعودیەی خستە گومانەوە،

---

١. د. أبراهيم خليل احمد: تأريخ الوطن العربى، ل٢٤٥

٢. الندوه العالميه للشباب الاسلامى: الموسوعه الميسره، ل ٢٧٣

٣. عثمان بن بشر النجدى: عنوان مجد فى تأريخ نجد، ١/ ٨ ـ٩

* سەلەفییەکان کۆمەڵێک بەڵگە دێننەوە بۆ روخاندنی گۆڕەکان، لەوانەش ئیمامی موسلیم، ریوایەتیکردوە، عەلی کوڕی ئەبوتالیب بە ئەبی هەیاجی ئەلئەسەدی وتوە، پێغەمبەر (صلى الله عليه وسلم)، رایسپاردوم، هەر بتێکم بینی بیشێوێنمو هەر گۆڕێکی بەرزم بینی تەختی بکەم. هەروەها جابری کوڕی عەبدوڵڵا دەڵێت «پێغەمبەر نەهی کردوە گۆڕ گەچکاری بکرێو بینای لەسەر بنیات بنرێتو شتی لەسەر بنوسرێت. هەروەها ئیمامی تورمزیو ئیبن ماجە چەندین فەرمودەیان لەسەر نادروستی بینادروستکردن لەسەر گۆڕ کۆکردۆتەوەو چەندین ساڵ بەر لەوەهابییەکانیش ئیمامی نەوەوی لەئیمام شافیعییەوە دەگێڕێتەوە «ئیمامەکانم بینی لەمەککە فەرمانیان بەروخاندنی بینای سەر گۆڕی پیاوچاکەکان دەکرد».

٤. هەمان سەرچاوەی پێشو، ١/ ٩ ـ ١٠

خەڵکانێکیش وەها سـلێمانیان حاڵیکرد کە محەمـەد عەبدولوەهاب، چاوی بڕیوەتە پۆستی میرایەتی‌و بەتەمایە هەرێمەکەو دەسەڵاتەکانی لێ زەوت بکات[1]، ئەویش، هیچ بەبەرییەوە نەوەستاو یەکراست هەڕەشەی کردەسەر میر عوسمانی کوڕی موعەممەرو داوایکرد، «هەرچـی زوترە محەمەد عەبدولوەهاب، لەشـارەکەی دەربکات». میری عویەینەشـە، شەڕی میری گەورەی ئیحسـای پێنەدەکرا، بۆیە بەرێگایەکی هێمنانە محەمـەد عەبدولوەهابی جوابکردو پێی وت «میر سـلێمان، فرمانیکردوە، بتکوژین، ئێمەش توانای بەرەنگاربونەوەی رقو توڕەیـی ئەومان نییەو ئازایەتی‌و جوامێرییش نییە لەماڵـی خۆماندا بتکوژین، بۆیە رو لەهەرکوێ دەکەیت، خۆت سەرپشـک بەو وڵاتی ئێمە بەجـێ بهێڵە»[2]. میری عویەینە، بەم ملکەچکردنەی بۆ میری ئیحسـا، ریسەکانی محەمەد عەبدولوەهابی خاوکردەوەو کاروانی بزوتنەوەی وەهابیی گێڕایەوە بۆ چوارگۆشەی یەکەم‌و سەرەتای قۆناغو محەمەد عەبدولوەهابی ئاوارەو پەڕاگەندەی نێـو نیوەدورگەی عەرەب کرد. بـەڵام ئەو، دوای ئەمەش هـەر نوچی نەداو کەوتە سۆراغکردنی پەناگەو لانکەیەکیتر بۆ ئەوەی تێیدا بگیرسێتەوە، تا ئەوکاتەی محەمەدی کوڕی سعودی* دۆزییەوە، ئیتر دەرگای خێرو خۆشیی لێکرایەوەو لەکەسێکی قاچاغو راوەدونراوەوە بوە موفتی‌و رێبەری ئیمارەت.

---

١. هەمان سەرچاوەی پێشو ١٠/١ ـ ١١

٢. هەمان سەرچاوەی پێشو ١/ ١١

* محەمەدی کوڕی سعودی کوڕی مقرن، ساڵی ١٧٦٥، زاینی کۆچی دواییکردوەو دامەزرێنەری دەوڵەتی سـعودیەی یەکەم‌و کوڕی باپیرە گەورەی بنەماڵەی سـعودی فرمانڕەوای ئێسـتای سـعودیەیە. دەسەڵاتی محەمەد سعود یەکەمجار لەدرعیەوە دەستیپێکردوەو دواتر گوازراوەتەوە بۆ ریازی پایتەختی ئێسـتای سعودیە. ئال سعود، یەکێکن لەبنەماڵە کۆنو ناودارەکانی نیمچە دورگەی عەرەب. بۆ زیاتر بڕوانە وێب سایتی گەڕانی ویکیپیدیاو وێب سایتی «بوابە المملکە».
www.ksa_3.com

هاوپەیمانێتی سەلەفییەکانو ئال سعود

ئەگەرچی دەرکردنی محەمەد عەبدولوەهاب، لەشاری عویەینە، گورزوەشاندنێکی سەخت بو، لەبزوتنەوەی وەهابی لەساتەوەختێکی ناسکو بەراییدا، بەڵام لەلایەکیترەوە، دەروازەی قۆناغێکی نوێی لەم بزوتنەوەیە کردەوە. بێهیواکردنی محەمەد عەبدولوەهاب، لەلایەن عوسمانی کوڕی معەمەری میری عویەینە، کۆتایی پەراگەندەییو خەموژانی محەمەد عەبدولوەهابە لەمێژودا. ناوبراو، دوای ئەوەی بەدڵشکاوی، شوێنی لەدایکبونی خۆی بەجێهێشت، بەخۆیو تەنها باوەشێنێکەوەو بەتولە ڕێیەکی بیابانیدا روی لەمیرنشینی درعیە کرد کە لەلایەن محەمەی کوڕی سعودەوە بەڕێوەدەبرا. هەر کە گەشتە ئەم میرنشینە لەدەمەو ئێوارەیەکی ساڵی ١٧٧٤زاینی، لەماڵی یەکێک لەخوێندکارو دۆستەکانی بەناوی محەمەد سوەیلم ئەلعرینی، گیرسایەوە کە لەپەڕی شارەوەبو. لەم ماڵەشەوە، دیسان دەستی بەیەکەم هەنگاوی کاروانە درودرێژە پڕ مەترسییەکەی کردەوە[1].

محەمەد عەبدولوەهاب، لەماڵی ئەم خوێندکارەیدا، توانی کاریگەری لەسەر دوو برای میری درعیە دروستبکات، لەمانەش گرنگتر توانیی، کاربکاتە سەر، موزیی کچی ئەبی وەتبان، کە ژنی محەمەد سعودی میری درعیەبوەو لەمێژوی سعودیەدا، بەژنێکی خاوەن تەگبیر باسدەکرێت. زۆرێک لەسەرچاوەکان باس لەوەدەکەن موزی، بەمحەمەد سعودی مێردی وتوە «ئەم محەمەد عەبدولوەهابە، خەڵاتی خوایە بۆیناردویت، تۆش سودی لێ وەرگرە»، بەهۆی ئەم ژنەو دوو براکەی میرەوە، محەمەد سعودو محەمەد عەبدولوەهاب، لێک نزیکبونەتەوەو[2]، یەکەم هاوپەیمانێتی ستراتیژییان لەگەڵ یەکترا ئیمزاکردوە کە وەک یەکێک لەگرنگترینو بەناوبانگترین هاوپەیمانێتییەکانی نێوان دینو دەوڵەت لەمێژوی نوێو ناوچەکەدا ئاماژەی بۆدەکرێت. ئەم هاوپەیمانێتییە لەئەدەبیاتی رەسمیی دەسەڵاتدارانی سعودیەدا بە«گەڵاڵەنامەی درعیە»ناوزەد دەکرێت. بە یەکەم بەردی بناغەی دامەزراندنی «دەوڵەتی سعودیەی یەکەم» لەقەڵەمدەدرێت.

---

١. سنت جون فیلبی: تأريخ نجد......، ل ٣٨

٢. السيد محسن الامين: كشف الارتياب، ل ١٤

بەپێی گێڕانەوەی دەزگا فەرمییەکانی سـعودیە، محەمەد بن سعود، لەسەر خواستو داوای دوو براکەی کە بوبونە هەوادارى محەمەد عەبدولوەهابو پێشتریش ئامۆژکاریی موزیی هاوسەری، بەخودی خۆی چوە پێشوازیکردنی شێخی میوان، لەماڵی محەمەد ئەلعرینیو ئەم هەنگاوەش میوانە نوێیەکەی میرنشینەکەی لەچاوی خەڵکی درعیەدا سـەنگینو قورسکردوە. لەم دیدارەدا کە سـاڵی ١٧٧٤ زاینیدا بەڕێوەچوە، هەردولا رێککەوتن لەسـەر دابەشکردنی دەسەڵاتە رۆحیو سیاسـییەکانی میرنشینایەتییەکە بەجۆرێک، دەسـەڵاتی سیاسیو ئیداری بەدەست محەمەد سـعودو لەدوای خۆیشی نەوەکانییەوەبێت.. لەبەرامبەریشـدا، محەمەد عەبدولوەهاب، ببێتە موفتیو رێبەری ئاینی ئیمارەتەکە[1].

بەپێی گێڕانەوە فەرمییەکانی عەرەبستانی سعودی، دوای بەئاکام گەشتنی دانوستانی رێکەوتنەکە، محەمەد بن سعود، دەستی لەناودەستی محەمەد عەبدولوەهاب، داناوەو بەیعەتی پێداوە لەسـەر «سەرخسـتنی دینی خـوداو پێغەمبەر(صلى الله عليه وسـلم)، جیهادکردن لەرێگای خوا، پەیڕەوکردنو جێبەجێکردنی شـەریعەت، فرمان بەچاکەو نەهی لەخراپە».

هەر کە محەمەد سـعود، چوەژێر چەتری بیری سـەلەفی، کوڕێکیشـی کردە زاوای محەمـەد عەبدولوەهابو بەمەش جگە لەبەرژەوەندییەکانیتـر، پەیوەندی خزمایەتی کەوتە نێوانیانەوە. دوای ئەمەش، بەهەموجۆرێک کەوتەکارکردن بۆ گشـتاندنی بیرە ئاینییە نوێیەکە بەسـەر رەعیەتەکانیدا[2]. سـلێمانی برای محەمەد عەبدولوەهاب، کە نەیاری بیری سەلەفییە، ئاماژە بەوەدەکات، محەمەد سعود، بەگوشارو هێز، دەوروبەری خۆی ناچارکردوە بچنەسـەر بیری سـەلەفیانەی براکەی[3]. بـەڵام گێڕانەوە فەرمیو دەوڵەتییەکانی سـعودیە، جەختدەکەنەوە بیرەکە لەرێـگای بانگەوازو رونکردنەوەو ئامۆژگارییەوە بڵاوبۆتەوە. گومانیش لەوەدانییە پشـتگیریکردنو پەسەندکردنی بیری سـەلەفی لەلایەن فرمانڕەوای درعیەوە، کاریگـەری خۆی هەبوە، چونکە وەک لەدێر زەمانەوە عەرەب، وتویانە «خەڵک لەسەر ئاینی پادشاو سەرپەرشتەکەیان دەبن».

لەتێکڕای سـەرچاوەکاندا بەئاشـکرا دیارە بەدوای هاوپەیمانێتیە سـتراتیژییەکەی،

١. الندوه العالميه للشباب الاسلامى: الموسوعه الميسره.... ل ٢٧٤

٢سليمان بن عبدالوهاب: الصواعق الالهيه فى الرد على الوهابيه، لجنه من المحققين، ل٥

٣. لونكريك: أربعه قرون من تأريخ العراق، ل ٢٢٧

محەمەد عەبدولوەهابو ئال سـعوددا، چەندین ناوچەیتـری نیمچە دورگەی عەرەبی چونەتە سەر قەڵەمڕەوی ئیمارەتی درعیە. لەپاش دڵنیابون لەپشتیوانیی ئال سعودو دابینکردنی هەمو کۆمەکێک بۆ بانگەوازەکەی، محەمەد عەبدولوەهاب، یەکلابویەوە بۆ کۆڕگرتنو وتاردانو نامە ناردن بۆ میرنشینەکانی دەوروبەرو پەیوەندیکردن بەسەرۆک هۆزەکانـی ناوچەکە.. خەڵکێکـی زۆریش بەپیر بانگـەوازو پەیامەکانییەوە چونو ئیمارەتی درعیە، بوبە کاروانسـەراو مەکۆی کۆبونەوەی هەوادارانی بیری سـەلەفیو خوێندکارێکـی زۆری ئاینی لەهەر چوارلای نیوە دورگەی عەرەبەوە رویان تێدەکرد[1]، بەجۆرێـک تۆمارە رەسـمییەکانی دەوڵەتی سـعودی باس لەوەدەکـەن، لەوکاتەدا میرنشینەکە توانای لەخۆگرتنو راییکردنی ئەو هەمو خوێندکارەی نەبوە.

لەسـەرەتای دەسـتبەکاربونیدا وەک رێبەری رۆحیی میرنشـینی درعیە، ناوەرۆکو رێبازی وتارەکانی محەمەد عەبدولوەهاب، زیاتر جەختیان لەپاکژکردنەوەی بیروباوەڕو پەرسـتش کردۆتـەوە. لەتێکڕای ماوەی کارکردنیشـیاندا لەدرعیە، هیچ سـاردیو ناجۆرییـەک لەنێوان محەمەد عەبدولوەهابی موفتیو محەمەد سـعودی فرمانڕەوادا، تۆمارنەکراوە. بگرە بەوپەڕی هاوکاریو لێکگەشـتنەوە ئیدارەی کاروباری میرنشینی درعیەیان کردوەو مێژونوسـان دەگێڕنەوە: محەمەد سـعود، هیـچ پرۆژەو بڕیارێکی بەبـێ رەزامەندیو پرسوڕای محەمەد عەبدولوەهاب، گەڵاڵەو جێبەجێ نەکردوەو هیچ لایەکیشیان هەنگاوی سەربەخۆیان بەبێ ئەویتر هەڵنەگرتوە[2].

پاش ئەوەی محەمەد سـعود کۆچـی دواییکرد، میر عەبدولعەزیـزی کوڕی جێگای گرتـەوە*، کە زاوای محەمەد عەبدولوەهاب، بـوە[3]. عەبدولعەزیز، بەهەمان نەفەسو حەماسـەتی باوکیو بگرە زیاتریش، درێژەی داوە بەپشتیوانیکردنی بیری سەلەفیو سەرخسـتنی خەزورەکەی لەسـەردەمی حوکمڕانی ئەمیشدا، محەمەد عەبدولوەهاب، لەتەمەنی ٩٢ ساڵیداو لە١٧٩٢زاینی، کۆچی دوایی کردوە.

عەبدولعەزیز، بەوپێیەی رابەری ئاینیو سیاسی دەوڵەتەکەبوە، لەسەر دابو دەستوری باوکی نازناوی «ئیمـام»ی هەڵگرتوە. هەروەها لەپێنـاو فراوانکردنی قەڵەمڕەویی میرنشینەکەیو گەیاندنی بیری سەلەفی بەناوچەکانیتر، چەندین لەشکرکێشیو هێرشی

١. سنت جون فیلبي: تأريخ نجد، ل ٤٠

٢. عثمان بن بشر النجدی: عنوان مجد... ١٣/١

٣. بڕوانە: وێب سایتی دەوڵەتی سعودی، «بوابە المملكە» http://www.ksa-3.com/

کردۆتە سـەر دەوروبەری درعیە، لەهەمو ئەو هێرشانەش بەناوبانگتر پەلاماردانەکەی شـاری کەربەلایە لە ١٨٠٢ زاینی. ساڵێکیش دوای گرتنی کەربەلا، کابرایەکی شیعە مەزهەبی خەڵکی موسـڵ کە هەندێک سەرچاوە دەڵێن کوردبوە، لەتۆڵەی هێرشەکەو روخاندنی مەزاری سەر ئارامگای ئیمام حسێندا، کاتێک میر عەبدولعەزیز، لەمزگەوتی تەریفی درعیە، سەرقاڵی نوێژکردن بوە، لەدواوە تیرۆریکردوە. بەم پێیە، ناوبراو، پاش ٣٨ ساڵ حوکمڕانییو پاش ١٥ ساڵ لەمردنی محەمەد عەبدولوەهابی خەزورو رێبەری ئاینیی میرنشـینەکەی، ئیمارەتێکی بەرفراوانو بەهێزی بۆ نەوەکانی بەجێهێشـتوە کە لەمێژودا بە دەوڵەتی یەکەمی سـعودیە، بەناوبانگەو دواتر نەوەو کەسوکارەکەی فراوانتریان کردوە[1].

لەدوای مردنی محەمەد عەبدولوەهاب، چوار کوڕی ناوبراو بەناوەکانی حسێن، عەبدوڵڵا، عەلـی، ئیبراهیم، بەهەمان رێگای باوکیاندا رۆشـتونو لەگەڵ میرەکانی دواتری ئال سعوددا، دەسەڵاتی دینو دنیایان لەنێوان خۆیان دابەشکردوە[2]. دوای مردنی محەمەد عەبدولوەهاب، راسـتەوخۆ، حسـێنی کوڕی جێگای گرتۆتەوەو بوە بەشێخو قازیی میرنشـینی درعیەو لەدوای مردنیشی براکانیتری کاروباری بانگەوازکردنو رێبەرایەتی ئاینییان لەئیمارەتەکە گرتۆتە ئەسـتۆ. بەردەوامیی هاوکاری ئال سـعودو نەوەکانی محەمـەد عەبدولوەهاب، بۆتە هۆی ئەوەی سـنوری ئیمارەتی درعیە فراوانتر ببێتو بەهاوکاریی هەمویانو لەرێگای هێرشو لەشکرکێشییەوە، شارەکانی مەککە، مەدینە، تایفو....هتد، یان خسـتە سەرسـنوری قەڵەمڕەوی ئیمارەتەکـە. بەمەش خەونی دامەزراندنـی مەزنە دەوڵەتێکی عەرەبی ئیسـلامییان بەدیهێنا کە شـاری مەککەو مەدینەی لانکەی ئیسلامو ئارامگای پێغەمبەرو شوێنەواری هەنگاو بەهەنگاوی کاروانی بانگی ئیسلامییشیان لەگەڵدابو[3].

لوتکـەی سـەروەریو دەسـکەوتەکانی هاوپەیمانێتـی نێوان بنەماڵـەی محەمەد عەبدولوەهابو ئال سـعودی فرمانڕەوا، لەسەردەمی میر عەبدولعەزیز عەبدولڕەحمان فەیسـەل ئال سـعوددا تۆمارکراوە کە توانیویەتی «شانشـینی عەرەبی سعودیە» دابمەزرێنێـتو ئەمپەڕو پەوپەڕی ناوچەکانی نیوە دورگـەی عەرەبی لەچێوەی ئەم

١ـ هەمان سەرچاوەی پێشو. هەروەها بڕوانە: عثمان بن بشر: عنوان مجد فی تأریخ نجد، ١٢٤/١

٢ـ د. عبدالکریم رافق: المشرق العربی، ل ٢٤٨ ـ ٢٤٩

٣ـ هەمان سەرچاوەی پێشو، ل ٢٤٨

دەوڵەتە نوێیەدا یەکبخات کە بەدەوڵەتی ســعودیەی ســێیەم «شانشینی عەرەبیی سعودیی» دەناسرێت.

عەبدولعەزیز ئال سعود، ســاڵی ١٩٣٢زاینی، لەیەکخستنی پارچەو بەشە پەرتەوازەو جیاجیاکانی ســعودیە بویەوەو سەرجەم میرنشینو خێڵە جیاجیاکانی نیمچە دورگەی عەرەبی لەژێر ناوی «شانشینی عەرەبیی سعودیە»دا رێکخستو دەوڵەتەکەی بەناوی باپیــرە گەورەیەوە ناونا. هەر لەم ساڵەشــدا بەیەکجاریی بنەماڵەی هاشــمییەکانو بنەماڵەی شــەریفەکانو ئال رەشیدو ئالە میرەکانیتری لەسعودیە یان دەرپەڕاند، یان کپکردەوە.. رۆژی ١٩٣٢/٩/٢٢، بەهــاوکاری ئینگلیزەکان، خۆی کردە، فرمانڕەوای یەکەمو بێ رکەبەری ســعودیەو فەرمانی یەکگرتنەوەی وڵاتی راگەیاندو ریازی گەورە شاری هەرێمی نەجدیشی کردە پایتەختی دەوڵەتەکەی[1].

پاش ئەوەی شــا عەبدولعەزیزی دامەزرێنەر، دانیشتوانــی کۆمەڵگای نێو دەوڵەتیی ئەوســەردەمی بۆ (شانشینی عەرەبیی سعودیە) مسۆگەرکرد، بیری کردەوە، کۆتایی بەلەشکرکێشــیو جەنــگ بهێنێتو ئەو کادرو جەنگاوەرە سەلەفیانەشــی تائێســتا لەپێناو یەکخستنی وڵاتو بڵاوکردنەوەی بیری سەلەفی جەنگاون، بۆ بەرقەرارکردنی ئاســایشو هێورکردنەوەی ناوخۆ ئاراســتەبکات. هەر لەم میانەیەشــداو لەســاڵانی ســییەکاندا فەرمانیکرد دەزگای «الامر بالمعروف والنهی عــن المنکر»، دابمەزرێت کە ئێســتا لەناوەندە رۆژئاواییو دەرەکییەکانی ســعودیەدا بە «باچاوەشی ئاینی» دەناســرێت. یەکەم ســەرۆکی ئەم دەزگایە، کەئێستا ســەر بەبەڕێوەبەرێتی گشتی هێزەکانی ئاسایشــی ناوخۆیە، شــێخ عەبدولعەزیز عەبدوللەتیفی کوڕەزای محەمەد عەبدولوەهاب، بوە.

«باچاوەشی ئاینی» کە تەنها لەسعودیەدا هەیەو لەناوچەکەو جیهان دامەزراوەیەکی دانســقەیە، دەزگایەکــی گرنگی ئاینــیو ئەمنیی ئــەم وڵاتەیەو پــڕە لەهەڵگرانو داکۆکیکارانــی بیری ســەلەفیو تائێســتا ئامارێکــی بڕواپێکراو لەبــارەی ژمارەی کارمەندەکانی لەبەردەســتدانییە[2]. راپۆرتێکی فەرمیی ئەم دەزگایە باس لەوەدەکات،

١ـ محمد عتریس: معجم بلدان العالم، ل ١٣٢

٢ـ ســیدی احمد بن احمد ســالم، لەوتارێکدا کە بەناوی التیار الســلفی الســعودی، لەبەشی مەعریفــەی (ئەلجەزیرە نێت ـ ٢٠٠٣) دا بڵاویکردۆتەوە، بــاس لەوەدەکات دەزگاکە ٣٠٠ هەزار کارمەندی هەیەو بەســەر ١٠ هەزار بنکەدا دابەشکراون، بەڵام ئامارە نیمچە فەرمییەکان جەخت دەکەنەوە کە ژمارەیان کەمتر لە ١٠ هەزار کارمەندە.

تەنها لە ســالّی ٢٠٠٩ دا، روبەڕوی ٤٠٠ هەزار دۆســییەو کێشەی ئاینیو کۆمەڵایەتی بونەتــەوەو ٧ ملیۆن چالاکیی جۆراوجۆری بانگخوازیی ئیســلامییان لەشــارەکانی ســعودیە بەئەنجام گەیاندوە. ســەرەکیترین کاری دەزگای «الامر بالمعروف والنهی عــن المنکر» جێبەجێکردنی دەقاودەقی ڕێبازی ســەلەفیو رێنماییەکانی بانگەوازی وەهابییە لەعەرەبستانی ســعودی. کارمەندەکانی ئەم دەزگایە، بەهەموجۆرێک رێگا لەو دیاردانە دەگرن کە پێیان وایە شــیرکو بیدعەو خراپەن بۆ ئیسلام. لەکارنامەی فەرمیی ئەم دەزگایەدا، کاری ئــەم دامەزراوەیە بە «قەدەغەکردنی بێڕێزی بەرانبەر ئیســلام، قەدەغەکردنی فرۆشتنو مامەڵەکردن بەسەرچاوەو نوسراوو کاسێتو فیلمی نەگونجاو لەگەڵ شــەریعەت، قەدەغەکردنی بیدعە وەک: بەرزڕاگرتنی هەندێک کاتو شــوێن کە لەسوننەتدا نەهاتونو یادکردنەوەی بۆنە نائیسلامیو داهێنراوەکان، کاری سیحرو جادوگەریی، پاراســتنی ئاکارو ئەخلاقی ئیسلامیانەو.....هتد». دیاریکراوە. «باچاوەشــی ئاینی» رێگا لەتێکەڵاوبونی پیاوانو ژنان دەگرێت.. کڕینو فرۆشــتن لەکاتی نوێــژی جەماعەتدا رادەگرێت. بۆ راپەڕاندنی کارەکانیشــیان، کارمەندەکانی لەبەردەم بینای دامەزراوە گشتییەکانو لەنێو بازاڕەکاندا ئێشک دەگرن. لەراپۆرتێکی ســالّی ٢٠٠٨ ی کۆمەڵــەی نیشــتمانی مافــی مرۆڤی ســعودیدا، رەخنــەی ئەوە لەدەسەڵاتەکانی ئەم دەزگایە گیراوە کە «دەسەڵاتەگەلێکی دیاری نەکراوو بەرفراوانو وردنەکراونەتەوە».

«باچاوەشــی ئاینــی» یەکێکــە لەکۆمەڵێــک دەزگای ئاینــیو دادگەرییتری وەک (دەســتەی گەورە زانایــان)، (وەزارەتی ئەوقاف)، (وەزارەتــی داد)، زانکۆو کۆڕو کۆمەڵە شــەرعیو ئاینییەکان، رێکخراوە کۆمەڵایەتیو خێرخوازەکانی ســعودیە، کە لەلایەن زانایانو کادرانی ســەر بەتەوژمو رێبازی سەلەفییەوە بەڕێوەدەبرێن. هەر بەم هۆیەشــەوە بەشێوەیەکی نیمچە بەردەوام شــیعەکانی رۆژهەڵاتی سعودیەو نوخبەی عەلمانیو رۆژئاواخوازی سعودی لەتاراوگەوە، لێی دەخوێننو داوای راگرتنی کارەکانیو هەندێکجاریش هەڵوەشاندنەوەی دەزگاکە دەکەن.

لەسەر نەرێتی باوباپیرانی شانشینەکەش، تاهەنوکە موفتی سعودیەو وەزیری ئەوقافی ســعودیە، کە دو کەسایەتی ئاینین، لەنەوەو بنەماڵەی محەمەد عەبدولوەهابن. بەڵام سیستمی سیاســی ئەم وڵاتە پادشــایەتیو حوکمڕانی، تەنیاو تەنیا، لەدەستی ئال سعوددا قەتیس دەکاتو بەپێی ماددەی پێنجەمی دەستوری سعودیە کە بە«یاسای بنەڕەتی» دەناســرێت، بەمەرج گیراوە، بەهەمیشــەیی پادشای سعودیە لەباشترینو

راسـاڵترین کوڕانو نەوەکانی عەبدولعەزیز ئال سعودی دامەزرێنەرو یەکخەری وڵات، دەستنیشـان بکرێن. لەهەمان کاتو لەدەسـپێکی ئەم دەسـتورەدا کە ساڵی ١٩٩٢ زاینی، بەمەرسـومی شـاهانەی مەلیک فەهد عەبدولعەزیز ئال سعود، چەسپێنراوە، دەڵێت «ئەو بانگەوازە ئیسلاحییەی لەسعودیەدا سەریهەڵداوە ـ مەبەست بزوتنەوەی وەهابیـی سـەلەفییە ـ پایەی حوکمڕانـی وڵات دەنوێنێتو لەسـەر: پەیڕەوکردنی شـەریعەتی ئیسلام، فرمان بەچاکەو نەهی لەخراپە، جێبەجێکردنی ئەحکامی شەرع، چاککردنـی عەقیدەو پاکژکردنەوەی لەبیدعە بنیاتنـراوە. ئەمەش لەو بەهاو بنەما ئیسلامییە دروستانەوە وەرگیراون کە لەسەرەتای ئیسلامدا باوو بڵاوبون».

بەڵام پاش بـەدوای یەکداهاتنی جەنگەکانی کەنداوو سـەرهەڵدانی دیاردەی تیرۆرو باڵادەسـتبونی بەها رۆژئاواییەکان بەسەرجیهانەوە، بەشـێوەیەکی گشتیو بەرچاو هەستدەکرێت، رۆژ لەدوای رۆژ، رۆڵی تەوژمی سەلەفی لەسعودیەدا لەبەشدارو شەریکی حوکمەوە، دەگۆڕێت بۆ پاشکۆی دەوڵەتو بنەماڵەی ئال سعود. بەشێوەیەکی نیمچە بەردەوامو رۆژانەش، لەلایەن خەڵکە عەلمانیو لیبراڵەکانی سعودیەوە کێشەو لەمپەر بۆ ئەم بیرە موحافیزکار ئاینییە دروسـت دەکرێت. بەپێچەوانەی دەوڵەتی سعودیەی یەکەمەوە، لەئێستادا تەنها میرەکانی ئال سعود، خاوەن پایە سیاسیو ئابورییەکانی سعودیەو بڕیار بەدەسـتی یەکەمی وڵاتو بکوژو ببڕی هەموشتێکن. هەندێک لەمیرو شـازادەکانی ئـەم بنەماڵەیەش کـە ژمارەیان زیاتر لە٧ هەزار میرو کاربەدەسـتە، بەپێچەوانەوەی بیری سەلەفییەوە کاردەکەنو لەئەوروپاو ئەمەریکاوە، پارەی بێشومار تەخشانو پەخشان دەکەنو کەناڵو دامودەزگای خراپ بەڕێوەدەبەن. هەروەها بەشێک لەم میرانەش زیاتر بەلای نزیکبونەوە لەکلتورو گۆڕانەکانی رۆژئاوادا دەچنو بەشێکی کەمیان کە میر نایف عەبدولعەزیزی جێگری سـەرۆک وەزیرانی سعودی، رێبەریانە، لەسـەر پەیوەستبون بە بیری سـەلەفەوە پێداگریی دەکەن. لەناوخۆی سعودیەشدا کاریگەریو رۆڵی زانا ئاینییەکانی هەڵگری بیری سـەلەفی هیچ لەئاسـت سەردەمە پێشـوەکاندا نییەو بەتایبـەت دوای روداوەکانی ١١ ئەیلولی ٢٠٠١، لەژێر گوشـاری ئەمەریکاو خۆرئاوادا، خراوەنەتە ژێر چاودێریو جگە لە بوارە فیقهیو عەقیدەییەکان، بوارێکی ئەوتۆیان پێنادرێت قسە لەکایە سیاسییە زۆر هەستیارەکاندا بکەن.

هەڵوێستی ئینگلیزو عوسمانییەکان لەبیری وەهابی

بزوتنەوەی وەهابی لەجێگایەکدا ســەریهەڵدا کە مەکۆی تەماعو چاوتێبڕینی هەریەک لەتورکە عوســمانییەکانو هێزی ئیســتیعماری بەریتانی بو، ئەویــش نیوە دورگەی عەرەبییە.

عوســمانییەکان کە بەناو حوکمڕانی نیوە دورگەی عەرەب بون، خۆیان بەســوڵتانو خەلیفەی کۆی جیهانی ئیســلام لەقەڵەمدەداو گومــان لەوەدانییە لەهەموکەس زیاتر بەســەرهەڵدانی بزوتنەوەی وەهابی قەڵسو بێزاربــون. بەتایبەت کە تێکڕای گوتاری سەلەفیانەی وەهابییەکان، لەگەڵ تانوپۆی ئایدۆلۆژیای سۆفیگەریی عوسمانییەکاندا، دژ دەوەستایەوە.

هەرچەندە، تائێســتا هیچ هەڵوێستێکی دژی عوســمانی لەمحەمەد عەبدولوەهابەوە تۆمارنەکراوەو نەگەشتۆتە دەست لێکۆڵەرانو مێژونوسانو لەماوەی ژیانی خۆیدا چوار سوڵتانی عوســمانی بەبێدەنگیی بەڕێکردوە[1]، بەڵام لەراستیدا جموجوڵو بیروڕاکانی هەڕەشــەیەکی جدیو گەورەبون لەســەر نفوزو دەسەڵاتی دەوڵەتی عوسمانی[2]. بەو پێیەشی سوڵتانی عوسمانی خۆی بەخەلیفەی ئیسلامو پارێزەری یەکدەنگیی جیهانی ئیســلام زانیوە، بەهێزترین والی خۆی: محەمەد عەلی، والی میســری راســپاردوە، هەرای وەهابییــەکان دابمرکێنێتەوە. بەڵام لەم هەوڵەدا، ســەرکەوتو نەبونو ناچار عوســمانییەکانو والییە بەهێزەکەشــیان لەمیســر قڕوقپیان لەبزوتنەوەی وەهابیی کردوە.

هەرچی بەریتانییەکانیشە یەکەمجار لەهیندستانەوە هەستیان بەمەترسیی وەهابییەکان کرد، چونکە بانگخوازێکی وەهابیی بەناوی «ئەحمەد بن عیرفان» کەوتە سەنگەرگرتن لەقادیانییەکانــی دۆســتی ئینگلیزو چەنــد بزوتنەوەو جموجوڵێکی ئیســلامی دژە ئینگلیزی ســەریانهەڵدا کە بزوتنەوەی وەهابییان بەرێنماو مامۆســتاو سەردەستەی

١ـ تحسن ابراهيم الدوسكي: مزكرات الجاسوس الانكليزي همفر في الميزان، ل ٤٨ ـ ٤٩

٢ـ محمد قطب: كيف نكتب التأريخ الاسلامي، ل ١٨٣

خۆیان دەزانی[1]. ئەمە جگە لەوەی بڵاوبونەوەی ســـەلەفی لەنێو هۆزە عەرەبییەکانی نیوە دورگەی عەرەبو ســـەر کەنداوی فارسدا، هەستی ئاینی تێدا ژیاندنەوەو بەپشت بەستنو کۆمەک وەرگرتن لەسوپای نەجدی وەهابی، کەوتنە هێرشکردنە سەر قافڵەو کاروانە بازرگانییەکانی «کافرو مولحیدە» ئینگلیزیو ئەوروپییەکان[2].

بۆ بەرگرتن لەم مەترســـییەش ئینگلیزەکان ئەفســـەرێکی پایەبەرزی خۆیان بەناوی ســـادلیر، ناردە ناوچەکەو لەساڵی ١٨١٩ دا، ســـادلیر گەشتە ئیبراهیم پاشای کوڕی محەمەد عەلی والی میسرو دەستخۆشی بەرەنگاربونەوەی وەهابییەکانی لێکرد[3].

جێـــگای خۆیەتی لێردەا، ئاماژە بەیاداشـــتنامەیەک بکرێت کە بەنـــاوی (همفەر)ی «ســـیخوڕی بەریتانییـــەوە» بڵاوکراوەتەوەو تێیدا باس لـــەوە دەکات، «بانگەوازی وەهابیی دەستنێژو دەستکردی ئینگلیزەو دژ بەعوسمانییەکان دروستکراوە». نوسەری نادیارو بێناونیشانی ئەم یاداشتنامەیە گەلێک تۆمەتیتری جۆراوجۆری لەچەشنی مەی خواردنەوە، نوێژ نەکردن، درۆکردن، ســـیغەکردنی ژنو.....هتدی ئاراستەی محەمەد عەبدولوەهابی نوێکەرەوە ســـەلەفییەت، کردوەو بەســـیفەتی ســـیخوڕێکی بەریتانی بانگەشـــەی سەرۆکاریکردنو ئاراستەکردنی بزاڤی وەهابیی دەکات. ئەم یاداشتانە کە تائێســـتا ناوی تەواوی نوسەرو دەزگای چاپکردنی ســـاغ نەبۆتەوە، لەلایەن چەندین ناوەندو نوسەری ســـەلەفییەوە بەتوندی رەتکراوەتەوە. مامۆستایەکی زانکۆی (دان فیداڵ) ی شـــاری لۆس ئەنجلســـی ئەمەریکا، بەناوی عەبدوڵڵا ئیبراهیم ئەلعەسکەر، لەوتارێکـــدا کـــە مانگی حوزەیرانـــی ســـاڵی ٢٠٠١ لەرۆژنامەی (الریاض) ســـعودی بڵاویکردۆتەوە جەخت دەکاتەوە، دوای گەڕانێکی زۆر لەئەرشـــیفی بەریتانیو لەگەورە کتێبخانەکانی رۆژئاوا، بەدوای ناوو ناونیشانی (همفەر) دا سەری لەهیچەوە دەرچوەو تەحەدای ئەوانەش دەکات، «یاداشـــتەکانی همفەر»، بڵاودەکەنەوە «ناوو ناونیشانی تەواوی دەست بخەنو ئەگەر راستەو بونی هەیە بۆ خەڵکو خوێنەرانی ئاشکرابکەن». عەبدوڵڵا ئەلعەسکەر، کە لەلۆس ئەنجلس، مامۆستای فەلسەفەیە، جەخت دەکاتەوە، «یاداشـــتنامەکە هەڵبەستراوو وەهمییە.. کەســـێک بەناوی همفەر لەهیچ ئەرشیفو

١. تحسين ابراهيم الدوسكي: مذكرات الجاسوس.. ل، هەروەها محمد كمال جمعه: دعوه الشيخ محمد بن عبدالوهاب خارج الجزيره العربيه ل٦٣ ـ ٦٥

٢. رياض النجيب الريسي: مصاحف وسيوف.... ل ٣٢٧

٣. سادلير: رحله عبر الجزيره العربيه، ترجمه أنس الرفاعي ل ٥٨ ـ ٨٧

بەڵگەنامەیەکـــی خۆرئاواییو بەریتانیدا بونی نییە، ســـەراپای کتێبەکەش بەرهەمی خەیاڵەو لەساڵانی جەنگی ساردا نوسراوە».

یەکێک لەپیاوە ئاینییەکانی، نەیاری بانگەوازی وەهابییەکان، لەبەرنامەیەکی کەناڵی «المســـتقلە» کە مانگی نیسانی ٢٠٠٩، پەخشکرا، باســـی لەوەکرد، «یاداشتەکانی همفەر» لەلایەن مەرجەعێکی شیعەوە بەناوی محەمەد شیرازیی، هۆنراوەتەوەو ئامانج لێی نابوتکردنی بانگەوازی ســـەلەفییە. ئەم دانپێدانانـــەی پیاوە ئاینییەکەی نەیاری وەهابییەکان، کە ناوی شێخ حەسەن فەرحان مالیکییە، ناوەندو ماڵپەڕە سەلەفییەکان، دەیکەنە بەڵگەو گەواهیی ئەو بۆچونەیان، کە چەندین ســـاڵە لەســـەر هەڵبەسراوی یاداشـــتنامەکەو شـــوێنبزرییو وەهمی بونی ئەو (همفەر) ناوە دەیخەنەڕو. جگە لەو بەرنامە تەلەفزیۆنییە، حەســـەن مالیکی، لەلاپەڕە ١٢٦ ی کتێبەکەیدا، «قراءة نقدیە لمذهب الشـــیخ محمد بن عبدالوهاب»، دەڵێت «تۆمەتبارکردنی وەهابییەکان بەوەی دەســـتنێژی بەریتانیان، تۆمەتێکی پوچە، ئەو یاداشتانەشی باس دەکرێت گوایە هی (همفەر) ناوێکەو، لەشاری بەسرە محەمەد عەبدولوەهابی دیوەو دژ بەعوسمانییەکان بەرەو ناوچەی نەجد ئاراســـتەی کردوە... هتد. هەموی بوهتانو شـــتێکی بێمانایە. چونکە، محەمەد عەبدولوەهابو ئال سعود، ماوەی بیست ساڵ، هەوڵی گرتنی شاری ریـــازو دەوروبەریان داوە، ئەگەر کۆمەکی ئینگلیزیان هەبوایە، پێویســـتیان بەم ماوە زۆرە نەدەکردو بەچەند رۆژێکی کـــەم کۆنترۆڵیان دەکرد». هەروەها مالیکی دەڵێت «لەرێگای هەندێک شـــیعەی میانڕەوەوە زانیومە، شـــیعەیەکی ئیمامی یاداشتەکانی همفەری لەبەرهەمی خەیاڵی خۆی هۆندۆتەوە، ئەگینا کەســـێکی بەریتانی بەم ناوەوە بونی نییە».

جگە لەمانە نوســـەرێکیتری سەلەفی بەناوی (مالیک حەســـەن)، لەژمارە ٣١، ٣٢، ٣٣ ی گۆڤاری (الاصالة) ی ســـەلەفییەکاندا، لێکۆڵینەوەیەکی وردو درێژی لەســـەر بەدرۆخســـتنەوەی «یاداشـــتەکانی همفەر» بڵاوکردوەتەوە باس لـــەوەدەکات، دوای بەدواداچونـــی بەروارو مێژوەکانی نێو یاداشـــتنامەکە دەردەکەوێت، ئەوکاتەی گوایە ســـیخوڕە بەریتانییە گریمانکراوەکە (همفەر)، محەمەد عەبدولوەهابی دیوە لەبەسرە ســـاڵی ١٧١٣ زاینی بوە، شتێکی ئاشـــکراو سەلمێنراویشە کە محەمەد عەبدولوەهاب لە ســـاڵی ١٧٠٣ زاینی لەدایکبوە، کەواتە لەوکاتەدا تەمەنی دە ســـاڵ بوە، ئەمەش ناکۆکو نەگونجاوە لەگەڵ لاپەڕە ٣٠ هەمان یاداشـــتنامە کە لەســـەر زاری ئەو همفەر نـــاوەوە هاتوە، گوایە کاتێک ئەو، محەمەد عەبدولوەهابی لەبەســـرە دیوە، گەنجێکی

قیتو قۆزو تەماعکاربوەو زمانەکانی تورکیو فارسیو عەرەبی زانیوە. هەروەها مالیک حەســـەن دەڵێت «ئەمە بەسە بۆ پوچەڵکردنەوەی ئەو یاداشتانە». ناوبراو، چەندین هەڵەیتری بەرواری زانیاری مێژویی لەم یاداشتنامەیەدا ئاماژە پێدەکاتو دەڵێت «ئەم همفەر ناوە، نەناســـراوەو کوا زانیاری تەواو لەســـەری؟ کوا ناوو ناونیشـــانی تەواوو پیشـــەو ئەرکەکانی لەنێو بەڵگەنامەکانی حکومەتی بەریتانیا؟؟». هەروەها رەخنەش لەوەدەگرێت کە چاپەکانی کتێبەکە هیچ ناونیشـــانی چاپخانەو ساڵی چاپیان لەسەر نییەو ناشـــزانرێت ئەم یاداشتنامەیە بەچ زمانێک نوسراوەو کێو چۆن وەریگێڕاوە بۆ عەرەبی، ئەمە جگە لەوەی بەپێی بەرواری سەر یاداشتنامەکە دەردەکەوێت ١٧٩ ساڵ دوای مەرگی محەمەد عەبدولوەهاب، نوسراوەو مالیک حەسەن دەڵێت «ئەگەر همفەر، هاوچـــەرخو هاوتەمەنی محەمەد عەبدولوەهاب بـــوەو ئەو، هانیداوەو کۆمەکی کردوە، چۆن ١٧٩ ســـاڵ لەدوای محەمەد عەبدولوەهاب ژیـــاوە؟؟». لەدوا بڕگەی وەڵامەکەیدا مالیک حەســـەن، ئاماژە بەوەدەکات، لەلاپەڕە ٣٨ ی یاداشتنامەکەدا هاتوە «همفەر متمانەی کردوە بە محەمەد عەبدولوەهاب کە سیغەکردن (مارەی کاتی) ژنان حەڵاڵەو سیغەی لەگەڵ ژنێکی مەسیحیدا بۆ رێکخستوە. بێ ئاگا لەوەی محەمەد عەبدولوەهاب، کتێبێکی دژی شـــیعە نوسیوەو لەو کتێبەشـــدا دژی دیاردەی سیغە (مارەی کاتی) وەستاوەتەوەو بەتوندی رەتیکردۆتەوە.

بەشی دووەم
بیری سەلەفییەت

سەلەف، لەزمانەوانیدا، واتە: پێشینان. ئەمەش ئاماژەیە بەو کۆمەڵو کەسایەتییانەی لەپێش ئێمەوە رابردونو لەژیاندا نەماون. بەڵام لای سەلەفییەکان، مەبەست لەم زاراوەیە، خەڵکی سێ چاخە یەکەمەکەی ئیسلام (صحابة، تابعين، اتباع التابعين) ن کە پێغەمبەر(صلى الله عليه وسلم)، ستایشی کردونو دەربارەیان دەفەرموێت «خير الناس قرني ثم الذين يلونهم، ثم الذين يلونهم، ثم يأتي من بعد ذلك ناس يشهدون ولايستشهدون ويأمنون ولايؤتمنون ويكثر فيهم الكذب»[1]. واتە: باشترین خەڵک ئەوانەی سەردەمی منن، دواتر ئەوانەی دوای من، دواتر ئەوانەی دوای ئەوان دێن، لەپاشان کۆمەڵێک سەرهەڵئەدەن متمانەیان لەسەر نییەو ناکرێنە شایەتو درۆکردن لەنێوانیاندا زۆر دەبێت». لەگێڕانەوەیەکیتری فەرمودەکەدا هاتوە «خير الناس قرني، ثم الثاني، ثم الثالث، ثم يجيء قوم لاخير فيهم» صحيح الجامع ٤١٣٠. واتە: باشترین خەڵک ئەوانەی سەردەمی منن، دواتر دوەمو دواتر سێیەم، لەپاش ئەوانیش خەڵکانێک دێن چاکەیان تێدانییە.

لەئەدەبیاتی سەلەفییەکاندا، خەڵکی دوای ئەم سێ سەردەمە، بەخەلەف، واتە: پاشین دەناسرێن. ئەم خەڵکانەش بەهۆی تێکەڵبونیان بەفەلسەفەو شارستانیەتە بیانییەکانەوە، لەهەندێک بواری ئاینیدا جیاواز لەپێشین بیریان کردۆتەوەو پێغەمبەریش(صلى الله عليه وسلم)، دەربارەیان دەفەرموێت «لاخير فيهم». لەسەردەمی خەلەفدا سوڵتانو فرمانڕەوا موسوڵمانەکان، خەڵاتو دیاری تایبەتیان تەرخاندەکرد بۆ ئەوانەی سەرچاوە بیانییە گرێکیو رۆمانیو فارسییەکانیان وەردەگێڕایە سەر زمانی عەرەبی، ئەمەش بوبەهۆی سەرهەڵدانی زانستی کەلامو فەلسەفەی ئیسلامیو زوهدو شێوە خواپەرستیی سۆفیانە، کە سەراپا لەسەر جیاوازیو ناکۆکی لەگەڵ تێڕوانینی سەلەف بۆ بیروباوەڕ بنیاتنراوە.

وەهابییەکان کە داکۆکیکەرو درێژەپێدەری تێگەشتنی سەلەفیانەن بۆ ئیسلام،

1. رواه البخاري ١١٨/٤، ابن أبي عاصم ١٤٦٦، ترمذي ٣٨٥٩، أحمد ٣٧٨/١.

ئەوەندەی بۆچونو تێڕوانینەکانیان هەڵقوڵاوی فامو تێگەیشتنی پێشینە باشەکانی، ئەوەندە بیروباوەڕو قوتابخانەیەکی عەقیدەیی سەربەخۆ نییە.. تێکڕای ناوەڕۆکی گوتارو داواکاری وەهابیی، زیندوکردنەوەو جێبەجێکردنی بیروباوەڕی پێشینانی ئیسلامو ڕەتکردنەوەی تەریقەتو داهێنانی پەرستنە لەنێو کۆمەڵگا. وەهابییەکان، جەخت لەسەر ئەوەدەکەنەوە، «پێویستە هەمولایەک لەکانگای دڵەوە سێ چاخە زێڕینەکەی ئیسلام، بکەنە مەرجەع، بۆ بیروباوەڕو ئیلهام وەرگرتن». هەرکاتیش خەڵک گەڕانەوە بۆ سەر تێگەشتنو باوەڕی سێ سەردەمی یەکەمی مێژوی ئیسلام (صحابة، تابعین، أتباع التابعین)، ئەوە ئۆتۆماتیکی کۆمەڵگای «ئەهلی سوننەو جەماعە» لەتیۆرو بیردۆزەوە دبنە راستیو ڕەفتار. هەر لەم سۆنگەیەشەوە، شوێنکەوتوانی سەلەف پەیوەست نین، بەئاینزایەکی دیاریکراوی ئیسلامیی، لەچەشنی ئاینزاکانی حەنەفیو مالیکیو شافیعیو حەنبەلیی. بەڵکە لەبری شوێنکەوتنی ئاینزاکان، داکۆکیو جەخت لەسەر گەڕانەوە بۆ قورئانو فەرمودە، بەتێگەشتنو ڕاڤەی زانایانی پێشین، دەکەن.. لەهەمانکاتدا، بۆچونە شەرعزانییەکانی ئیمام ئەحمەدی کوڕی حەنبەلیشی لەگەڵدابێت، کە بناغەدانەری فیکری سەلەفییەتە، دەمارگیریان بۆ هیچ ئاینزایەکی دیاریکراونییەو بەلایانەوە ئاساییو ڕەوایە، لەبواری شەرعزانیدا، پەیڕەوی لەبۆچونیتری جیاواز لەبۆچونی ئاینزای حەنبەلی، بکەن. بەلای ئەوانەوە، قورئانو فەرمودەی دروست، لەپێش رای شەخسیی سەر مەزهەبەکانی ئیسلامەوەیە. هەروەها لامەزهەبییو شوێن نەکەوتنی هیچ ڕێبەرو تەریقەتێک، یەکێکە لەو شتانەی ئەوان، لەجەماوەری خەلەفی موسوڵمان جیادەکاتەوە کە زۆربەیان پێیانوایە، دەبێت هەموکەس یەکێک لەئاینزاکانی ئیسلام یان تەریقەتەکان هەڵبژێرێت بۆ تەقلیدکردنو نابێت کەس بەبێ ئیمامو ڕێبەر بمێنێتەوە. شێخ محەمەد ناسرەلدین ئەلبانی، کە داڕێژەو عەڕابی لامەزهەبیی سەلەفییەکانە، لەیەکێک لەموحازەرەکانیدا دەڵێت «لەبری مەزهەبگەرایی.. سەلەفییەکان پێیانوایە ئەسڵ شارەزابونە لەشەرعو وەرگرتنی حوکمەکانە ڕاستەوخۆ لەقورئانو سوننەت». ئەلبانی، ئەو ئایەتەش دەکاتە بەڵگە کە دەفەرموێت «اتَّبِعُواْ مَا أُنزِلَ إِلَيْكُم مِّن رَّبِّكُمْ وَلاَ تَتَّبِعُواْ مِن دُونِهِ أَوْلِيَاء». الأعراف:٣. واتە: هەرچی لەپەروەردگارتانەوە بۆتان نێردراوەتە خوارەوە، شوێنی کەونو بەغەیرە ئەو، مەکەونە شوێنی سەرپەرستانی دیکە. بەڵام ناوبراو، دان بەوەدا دەنێت، هەموخەڵکی ئاساییو سادە، ناتوانن لەو ئاستە زانستیو توانا زمانەوانیەدا نین، ڕاستەوخۆ ئەحکامو فەتوا، لەقورئانو سوننەت وەرگرن، و بۆ چارەسەری ئەمەش دەڵێت «خودا

بەپێی توانا داواکاری لەخەڵک دەکات، هەرکەس نەیتوانی راستەوخۆ فەتواو ئەحکام لەقورئانو ســوننەت وەرگرێت، ئەوە ئاساییە پەیڕەوی لەرای ئیمامەکان بکاتو دوای رای ئاینزایەک بکەوێت». ناوبراو، هانی ئەو موسوڵمانانەش دەدات کە خوێندەواریو شارەزاییان هەیە، بچنە لای زانایانی شارەزاو لەبری پەیڕەویکردنی کوێرانەی ڕاوبۆچونە مەزهەبییەکان، ســۆراغی بەڵگەکانی فەتواکانیان بکــەنو ئەوەندەی پێیان دەکرێت لەبــری تەقلیدی مەزهەبەکان، هــەوڵ بدەن بزانن رای کامیان بەڵگەدارو دروســتە، پەیڕەوی لەڕای ئەوەیان بکەن. هەروەها بەبۆچونی ســەلەفییەکان ئەم لامەزهەبییەی ئەوان، هیچ ناکۆکیو دژایەتی ئیمامەکانی سوننەی تێدانییە، چونکە ئیمامەکان خۆیان چەندین جار جەختیان کردۆتەوە کە فەرمودەی دروست، ڕێبازی ئەوانەو ئەلبانی لەم بارەیەوە دەڵێت «هەندێک کەس بەوە تۆمەتباریانکردوین کە تانە لەچوار ئیمامەکەی ســوننە دەدەین، بەڵام چۆن گورگ لەخوێنی یوسفی کوڕی یەعقوب بێئاگایە، ئاوەها ئێمەش لەم قســەیە بێئاگاین». هەر لەمبارەیەشەوە، محەمەد عەبدولوەهاب دەڵێت «ئێمە شــوێنکەوتەی: قورئان، فەرمودە، پێشینە باشەکانی ئوممەت، ڕێبازی چوار ئیمامەکە: ئەبی حەنیفــەی نوعمان، مالکی کوڕی ئەنەس، محەمەدی کوڕی ئیدریس (شــافیعی)، ئەحمەدی کوڕی حەنبەلین، رەحمەتی خودایان لێبێت». (بڕوانە مؤلفات الشيخ ـ القسم الخامس ـ الرسائل الشخصيه لا ٩٦)

گوتاری وەهابییەکان، کتو مت، وەک بیری سەلەفییەتی سەردەمەکانی ئیمام ئەحمەدو ئیبن تەیمیە، بەســادەیی دەربڕین، ئاشکرایی مەبەست، بڕوابەخۆبون لەخستنەڕودا، لەدیدگا ئیســلامییەکانیتر، جیادەکرێتەوە. ئەم بیرو گوتارە، بەشــێوەیەکی گشتی، لەســەر دوو بنەمای ســەرەکی بنەڕەتە، یەکەمیان: جێبەجێکردنی یەکتاپەرســتی خودایە لەهەمو جۆرەکانی عیبادەت. دوەمیشیان: پاککردنەوەی سەرچاوەو بەرهەمە ئاینییەکانــە لەفەلســەفەو بیروبــاوەڕی گروپەکانی نەیاری بیروباوەڕی پێشــینانی ئیســلامو هەروەها پاکژکردنەوەی فەرمودەکانی پێغەمبەری ئیسلامە (صلى الله عليه وسلم) لەفەرمودەی سەنەد لاوازو فەرمودەی هەڵبەسراو.

ئەو ژینگەو دەوروبەرەی محەمەد عەبدولوەهاب، تێیدا کاری دەکردو تێیدا چالاک بو، هیچ پێویستی بەدەربڕینی ناواخندارو فەلسەفەکاری نەبوە، هەر لەبەر ئەمەش بۆچونو بیروڕای ســەلەفییەکان، لای هەموکەس ئاشــکرایەو بەکورتی هەموی لەچوارچێوەی «بەتاک ناسینو بەتاک پەرســتنی خودا» کورت دەبێتەوە. گوازرشتکردنی محەمەد عەبدولوەهــابو قوتابخانەکەی لەمەســەلەی یەکتاپەرســتی قەتعــیو یەکلایەنەیەو

بەبەردەوامیی لەدەوری چەند پێوەرو تێگەشتنێکی لێکچوی جێگیر چەقی بەستوە، کە سازشــکردنو کارلێککردن، لەگەڵ بۆچونیتری جیاوازو پێچەوانەدا قبوڵ ناکات[١]. هەر ئەمەش وایکردوە نەیارەکانیان بە «وشک، لەخۆبایی» ناودێریان بکەن. بەپێچەوانەی رێچکە عەقیدەییەکانی تەسەوفو گروپە ئیسلامییە فەلسەفیو عەقڵانییەکانیتریشەوە، گوتارو بەرهەمی سەلەفییەکان هیچ زاراوەسازیو گرێو ئاڵۆزیو پێچو پەنای زمانەوانیو گوزارشــتکردنی تێدانییە، بەجۆرێک هەرکەس خوێنــدەواری هەبێتو زمانی عەرەبی بزانێت، بەسانایی دەتوانێت لێی حاڵی ببێت.

١ـ محمد جابر الانصاری، الفکر العربی وصراع الاضداد ل ٢٥

یەکتاپەرستی لەبیری سەلەفیدا

سەلەفییەکان پێیان وایە، ئاینی ئیسلام، هێندەی جەخت لەسەر، یەکتاپەرستیو بەتاک ناسینی خودا، دەکاتەوە، ئەوەندە، جەخت لەسەر باوەڕهێنان بەبون (وجود) ی زاتی خوا ناکاتەوە. چونکە بونی خودا سەلمێنراوێکی سروشتیو فیترەتییە، بەڵام یەکتاپەرستی خودا، فەرامۆشکراوەو کێشەو تەئویلی زۆر دایپۆشیوە. بۆ پشتڕاستکردنەوەی ئەم بۆچونەشیان، ئاماژە بەپەناگرتنی خەڵک بەشێخو پیاوچاکەکانو دارودرەختو گۆڕەکانو سوێند پێخواردنو هیوابون بەکاریگەرییان، دەکەن کە بەشێوەیەکی بەربڵاوو لەژێر پەردەی خواپەرستیو لەچوارچێوەی ئیسلامدا لەهەمولایەکی جیهانی ئیسلامیدا ئەنجامدەدرێن[1] *.

هەرچەندە بەرواڵەت، بیرۆکەی یەکتاپەرستی سادەو ئاسانە، بەڵام کاریگەری زۆری لەسەر باری دەرونیو رەفتاری کۆمەڵایەتی تاکی موسوڵمان هەیە.. ئەم شێوە خواپەرستییە، جەخت لەپەیوەستبونی تەواوەتی مرۆڤ تەنهاو تەنها بە (الله) دەکاتەوە.. هەستو هۆشی بەدوردەخاتەوە لەهەمو چەشنە کاریگەریو پیرۆزیو تارماییەکیتری گریمانکراوی دەستکرد.. سەربەخۆییەکی خۆبەخۆیی بۆ مرۆڤ، بەرامبەر هەمو ئەو شتانەی دروستکراوی خودان، دەستبەردەکات. بەکوردییەکەی

---

١. محمد عبدالوهاب: کتاب التوحید، ل ١٠ ـ ٢٠

* بەڵگەی سەلەفییەکان بۆ لەپێشتریی یەکتاپەرستی خودا، کۆمەڵێك ئایەتی قورئانە لەوانەش: «ومن أضل ممن يدعو من دون الله من لا يستجيب له إلى يوم القيامة وهم عن دعائهم غافلون» (الأحقاف ٥). «يدعو من دون الله ما لا يضره وما لا ينفعه ذلك هو الضلال البعيد « (الحج ١٢). «ولا تدع من دون الله ما لا ينفعك ولا يضرك فإن فعلت فإنك إذا من الظالمين» (يونس ١٠٦).» ألا لله الدين الخالص والذين اتخذوا من دونه أولياء ما نعبدهم إلا ليقربونا إلى الله زلفى إن الله يحكم بينهم فيما هم فيه يختلفون إن الله لا يهدي من هو كاذب كفار». (الزمر ٣). «إنهم لن يغنوا عنك من الله شيئا وإن الظالمين بعضهم أولياء بعض والله ولي المتقين»(الجاثية)١٩. «ويعبدون من دون الله ما لا ينفعهم ولا يضرهم وكان الكافر على ربه ظهيرا» الفرقان ٥٥. «ويوم يحشرهم وما يعبدون من دون الله فيقول أأنتم أضللتم عبادي هؤلاء أم هم ضلوا السبيل» (الفرقان ١٧). «والذين يدعون من دون الله لا يخلقون شيئا وهم يخلقون» (النحل ٢٠). «قل إني نهيت أن أعبد الذين تدعون من دون الله قل لا أتبع أهواءكم قد ضللت إذا وما أنا من المهتدين (الأنعام ٥٦). «ولا تدع من دون الله ما لا ينفعك ولا يضرك فإن فعلت فإنك إذا من الظالمين»(يونس ١٠٦).

رزگارکردنـــی ناخو رۆحی مرۆڤـــە لەهەژمونی رۆحیی مرۆڤێکیتـــر، ئیتر ئەو مرۆڤە پەناپێبراوە، هەر ناوو ناونیشـــانێکی ئاینیو دنیایـــی هەبێت. بەپێی ئەم بیروباوەڕە هەمو مرۆڤێکی موسوڵمان لای خودا خاوەن قوربو قورساییەو هەمویان بێ جیاوازیو وەک یـــەک، دەتوانن بەبێ نێوانگرو واســـیتە لەخودا بپاڕێنەوەو داواکاری ئاراســـتە بکەنو پەشـــیمانیو رازونیازی خۆیانی عەرزبکەن، چونکـــە خودا دەفەرموێت « وَقَالَ رَبُّكُمُ ادْعُونِي أَسْتَجِبْ لَكُمْ» غافر:٦٠. واتە: پەروەردگارتان گوتویە: لێم بپاڕێنەوە، ئەوسا بەدەنگتانەوە دێم.

پشـــکی شـــێری هەمو وتارو بەرهەمەکانـــی محەمەد عەبدولوەهاب، بـــۆ بیروباوەڕی یەکتاپەرستی، تەرخانکراوە. بەڕای شوێنکەوتوانیشی بیروباوەڕی دروستو پاڵفتەکراو، لەخـــەوشو خاڵ، بنەمـــاو بنەڕەتی ئاینداریيـــە. بەبێ عەقیدەو باوەڕی دروســـت، ســـەرەنجامو چارەنوسی ئاینداریش هەرەسهێنانو لەناوچونە[1]. هەروەها بەڕای ئەوان، خودا هەمو مرۆڤایەتیو جیهانی تەنها، لەپێناو یەکتاپەرســـتیدا دروســـتکردوەو ئەم یەکتاپەرستییەش سەرجەم لایەنەکانی پەرستن، حوکمڕانی، سیاسەت، جێگیرکردنی ســـیفات بۆ خودا، دەگرێتەوە[2]. ئەوان، بەپشت بەســـتن بەبۆچونی ئیمام ئەحمەدو ئیمامـــی زوهریو تەحاویو ئیبن تەیمییە، کاروکردەوەی مرۆڤ، بەبەشـــێکی گرنگی بیروبـــاوەڕ، ئەژمار دەکەنو جەخت دەکەنەوە، یەکتاپەرســـتی تـــەواو ئەوەیە لەدڵ، زمـــانو ئاخاوتن، کردەوەدا، رەنگ بداتەوە.. تەنها ئەوە بەس نییە مرۆڤ بەدڵ خودا بەتاکو تەنهـــا بزانێتو ئەوەی بەکردارو گوفتارو بیروبـــاوەڕ، خودا بەتاک دانەنێت، بڕواداری تەواوو کامڵ نییە[3].

بەپێی بیروباوەڕی یەکتاپەرســـتانەی سەلەفیی، پەنابردن بۆ پێغەمبەرانی خوداش، هیچ جیاوازییەکی لەگەڵ خەڵکانیتردا نییەو ئەمەش پەکتاپەرستی پوچەڵ دەکاتەوە، چونکـــە لەقورئاندا هاتوە «إِنَّ الَّذِينَ تَدْعُونَ مِنْ دُونِ اللَّهِ عِبَادٌ أَمْثَالُكُمْ»الأعراف: ١٩٤. واتە: ئەوانـــەی کە - لەجێی خودا - ئێوە هانایان پـــێ دەبەن، عەبدگەلێکن وەک خۆتان. هەروەهـــا قورئـــان فەرمان بەپێغەمبەری ئیســـلام دەکات بڵێت «قُلْ لَا أَمْلِكُ لِنَفْسِي نَفْعًا وَلَا ضَرًّا إِلَّا مَا شَاءَ اللَّهُ وَلَوْ كُنتُ أَعْلَمُ الْغَيْبَ لَاسْتَكْثَرْتُ مِنَ الْخَيْرِ وَمَا مَسَّنِيَ السُّوءُ إِنْ

---

١. عبدالله عبدالحميد الاثرى: الوجيز فى عقيده السلف الصالح، ل ٣٤

٢. محمد بن جميل زينو: العقيده الاسلاميه فى الكتاب والسنه الصحيحه، ل ٢٣

٣. محمد بن عبدالوهاب: كشف الشبهات، تعليق محمد بن صالح العثيمين، ل٩

أَنَا إِلَّا نَذِيرٌ وَبَشِـيرٌ لِقَوْمٍ يُؤْمِنُونَ» الأعراف: واتە: ئەی پێغەمبەر بێژە: من خاوەنی سـودو زیانـی خودی خۆم نیم، مەگەر خودا حەزبکات. ئەگەر نادیارم بزانیایە بەهرەی فرەم چنگ دەکەوتو هەرگیز زیانم توش نەدەهات. من هەر تەنیا ترسـێنەرو مژدەدەرم بۆ کەسـانێک بڕوادارن. بەهەمانشێوەش سەلەفییەکان، هیوا هەڵپەساردن بە بەرەکەتی درەختو نەزرگاو پەڕۆو موروی سەر گۆڕەکانو قوربانیکردن بۆیان، هەروەها بڕوابون بە پێشبینی بورجو کەلوەکانو جادووکردنو بەکلۆڵ دانانی هەندێک لەرۆژەکانی ساڵو هەندێک لەگیانەوەران، بەپێچەوانەو دژی چەمکی یەکتاپەرسـتی دادەنێنو پێیانوایە ئەمانە، بڕوای مرۆڤ بەخودا لاواز دەکەن، چونکە خودا لەقورئاندا، دەفەرموێت «أَمَّن يُجِيبُ الْمُضْطَرَّ إِذَا دَعَاهُ وَيَكْشِـفُ السُّـوءَ وَيَجْعَلُكُمْ خُلَفَاءَ الْأَرْضِ أَإِلَٰهٌ مَّـعَ اللَّهِ قَلِيلًا مَّا تَذَكَّرُونَ) [النمل: ٦٢]. واتە: ئایا ئەو کەسـە چاکترە کە هومێد بڕاوەکان لێی دەپاڕێنەوە ـ یان خـودا ـ کە بەهانایەوە دێتو لەتەنگی ڕزگای دەکاو دەتانکانە جێنشـێن لەم سـەر زەمینە؟ ئاخۆ هیچ پەرسـتراوێکی وەک خودا هەیـە؟ ئەمانە کەم پەند وەردەگرن. هەروەهـا دەفەرموێت «وَمَنْ أَضَلُّ مِمَّنْ يَدْعُو مِنْ دُونِ اللَّهِ مَنْ لَا يَسْـتَجِيبُ لَـهُ إِلَى يَوْمِ الْقِيَامَةِ وَهُمْ عَنْ دُعَائِهِمْ غَافِلُونَ) الأحقاف: ٥. واتە: کێ لەو کەسە گومڕاترە، کە هاوار بۆ غەیرەز خـوا دەبا؟ هاوار بۆ کەسـێ دەبا هەتـا قیامەت وەڵامی ناداتەوەو هەر ئاگاشـیان لەپاڕانەوەیان نییە.

سـەلەفییەکان، بڕوابون بەبونی زاتی خوداو بڕوابون بە سـیفاتی چێکاریی (خالق)و ڕۆزیدەریـی (رازق) ی خـودا، بەیەک بەش لەسـێ بەش (٣/١) ی یەکتاپەرسـتی دەدەنەقەڵەم، باس لەوەش دەکەن ئەم جۆرە بڕوابونە بەخودا جگە لەکۆمۆنیستەکانی روسـیاو شـیوعییەکانی چین، لای جولەکەو گاورەکانی ئەوروپاش هەیە، بۆیە لەمە گرنگتر بەلای ئەوانەوە تەنیاکردنی خودایە لەهەمو پەرستشێکدا کە ڕێبازی تەوحیدی راسـتەقینەیە. هەرەوەها چەندین جار ئاماژەیان بەوەکردوە، تەنانەت موشریکەکانی سـەردەمی پێغەمبەریش(صلى الله عليه وسـلم)، دانیان بەبونی خوادا ناوەو ئەوەتا قورئان دەفەرموێت «وَلَئِن سَأَلْتَهُم مَّنْ خَلَقَهُمْ لَيَقُولُنَّ اللَّهُ فَأَنَّى يُؤْفَكُون» الزخرف: ٨٧. واتە: ئەگەر لەخۆیان بپرسـی، کێ ئەوانی وەدی هێنا، ئێژن خـودا. دەی چۆن لەهەق کلادەبن. «وَلَئِنْ سَـأَلْتَهُمْ مَنْ خَلَقَ السَّمَاوَاتِ وَالْأَرْضَ وَسَخَّرَ الشَّـمْسَ وَالْقَمَرَ لَيَقُولُنَّ اللَّهُ فَأَنَّى يُؤْفَكُونَ» العنكبوت٦١. واتە: ئەگەر لەمانە (قورەیشـییەکان) بپرسـی: کێ ئاسمانو زەمینی وەدیهێناو خۆرو مانگی دەسـتەمۆکرد؟ بێگومان دەبێژن: خودا. دەسا چۆن لەڕێگای هەق کلا دەکرێن؟ «لَئِنْ سَـأَلْتَهُمْ مَنْ نَزَّلَ مِنَ السَّـمَاءِ مَاءً فَأَحْيَا بِـهِ الْأَرْضَ مِنْ بَعْدِ مَوْتِهَا

لَیَقُولُنَّ اللّٰهُ قُلِ الْحَمْدُ لِلّٰهِ بَلْ أَكْثَرُهُمْ لا یَعْقِلُونَ» العنكبوت٦٣. واتە: ئەگەر لەمانە بپرسی کێیە وا لەو حەوایەوە باران دادەبارێنێو هەر بەو ئاوە زەوی زیندو دەکاتەوە پاش مردنی؟ بێگومان دەبێژن: خودا. بێژە شوکرانە بۆ خوا. بەڵام زۆربەی ئەمانە هۆش ناگرن. «وَلَئِنْ سَأَلْتَهُمْ مَنْ خَلَقَ السَّمَاوَاتِ وَالْأَرْضَ لَيَقُولُنَّ اللّٰهُ قُلِ الْحَمْدُ لِلّٰهِ بَلْ أَكْثَرُهُمْ لا يَعْلَمُونَ» لقمان: ٢٥. واتە: ئەگەر لەوانە بپرسی: کێ عاسمانو زەمینی وەدی هێنا؟ ئێژن: خودا. تۆ بێژە: شوکر بۆ خوا، بەڵام زۆربەیان نەزانن. بۆیە بەلای سەلەفییەکانەوە هیچ هونەر نییە، خەڵکی موسوڵمان دان بەبونی خوادا بنێنو ئەڵێن «ئەگەر تەنها بڕوابون بەبونی خوا، بەس بوایە، ئەوە موشریکەکان بڕوایان پێی هەبوەو ئەو هەمو ئایەتەی قورئان دەربارەی یەکتاپەرستی نەدەهاتە خوارەوە».

بەڕای محەمەد عەبدولوەهاب، شەریک دانان بۆ خوا لەنێو موسڵمانانو، لەجیهانی ئیسلام، لەشەریک دانانی قورەیشییەکانی سەردەمی پێغەمبەر (صلی الله علیه وسلم)، خراپتربوە، چونکە وەک لەقورئاندا باسکراوە، قورەیشییە بێباوەڕەکانی سەردەمی پێغەمبەر (صلی الله علیه وسلم)، لەکاتی تەنگانەو پێگیراندا، وازیان لەبتو پەرستراوەکانیتریان دەهێناو دەگەڕانەوە بۆلای خواو تەنها هاواریان بۆ الله دەبرد، بەڵام موسوڵمانەکانی سەدەکانی پاشین لەهەمو ساتو کاتێکدا وابەستەو شوێنکەوتەی درەختو پیاوچاکو پەرستراوەکانیتریان بونو هیچ کات دەستبەرداریان نەدەبون.

تەوەرێکیتری سەرەکیی بیری سەلەفی، بڕوابونە بەو سیفەتو ئاکارانەی خودا کە لەقورئاندا ناویان براوەو ئاماژەیان پێکراوەو زانایانی پێشینی ئیسلام وەک خۆی وەریانگرتوە، بەبێ پێچ تێدانو راڤەکردنی خۆ بواردنو بەبێ واتاکردنو لێکدانەوەی جیاوزاو پێچەوانە لەمانای دەقاودەقی زمانەوانیی ئایەتەکان. هەروەها، پێیانوایە خودا سیفەتەکانی: بیستن، بینین، خۆشەویستی، رومەت، چاو، بەرزو بڵندیی لەسەر عەرش، هەروەها سیفەتی پێکەنینی هەیە کە لەقورئاندا ئاماژەیان پێکراوەو دراونەتە پاڵ خودا. ئەم سیفەتانەش بەشێوەیەکن کە شایستەن بەزاتی خۆیو لەسیفاتی مرۆڤ یان هیچ دروستکراوێکیتری خودا ناچن، لەکاتێکدا قورئانی پیرۆزیش لەسورەتی شورا بەئایەتی «لَيْسَ كَمِثْلِهِ شَيْءٌ» گوزارشتی لەبێ وێنەیی خودا کردوە، لەهەمان کاتدا، سیفەتی بیسەرو بینایی بۆ جێگیرکردوەو هەر دوای ئەمەش دەفەرموێت «وَهُوَ السَّمِيعُ الْبَصِيرُ»[1] ئەم بۆچونانەی وەهابییەکان، هێندەی ئەوەی

١. بڕوانە: محمد خلیل هراس: شرح العقیده الواسطیه، ل ٣٧. هەروەها، عبدالاخر حماد االغنیمی: المنحه الالهیه، ل ٧٨

کە زیندوکردنەوەو جێبەجێکردنی ڕێبازی زانایانی پێشــینی ئیسلامە، لەسەر ئەرزی واقیع، ئەوەنــدە داهێنانو نوێگەری نییە، لەبیروباوەڕی ئیســلامیدا. چونکە بەر لە محەمــەد عەبدولوەهابو شــوێنکەوتەکانی، هەریەک لە ئیمــام ئەحمەد ١٦٤ ـ ٢٤١ کۆچــی، ئیمامی تەحاوی ٢٣٧ ـ ٣٢١ کۆچی، ئیبن تەیمیە ٦٦١ـ ٧٢٨ کۆچی، ئیبن ئەبی ئەلعیز ٧٣١ ـ ٧٩٢کۆچی، کاری تیۆریزەکردنو گەڵاڵکردنی ئەم بیروباوەڕانەیان بەئەنجام گەیاندوەو وەک یەکێک لەبەناوبانگترین ڕێبازگەکانی عەقیدەی ئیســلامیی‌و وەک بیروباوەڕی ســەلەف ناســاندویانە[1]، بەڵام دوای مەرگی ئەمانەو باڵادەستبونی عوســمانییەکانو هەندێک هۆکاریتر، لەجیهانی ئیســلامیدا، ئــەم تەرزە بیروباوەڕە، لەبواری جێبەجێکردندا پاشەکشەی کردو کەوتە گیانەڵا.

تێڕوانینی ســەلەفیانە، بۆ عیبادەتکردنو بەتاک ناســینو بەتاک پەرســتنی خودا، هیــچ ناکۆکیو ناجۆرییەکی لەگەڵ بیروباوەڕی ســێ ئیمامەکەیتری ســەر مەزهەبی سوننەکان، ئەبوحەنیفە، مالیک، شافیعیدا، نییەو ئەوانیش تێڕوانینێکی هاوشێوەیان بۆ چەمکی یەکتاپەرستی هەیە [2]. جگە لەمەش لەهەمان سەدەو سەردەمی دەرکەوتنی ســەلەفییەکانی سعودییەدا، لەیەمەن، پێشــەوایەکیتری ئیسلامی بەناوی شەوکانی، بەشێوەیەکی ســەربەخۆ، بەڵام هاوشێوەی سەلەفییەکان، بانگەشەی بۆ بیروباوەڕی پێشینانی ئیسلام کردوەو هەمان تێڕوانینی وەهابییەکانی لەسەر یەکتاپەرستی هەیە. شــەوکانی راشــکاوانە دەربارەی هاوارکردنە پیاوچاکەکان لەیەمەنو دەڵێت «ئەمە شەریک بۆ خوا دانان نەبێت، هیچ شەریک بۆ خوا دانان نییە». ئەمەش، ئەوەمان بۆ دەسەلمێنێت، بیروباوەڕی سەلەفییە وەهابییەکان داهێنانو تاقانە نییە[3].

١ـ بڕوانە: أبراهيم العسعس: السلف والسلفيون (رؤيه من الداخل)، ل ٢٠ ـ ٣٠

٢ـ ٩٩ بۆ زیاتر بڕوانە: د. محمد بن عبدالرحمن الخميس: أعتقاد الائمه الاربعه، ابى حنيفه ومالك والشافعى وأحمد.

٣. بڕوانە: محمد بن على الشوكانى: نيل الاوطار، تحقيق على محمد معوض وآخرون، المقدمه.

سەلەفییەتو بیدعە

رونکردنەوەو شـــرۆڤەکردنی واتای بیدعـــە*[1]، پانتاییەکی گەورەو بەرفراوانی گوتاری ســـەلەفییەکان داگیردەکات. پوختەی ئەم گوتـــارەش جەختدەکاتەوە، «هەمو ئەو پەرستشـــانەی لەدوای وەفاتی پێغەمبەر(صلی الله علیه وسلم)و سەردەمی سەحابەکانی، لەخۆڕا داهێنـــراونو هیچ فەرمانێکی خودایی یان دەقی فەرمودەیان لەپشـــت نییە، داهێنراوی بێسودنو پێویستە موســـوڵمانان وازیان لێ بێننو لێیان دوربکەونەوە»[2]. بەهەمانشـــێوە هەمو ئەو بیروبۆچونە ئاینیانەشـــی پشت ئەســـتورن بە میتافیزیکو فەلســـەفەو لەدیدو لۆژیکو لێکدانەوەی فەیلەســـوفانی یۆنانەوە، سەرچاوەیانگرتوەو دەقی راشـــکاویان لەســـەرنییە، رەتدەکرێتەوە، چونکە «لەسۆنگەیەکی خۆرئاواییو یۆنانی دور لەدەقەکانی شـــەریعەت، هەڵهێنجراون». هەروەهـــا پێیانوایە، عەقیدەو بیروبۆچونی قوتابخانەو گروپە ناســـەلەفییەکانی ئیســـلام «سیخناخە لەبۆچونی بت پەرســـتانەی ئەرەستۆو ئەفلاتۆنو شلّتیو پلّتی فەیلەســـوفەکانی هیندستانو ولاّتی فارسو بەتێکڕا، کوشتەی دەست پەتای بیدعەو بۆچونی نائیسلامیانەن».
لەفەرهەنگو گوتاری ســـەلەفیەتدا، چەمکو زاراوەی بیدعە، دژو پێچەوانەی زاراوەی ســـوننەتە، واتە لەهەرکوێدا بیدعە هەبو، مەرگی ســـوننەتو خواپەرســـتیی راستو دروست، مسۆگەرو ئامادەیە[3]، مەبەستیشیان لەبیدعە هەمو ئەو کردارو پەرستشانەیە کە دوای ســـێ چاخە پەسەندەکانی ئیسلام، بەمەبەستی نزیکبونەوەی زیاتر لەخودا، داهێنراونو تێکەڵ بەئەرکو دروشـــمە ئاینییە بنەڕەتییەکانی ئیسلام کراون. نمونەی ئەم پەرستشـــە بیدعانەش زۆرن لەوانەش: یادکردنەوەی ســـاڵیادەکانی لەدایکبونی پێغەمبەر(صلی الله علیه وسلم)، خوێندنی ئەزکار بەر لەنوێژە فەرزەکان، یادکردنەوەی خودا بەدەنگـــی بەرزو بەکۆمەڵ، خوێندنی ســـورەتی فاتیحا بۆ رۆحی مردو، تەڵقینکردنی مردو، خوێندنی قورئان لەپرسە، بیناکردن لەسەر گۆڕو..........هتد.

---

١. زاراوەی بیدعە، لەزمانی عەرەبیدا، واتە شتێکی دهێنراو یان بێ پێشینە. ئەم داهێنراوەش بۆ هەردو جیهانی چاکەو خراپە بەکاردێت. بڕوانە ابن منظور: لسان العرب، ٧/٨

٢. عبدالله بن عبدالحمید الاثری: الوجیز فی لعقیدە... ل ١٧٠

٣. د. سفر بن عبدالرحمن الحوالی: مناهج الاشاعرە فی االعقیدە، ل١٦

جگە لەداهێنانەکانی بواری خواپەرستییش، سەلەفییەکان، هیچ کێشەو گرفتیان لەگەڵ داهێنراوە ماددیو تەکنەلۆژییەکانی ژیانی نوێو سەردەمدا نییە، چونکە ئەمانە هیچ کارناکەنە سەر نێوەڕۆکو پەیامی ئیسلامو بگرە دەکرێت بۆ خزمەتکردنو پەرەپێدانیشی بەکاربهێنرێن [1].

سەلەفییەکان، پێیان وایە ئەگەر تاکی موسوڵمان شارەزایی باشی دەربارەی بیدعەناسیو جۆرەکانیو چەمکو مانای بیدعە نەبێت، ئەوە دەبێتە نێچیری دەستەمۆی بیدعەو ناتوانێت لەئیسلامی پاکو راستەقینە تێبگات[2]. سەرەنجامو چارەنوسی بیدعەچییەکانیش بەلایانەوە دۆزەخو سزای خودایە، ئەگەر بزانن پەرستشەکەیان بیدعەیەو لەگەڵ ئەوەشدا بەنیازی نزیکبونەوەی زیاتر لەخودا لەسەری سوربن[3].

هەروەها ئەوان، بەدەنگی بەرزو بەهەموجۆرێک دژ بەو بۆچونانەی هەندێک لەقوتابخانە ئیسلامییەکان، دەوەستنەوە کە بیدعە پۆلێن دەکات بۆ بیدعەی چاکو بیدعەی خراپ، (البدعه الحسنه والبدعه السيئه)، لەمەشدا فەرمودەیەکی پێغەمبەر (صلى الله عليه وسلم)، دەکەنە بنەڕەت کە رونو رەوان دەفەرموێت «كل بدعه ضلالة». واتە: هەمو بیدعەیەک تاریکیو گومڕاییە[4]. پوختەی بیرکردنەوەی ئەوان دەربارەی بیدعە لەفەرمودەیەکیتری دروستی پێغەمبەرەوە(صلى الله عليه وسلم)، هاتوە کە بەسەحابەکان، دەفەرموێت «...... من يعيش منكم فسيرى أختلافا كثيرا، فعليكم بسنتي وسنة الخلفاء الراشدين المهديين من بعدى.... واياكم ومحدثات الامور، فأن كل محدثة بدعة وكل بدعه ضلالة». واتە: ئەوەی لەئێوە زۆر بژی، ناکۆکیو کێشمەکێشی زۆر دەبینێت. ئەوکات لەسەرتانە دەست بەسوننەتی منو خەلیفە راشیدینەکانەوە بگرن. نەکەن لەخۆتانەوە شت دابهێنن، چونکە هەمو داهێنانێک (لەبواری عیبادەتدا) بیدعەیە، هەمو بیدعەیەکیش گومڕاییو تاریکییە. جگە لەمەش، بوخاریو موسلیم دەگێڕنەوە کە پێغەمبەر(صلى الله عليه وسلم)، فەرمویەتی «من عمل عملا ليس عليه امرنا فهو رد» واتە: هەرکەس کارێک ئەنجامبداتو ئێمە فرمانمان پێ نەکردبێت، رەتدەکرێتەوە.

لەتەرازوی سەلەفییەکاندا، حوکمی بیدعە بەپێی جۆرو بارودۆخەکەی دەگۆڕێت.

---

١ ـ سليم الهلالى: البدعه واثرها السيء فى الامه، ل٦

٢. على بن حسن بن على الحلبى: علم أصول البدع، ل ٣٨

٣. هەمان سەرچاوەی پێشو، ل ١٠٤

٤. د. صالح بن فوزان بن عبدالله الفوزان: كتاب التوحيد، ل ١٤٠

هەندێــک بیدعــە دەگەنە پلەی کوفــر، هەشــیانە حوکمی تاوانــی بچوکی هەیە. ئەوانەی کوفرو شــیرکن، زیاتــر پەناگرتن بەخەڵکانیتــرو قوربانیکردنن بۆ جگە لە خودا، ئەوانەشــی دەروازەو ســەرەتای خراپەو نەفامین، بەکارهێنانی مەقامو خاتری پیاوچاکانن لەنزاکردنو پاڕانەوەداو ســوێندخواردنە بەجگــە لەخوداو....هتد. بەڵام بەشێوەیەکی گشــتی، بیدعەکردن، بەسەرەتاو دەروازەی چونەنێو بازنەی تاوانکردن دەدەنە قەڵەمو بەلایانەوە هەمو بیدعەکان، لەخاڵی هاوبەشــی «ضلالە»و گومڕاییدا هاوبــەشو یەکســانن[1]. هەروەها بەلای ئەوانــەوە ســەرکۆنەکردنی بیدعەچییەکان، بەشێکە لەجیهاد، خونکیو مەراییکردنیش بۆیان، هاندانو دانپێدانانی بیدعەکەیانە[2]. لەمبارەیــەوە ئیمام ئەحمــەدی کوڕی حەنبەل دەڵێت «نابێت بــۆ هیچ کاروبارێکی موســوڵمانان پشــت بەبیدعەچییەکان ببەســرێت، چونکە ئەوە گەورەترین زیانە بۆ ئاین». هەروەها دەڵێت «لەهیچ شــتێکی ئایندا پرسو ڕا بەبیدعەچییەکان مەکە». مالیکی کوڕی ئەنەس کە لەپێشینانی ئیسلامە، هەڵوێستی لەئیمام ئەحمەد، توندترە دژی ئەوانــەی داهێنان لەعیبادەتدا دەکەنو لە (المدونــە الکبری) دا دەڵێت «ژنو ژنخوازی لەگەڵ بیدعە چییەکاندا ناکرێتو سڵاویشیان لێناکرێت».

خۆپارێزی زۆری وەهابییەکان لەبیدعەو وابەســتەیی توندیــان بەدەقەکانی قورئانو فەرمودەوە، وایکردوە، بەتوندی دژی هەمو ئەو دابو نەریتە کۆمەڵایەتیانە بوەستنەوە کە لەگەڵ دەقەکانی شەریعەتدا ناگونجێنو هیچ بنەمایەکیان لەقورئانو فەرمودەدا نییە. بەهۆی ئەوەشی زۆرێک لەکۆمەڵگا ئیســلامییەکانی خۆرهەڵات، پڕن لەدابو نەریتی جۆراوجۆری بێ بنەما لەشــەریعەتی ئیسلامدا، کێشەی گەورە بۆ بانگەوازی سەلەفی دروستبوەو دابڕانو کەلێن کەوتۆتە نێوان ئەم تەوژمەو قوتابخانەو بیرکردنەوە ئاینیو کۆمەڵایەتییە باوەکانی نێو ئەم کۆمەڵگایانەوە. ســەلەفییەکان خۆشــیان ئەوەندەی چەســپاندنی ڕێبازەکەیان بــەلاوە گرنگە ئەوەندە دەربایســی زیاترکردنی جەماوەرو لایەنگرنینو گەلێک جار شانازی بەکەمایەتی خۆیانەوە دەکەن. تەنانەت شێخ محەمەد ناسرەلدین ئەلبانی، لەیەکێک لەوتارەکانیدا دەڵێت «سەلەفییەکان بەژمارە کەمن بەڵام بەبەڵگەو شوێنکەوتنی هەق بەهێزن». ڕێبەرە سەلەفییەکانیتریش وتەیەکی عەبدوڵڵای کوڕی مەسعودیان کردۆتە دروشم کە دەڵێت «جەماعە (ئەو گرۆیەی پێغەمبەر مژدەی

---

١. عبدالله بن عبدالحمید الاثری: الوجیز فی العقیده... ل ١٧١.

٢. د. ربیع بن هادی عمیر المدخلی: منهج أهل السنه والجماعه فی نقد الرجال والکتب والطوائف، ل ٣٧

بەهەشتی پێداوە لەنێو ٧٣ گرۆ ئیسلامییەکەیتر) ئەوەیە کە لەگەڵ راستیدا بگونجێت، ئەگەر خۆشـــت بەتەنها بیت». بۆ کەمی ژمارەی شوێنکەوتوانیشـــیان، دڵی خۆیان بەفەرمودەیەکی پێغەمبەر (صلى الله عليه وسـلم)، دەدەنەوە کە لەسـەحیحی موسـلیمدا هاتوەو دەفەرموێت «بدأ الاسلام غريبا، وسيعود غريبا كما بدأ، فطوبى للغرباء». واتە: ئیسلام بەنامۆییو کەمینەیی دەستیپێکردوە، لەداهاتوشدا هەر کەمو نامۆ دەبێتەوە، بەهەشـــت بۆ موسـولْمانە نامۆو غەریبەکانە. دەربارەی شوناسـی کەمینەو غەریبە موسوڵمانەکانیش، پێغەمبەر(صلى الله عليه وسلم)، چوار پێوەرو لێکدانەوەی بۆ دیاریکردنیان ئاماژە پێکردوە یەک لەوانە «الذين يصلحون اذا فسـد الناس» واتە: «کاتێک خەڵک خراپن، ئەوان چاکسازی دەکەن». لێکدانەوەیەکیتریان دەفەرمێت «الذين يصلحون ما أفسد الناس». واتە «کۆمەڵێکن خراپەی خەڵک چاک دەکەن». سێیەم لێکدانەوەی پێغەمبەر(صلى الله عليه وسـلم)، غەریبو نامۆ بەهەشـتییەکانی موسوڵمان بە «النزاع من القبائـل»، واتە: «یەک دوو کەس لەهەر هۆزێک» دیاری دەکات. لەکۆتا جاریشـدا دەفەرموێت «صالحون قليل، فى قوم سـوء كبير» واتە «خەڵکانێکی راساڵن، لەنێو کۆمەڵێک خراپەکاری زۆردا». بەبۆچونی لیژنەی هەمیشـەیی فەتوای سعودییش کە لەفەتوای ژمارە ١٧٠/٢، دا بڵاویانکردۆتەوە، لەهەر چوار حاڵەتەکەدا کە پێغەمبەر(صلى الله عليه وسلم)، ئاماژەی پێکردوە، غەریبو نامۆکان ئەوانەن کە «پەیوەستن بەسوننەتی راستەقینەو خۆیان لەبیدعە بەدور دەگرن، چونکە لەئێستا بەژمارە موسوڵمانان کەم نین بەڵکە بەملیۆنەها کەسـن، بەڵام ئەوانەیان کە دەستیان بەئیسلامی راستەقینەو دور لەبیدعەو خەوشو خاڵەوە گرتوە، کەمینەو نامۆو غەریبن».

سەلەفیەتو جیهاد

سەرهەڵدانی بزوتنەوەی وەهابی، لەکاتێکدابوە کە خەلافەتو دەسەڵاتێکی ئیسلامیی لەسەردەستی تورکە موسوڵمانە عوسمانییەکان لەجیهانی ئیسلامیدا بەرقەراربوە. زۆربەی هەرەزۆری قوتابخانەو رێچکە ئیسلامییەکانیش لەگەڵ بونی دەوڵەتێکی ئیسلامیدا کە حوکم بەشەریعەت بکات، رێگا نادەن کەس شۆرشو بزاڤی چەکداریی بەناوی ئیسلامەوە، بەرپابکات. ئەم ئیشکالەش کەلای وەهابییەکان، پاساوو لێکدانەوەیەکی تایبەتی هەیە، رایەکی گشتیی دروستکردوە کە وەهابییەکان بە «سەرپێچیکارو هەڵگەڕاوە لەخەلافەتی موسوڵمانان» تۆمەتبار دەکات.

مێژوی سیاسیو سەربازیی وەهابییەکان، ئاماژەنمای ئەوەی لێدەخوێنرێتەوە، کە گوتاری ئەم رێبازە ئاینییە دەربارەی جیهاد، بەپێی رۆژگارو حاڵەتە جیاجیاکان، گۆڕانکاریی بەسەردا هاتبێت. واتە گوتارو فیقهێکی گۆڕاوو داینامیکییە. بۆ نمونە زاناکانی سەر بەم تەوژمە ساڵانی هەشتاکان، جیهادکردنیان دژ بە یەکێتی سۆڤیەت لەئەفغانستان، بەپیرۆزو واجب لەقەڵەم دەدا، کەچی ئێستا نازناوی «گومڕاو سەرلێشێواو»، بۆ ئەو چەکدارانەی قاعیدە بەکاردەهێنن کە لەئەفغانستانو عێراق دژی ئەمەریکا دەجەنگن.

جگە لەمەش لەسەرەتای سەرهەڵدانی بیرو بانگەوازی وەهابیدا، گوتاری ئەم بیرە، گرنگیی زۆری بەچەمکی جیهادو جەنگ لەگەڵ خەڵکی بێ بڕوا، دەداو چەندین جەنگو بەرەنگاربونەوەش لەنێوان لەشکری لایەنگری ئەم بیرەو شیعەکانو چەکدارە خێڵەکییەکانیتری عەرەبدا رویداوە، کەچی ئێستا ئەم بیروباوەڕە ئاینییە، تەنها لەنێو دەقو زانستە شەرعییەکاندا کاردەکاتو دورو نزیک خۆی لەقەرەی جیهادو دەسەڵاتو حوکمڕانیو سیاسەت نادات، بەڵکە کاری سەرەکیی بریتییە لە«پاکژکردنەوەی عەقیدەو پاکتاوکردنی بیدعە». تەنانەت گۆڤاری (الاصالە)ی یەک لەزمانحاڵی سەلەفییەکان، رێبازەکەیان بە «بانگەوازێکی هێورو زانستیی دژە بیدعەی دور لەفیتنە» دەناسێنێت.

هەندێک بۆچون، باس لەوەدەکەن، هەڵگەڕانەوەی گریمانکراوی وەهابییەکان لەخەلافەتی عوسمانی، بیدعەیەکی شەرعییو هەڵگەڕانەوەو سەرپێچی نییە. پاساوی ئەم سیناریۆو گریمانەش ئەو بۆچونە فیقهییەیە کە پێی وایە، دەسەڵاتی خەلیفەی پاشین (خەلەف)،

ڕەهاو قەتعی نییە، بەڵکە وابەستەی شەرعو شوراکردنە، هەرکاتیش خەلیفە تاکڕەوانە مامەڵەی کردو لەشەریعەت لایدا، ئەوە هەڵگەڕانەوە لەدژیو بەرهەڵستکردنی بەچەک، شـــتێکی ڕەواو دروستە[1]. هەروەها ئەم بۆچونە جەخت دەکاتەوە، لادان لەشەریعەت، شەرعیەتی خەلیفە هەڵدەوەشێنێتەوەو سیفەتی خەلافەتیشی لێ وەردەگرێتەوە، نەک هەر ئەمە بەڵکە بەرەنگاربونەوەی چەکدارانەشی دەکاتە واجبی شەرعی[2]. هەرچەندە مێژوی کردارییانەی سەرەتای سەرهەڵدانی وەهابییەکان، بۆنی پشتڕاستکردنەوەی ئەم بۆچونەی لێدێت، بەڵام وتەکانی خودی محەمەد عەبدولوەهابو نوسینو پێداگرییەکانی لەسەر تەحەممولکردنی پێشەواو فرمانڕەوای ستەمکارو زیادەڕۆ، بەئاراستەیەکیترماندا دەبەنو پشتڕاســـتی ئـــەم بۆچونە ناکەنەوە. جگە لەمەش تائێســـتا هیچ ئاماژەیەک لەنێو بەرهەمو هەڵوێستەکانی، محەمەد عەبدولوەهابدا نییە کە خەلیفەکانی عوسمانی تەکفیر یان بەخراپ وەسف بکات.

بۆچونو گریمانەیەکیتر هەیەو ئاماژە بەوەدەکات، محەمەد عەبدولوەهاب، پێی وابوە، مەڵبەندی بانگەوازەکەی، لەســـنوری دەســـەڵاتی خەلافەتدا نییە، ئەو جموجوڵەشی ئەو، دەیکات، هیچ دوژمنکارییەکی خەلیفەو فرمانڕەوای ئەوکاتی موسوڵمانان نییە[3]. بەڵگەو پاســـاوی ئەم گریمانەیەش واقیعی خراپو داتەپیـــوی ئەوکاتی نیوەدورگەی عەرەبو بێدەنگبونو دورەپەرێزگرتنی عوسمانییەکانە لەچارەسەرکردنی.

ســـەرباری ئەم لێکدانەوەو گریمانانەش، جوڵانەوەی چەکدارانەی بزوتنەوەی وەهابی شتێکی نامۆ نییە بەفیکرو مومارەسەی قوتابخانەو بۆچونی گرۆ ئیسلامیەکان، چونکە زۆربەیان، لەگەڵ جیـــاوازی بیرکردنەوەو ڕێبازی کارکردنیاندا، جوڵانەوەو شۆڕشـــی چەکداریـــی بەیەک لەشـــێوازە بنەڕەتییەکانی گۆڕانی سیاســـی دەزانـــن. نێوەڕۆکو ماناکانی جیهادکردنیش، دژ بە جوڵەی چەکدارانە نییە، چونکە جیهاد، لەسادەترینو باوتریـــن مانایدا، «هێنانە کایەو پاراســـتنی ئاینو لابردنی شـــیرکو ڕوبەڕوبونەوەیە لەگەڵ هەر دوژمنو لایەنێکدا کە ئامانجی لادان بێت لەشەریعەت[4]».

لەبری ئەم گریمانکارییو لێکدانەوە دورەدەســـتانە باشترە، بگەڕێینەوە بۆسەر فیکری

---

١. یوسف محمود قرعوش: طرق أنتهاء ولایه الحکام فی الشریعه الاسلامیه ل ٨١ ـ ٨٢

٢. ابن حجر العسقلانی: فتح الباری فی شرح صحیح البخاری، ٧/١٣

٣. عبدالعزیز الرومی وآخرون: مؤلفات الشیخ محمد بن عبدالوهاب، القسم الاول، العقیده ل ٣٤٩

٤. عبدالعزیز عبدالغنی صقر: نظریه الجهاد فی الاسلام، ل ١٤٦ ـ ١٤٧

خودی محەمەد عەبدولوەهابو لەسەرو ئەویشەوە مەرجەعیەتە ئاینییەکەی دەربارەی جیهاد، ئەوکات دەتوانین وێنەیەک لەسەر پاساوەکانی بەرپاکردنی براقی وەهابی لەسایەی خەلافەتی عوسمانی لەخەیاڵدانی خۆماندا گەڵاڵە بکەین.

محەمەد عەبدولوەهاب، پێیوابو، جیهادکردن هەر لەسەردەمی پێغەمبەرەوە (صلى الله عليه وسلم)، تا رۆژی دوایی‌و لەپشت هەمو پێشەوایەکی دادپەروەرو خراپەکار (فاجر) یشەوە، بەردەوامو بەرقەرارە، هیچ سەدەو سەردەمو هیچ پاساوو بارودۆخێکیش ناتوانێت جیهادکردن راگرێت[1]. ئیبن تەیمیە کە یەکێکە لەگەورە بیرمەندو رێبەرەکانی بیری سەلەفییەت، پێدادەگرێت، لەسەر ئەوەی، «گەر موسوڵمانان، دوچاری دۆخێکی دژواربونەوەو کەوتنە نێو فیتنەوە، ئەوا پێویست دەکات، کەسێکی شیاو لەنێو خۆیاندا دەستنیشان بکەن، ببنە یاریدەدەرو کۆمەککاری لەجێبەجێکردنی ئەحکامەکانی شەریعەتداو جیهادی لەدواوە بکەن»[2]. ئەم دۆخە دژوارو سەردەمە پڕ لەفیتنەیەش کە ئیبن تەیمیە هێمای بۆدەکات، بەلای ئیمام ئەحمەدی کوڕی حەنبەلەوە کاتێکە کە «پێشەوایەکی بەهێز بۆ هەڵسوڕاندنی کاروباری موسوڵمانان، لەگۆڕەپانەکەدا نەبێت[3]».

هەرچەندە وەک زۆرێک لەبیرکردنەوە، ئیسلامییەکانیتر، بەلای سەلەفییەکانەوە، جیهادکردن، ترۆپکی ئیسلامەتییە، بەڵام بەبێ بونی ئیمامو پێشەواو بەبێ جیابونەوەی بەرەی کوفرو بەرەی ئیمانو بەبێ بونی تواناو لێهاتویی ماددیو مەعنەوی بەرپاناکرێت. بەبڕوای سەلەفییەکان، هەرکات، مەرجەکانی جیهاد، نەهاتنەدی ئەوە، بەرەنگاربونەوە چەکدارییەکە دەبێتە جەنگ (قتال)و نابێتە جیهاد، چونکە لەشەریعەتدا تەنها بەجەنگی دژە کافرو بێباوەڕان، دەوترێت جیهاد[4]. ئەم خاڵەش یەکێکە لەهێڵە جیاکەرەوەکانی تێگەشتنی «سەلەفیانەی وەهابی» لەگەڵ تێگەشتنی «سەلەفیانەی جیهادیی»، کە زۆرێکیان، لولەی چەکەکانیان ئاراستەی کۆمەڵگا موسوڵمانەکانەکان دەکەنو بەناوی جیهادکردنەوە، لەنێو ئاپۆڕای خەڵکی موسوڵمانیشدا تەقینەوەو کوشتاری بەکۆمەڵ ئەنجامدەدەن.

---

١. عبدالعزيز الرومى وآخرون: مؤلفات الشيخ محمد بن عبدالوهاب، الرسائل الشخصيه، ل ١١

٢. مجموعه الفتاوى، ٣٥/ ١٨٨

٣. عبدالله بن سحمان الاحمدى: المسائل والرسائل المرويه عن الامام أحمد فى العقيده، ٤/٢

٤. عثمان بن معلم محمود: موقف المسلم من القتال فى الفتن، ل ٣٥ ـ ٤٠

سـەبارەت بەو پرسیارانەشی لەسەر هێرشو لەشکرکێشـی وەهابییەکانی نەجد، دژ بە میرنشـینو چەکدارە خێڵەکییەکانیتری نیوە دورگەی عەرەب لەئارادان، رشـتەی مێژوییو ئەو گێڕانەوانەی کە تائێستا لەبەردەستدان، دەمانخەنە سەر ئەو بۆچونەی، گوێ نەگرتنو ملنەدانی دەوروبەر، بۆ بانگەوازی سەلەفییەتو حوکمدانی شیرک بەسەر ئەو پەرستشانەی پەیڕەویاندەکرد، وەهابییەکانی پەلکێشکردوە، بۆئەوەی هێز لەدژیان بەکاربهێنن، چونکە بەلای بیری سەلەفییەوە لەم جیهانەدا هیچ تاوانوخراپەیەک وەک شـیرکو پەنابردن بـۆ غەیری خودا، بەلای بێئامان نییـە، ئەوەتا خودا فەرمویەتی «وَلَقَدْ أُوحِيَ إِلَيْكَ وَإِلَى الَّذِينَ مِنْ قَبْلِكَ لَئِنْ أَشْـرَكْتَ لَيَحْبَطَنَّ عَمَلُكَ وَلَتَكُونَنَّ مِنَ الْخَاسِـرِينَ» الزمر: ٦٥ واتە: ئێمە بەتۆو بەوانەشـی بەر لەتۆبون، رامانگەیاند، هەر کەسیتر بکەیتە شەریکی خودا، بێگومان کارەکانت پوچەڵ دەبێو لەریزی زیان لێکەوتوانی. هەروەها «إِنَّ اللَّهَ لا يَغْفِـرُ أَنْ يُشْـرَكَ بِـهِ وَيَغْفِرُ مَا دُونَ ذَلِكَ لِمَنْ يَشَـاءُ وَمَنْ يُشْـرِكْ بِاللَّهِ فَقَـدِ افْتَرَى إِثْمًا عَظِيمًا». واتە: خوا لەوانە خۆش نابێت، بێژن هاوکاری هەیە. جگە لەمە هەرکە خوا مەیلی لێ بێ لێی دەبورێ. «إِنَّهُ مَنْ يُشْـرِكْ بِاللَّهِ فَقَـدْ حَرَّمَ اللَّهُ عَلَيهِ الْجَنَّةَ وَمَأْوَاهُ النَّارُ وَمَا لِلظَّالِمِينَ مِنْ أَنصَارٍ» المائدة: ٧٢ واتە: هەر کەسێ شەریک بۆ خوا پەیدا بکات، خوا بەشی لەبەهەشت دەبڕێ.

دەگێڕنەوە، کابرایەک لە محەمەد عەبدولوەهابی پرسـیوە، چۆن ئەم یەکتاپەرستیو تەوحیدە جێبەجێو بڵاوبکەینـەوە؟، ئەویش وتویەتی «بەئامۆژگاریکردنو بانگەوازو فرمـان بەچاکەو نەهی لەخراپە، ئەگەریش جێبەجێنەکرا، هێز بەکاردەهێنین، چونکە ئـەوەی بـڕوای بە تاقانەیی خودا نەبێت لەپەرسـتندا کافرە[1]». ئـەم گێڕانەوەیە ـ ئەگەر راسـت بێت ـ لەگەڵ کۆی کارنامەی بزوتنەوەی وەهابیدا، نیشـاندەری ئەوەیە لەفیکری سەلەفیدا، بەکارهێنانی رێگاچارەی بانگەوازو فرمان بەچاکەو نەهی لەخراپە، لەپێشـترە، ئەگەریـش بانگەوازکردن بەرهەمی نەبو، مەرجەکانـی جیهادکردنیش ـ لەجیابونـەوەی بەرەی کوفرو ئیمـان، بونی تواناو لێهاتویی، بونی پێشـەوا ـ ئەوا جیهادکـردنو جموجوڵی چەکداری رەواو دروسـتە. بەڵام ئەمە بـەو مانایە نایەت، لەژێرناوی چەسـپاندنی یەکتاپەرستی خودا، خەڵک خێرا دەست بدەنە چەکو دەست بکەن بەکوشتو کوشتار، چونکە دیسـانەوە محەمەد عەبدولوەهاب، لەیەکێک لەوتە بەناوبانگەکانیدا، زیاتر بنەمای تەکفیرو جیهادکردن روندەکاتەوەو دەڵێت «لەکاتێکدا ئێمە ئەوکەسـانە بەکافر دانانێین کە لەسەر ئارامگای عەبدولقادری گەیلانیو ئەحمەد

١ـ د. عبدالمنعم الحنفی: موسوعە الفرق والجماعات....، ل ٦٨٣

بەدەوەی گۆڕ دەپەرستنو نازانن کارێکی خراپ دەکەن، کەسیش نییە بۆیان رون بکاتەوە، ئیتر چۆن ئەوانە بەکافر لەقەڵەم دەدەین، کە هاوەڵ بۆ خودا بڕیاردەدەنو ئامادەنین کۆچ بکەنو بێنە نێو بانگەوازی ئێمە، ئەمە بوهتانێکی گەورەیە بەدەممانەوە دەکرێتو پەنادەگرین بەخودا لێی»[١].

ئەم وتەیەی محەمەد عەبدولوەهاب، جەخت لەسەر پێویستیی بانگەوازکردنو ئەوەی لەئەدەبیاتی شەریعەتدا پێی دەوترێت (اقامە الحجە)، دەکاتەوە، دواتر موسوڵمانان دەخاتە سەر رێگای بیرکردنەوە لەگرتنەبەری رێگاچارەی بەکارهێنانی هێزو هەنگاویتر. هەروەها رێبەرەکانیتری ئەمدوایییەی بیری سەلەفی، ئاماژەیان بەوەکردوە، دەرگای جیهاد، کاتێک واڵادەبێتو دەکەوێتە سەرپشت کە لەمپەرو ئاستەنگ لەبەردەم بانگەوازکردندا، بۆ یەکتاپەرستیو رێگای خودا، هەبێت. یان مەترسی گەورە لەسەر یەکتاپەرستی لەئارادابێت [٢]. هەندێک لەسەرچاوە مێژووییەکانیش، ئاماژەیان بەوەکردوە، ئۆباڵی هەمو لەشکرکێشیو هەڵمەتەکانی سوپای نەجدو لەشکری ئال سعود لەئەستۆی بیری سەلەفیەتی محەمەد عەبدولوەهابدا نییە، چونکە بەشێک لەو هێرشو کێشمەکێشانەی سەدەی ١٨ ی نیوەدورگەی عەرەب، لەسەر دەسەڵاتو فراوانکردنی نفوز، رویانداوەو پەیوەندییان بەئاینەوە نەبوە. جگە لەمەش، لەشکرو سوپای نەجد، لەجەنگاوەرانی خێڵە عەرەبییەکان پێکدەهات، ژمارەیەکی زۆر کەمیشیان شارەزای زانستە شەرعییەکان بونو هەندێکجار پەرچەکردارو هەڵسوکەوتی توندڕەوانەیان زادەو دەرهاویشتەی سروشتی خێڵەکیانەی خۆیانو واقیعی ئەوکاتی کۆمەڵگاکانیان بوە[٣].

---

١. حسین بن غنائم الاحسائی: روضه الافکار والافهام، تحقیق د. ناصرالدین الاسد، ل ٤٩٧. وەرگیراو لە ابو مسعود الندوی: محمد بن عبدالوهاب، ل ٧٨.

٢. محمد بن جمیل زینو: العقیده الاسلامیه فی چوو الکتاب والسنه ل ٨٢

٣. بڕوانە: لونکریك: أربعه قرون من تأریخ العراق الحدیث، ل ٢٢٧- ٢٣٠

سەلەفیەتو تەكفیر

بەدرێژایی مێژوی ســـەرهەڵدانو گەشـــەكردنی، تۆمەتی تەكفیرو توندڕەوەی بەدوای تەوژمی ســـەلەفیەتو وەهابییەوەبوە. دوای روداوە گـــەرمو گرنگەكانی ئەمدواییەی جیهانو رۆژهەڵاتی ناوەڕاســـتیش لەهاتنی سوپای ئەمەریكا بۆ نیوەدورگەی عەرەبو روداوەكانی ١١ ئەیلولی نیویۆركو واشنتۆن، تۆمەتی تیرۆریش بۆ سەر تۆمەتەكانیتری سەر بانگەوازی سەلەفیانەی وەهابی زیادكرا.

هەڵوێســـتەكردن لەراستو دروستیو ئەم ناســـاندنو تۆمەتباركردنەی وەهابییەكان، پێویست بەشەنو كەوكردنی رابردوو ئێستای بزوتنەوەو بانگەوازەكە دەكات، چونكە ئەم تێڕوانینە ئاینییە، جیا لەناوەڕۆكە فیكرییەكەی زیاتر لەدوو سەدەیە لەسعودیەدا بەكرداریی بنەماكانی جێبەجێدەكرێت.

وەك ئاماژەمانپێكرد، محەمەد عەبدولوەهاب، نەزانینو تێنەگەشتنی خەڵكی لەپەیامی یەكتاپەرستی كردۆتە پاساو بۆ ئەوەی تەكفیر نەكرێن. لەماوەی ژیانی خۆشیدا چوار خەلیفەی عوســـمانی بەرێكردوە، بێئەوەی تەكفیرو تەنانەت قســـەیەكی خراپیشیان ئاراستەبكاتو لەبەرهەمەكانیدا تۆماری بكات. لەدوای مەرگی محەمەد عەبدولوەهابو رمانـــی خەلافەتـــی عوسمانیشـــەوە، چەندین حیـــزبو بیروباوەڕی نوێی ئیســـلامی سەریانهەڵدا كە بەو پاساوەی لەسایەی خەلافەتدا ناژینو حوكمی شەریعەت جێبەجێ ناكـــەن، دەوڵەتە عەلمانییەكانیان بەكافر دەزانیو كۆمەڵگا ئیسلامییەكانیشـــیان بە (دار الكفر) لەقەڵەمدەدا. سەید قوتب، كە یەك لەدیارترین بیرمەندەكانی رابونی نوێی ئیسلامییە دروشمی «جاهیلیەتی سەدەی بیستەم»ی بەرزكردبۆوەو پێداگری لەسەر ئەوە دەكرد، «جیهانی ئیسلامو كۆمەڵگاكانی گەڕاونەتەوە بۆ تافی نەزانیو جەهل، چونكە لەســـایەی خەلافەتدا ناژین». لەم میانەیەشدا ســـەلەفییەكان بەتوندی دژی ئەم پۆلینو وەسفكردنەی دۆخی دوای روخانی خەلافەت، دەوەستنەوەو بەپێچەوانەی ئەم تەرزە بیركردنەوەوە، بەچڕوپڕی جەخت لەســـەر خەتەرناكیی دیاردەی تەكفیر، دەكەنەوە.

بەبۆچونی ســـەلەفییەكان، تەكفیری حازربەدەستی ئەلقاعیدەو گروپە ئیسلامییە خۆ بەســـەلەفی زانەكانیتری جیهانی ئیسلام، بەشێكە لەپاشـــماوەكانی بیری خەواریجە

توندڕەوەکان [1]. هەروەها بەڕای ســەرنماکانی ئێستای سەلەفییەت، زیادەڕۆییکردنی هەندێک لایەن، لەکافرکردنی بەرانبەردا، ئاکاری ئەهلی بیدعەو خەڵکی نەشــارەزایە بەجەوهەری ئیســلام، چونکە سیفەتی کوفرو شــیرکی هەندێک کردارو گوفتاری نێو موسوڵمانان، ناکاتە کافربونی خاوەنو ئەنجامدەرەکانیان.. کەس بەئەنجامدانی کاری کوفرو شیرک نابێتە کافرو موشریک، ئەگەر بیروباوەڕی گۆڕانی بەسەردانەیەتو کوفرو شیرکەکە بەرەوا نەزانێت[2].

بیروبــاوەڕی ســەلەفییەت، جیاوازی دەخاتــە نێوان «کوفری بیروبــاوەڕ» لەگەڵ «کوفری کردار»، بەم پێیە ئەنجامدانی کوفر، بەنەزانی یان بەهەڵە، کوفری بچوکە، هەروەهــا ئەنجامدانی ئەوانەی لەقورئانو فەرمودەدا بەکوفر نابراون وەک: کوشــتنی موسوڵمان، نوێژنەکردن، سوێندخواردن بە غەیری خوداو.......هتد. تاوانی گەورەن، بــەڵام ئەنجامدەرو خاوەنەکانیان لەبازنەی ئیســلام دەرناکەنو ئەنجامدەرەکانی هەر بەموســوڵمانەتی دەمێننەوە[3]. هەرەوەها شــێخ محەمەد ناسرەلدین ئەلبانی کە یەک لەگەورەتریــن رێبەرە هاوچەرخەکانی ســەلەفییەتە، لەیەکێک لەوتارە دەنگییەکانیدا کە بەکاســێت تۆمارکراوە، جەختدەکاتەوە، ١٤ سەدەش لەدوای هاتنی پێغەمبەر(صلى الله عليه وسلم)، رەنگە کەســانێک هەبــن لەئەوروپاو لەقوتەبکانی باکورو باشــور کە گوێبیســتی پەیامی ئیسلام نەبوبن، ئەمەش بەسە بۆ ئەوەی تەکفیر نەکرێن. ناوبراو کە فەرمودەناســێکی بەناوبانگە جەخت دەکاتەوە، «ئەوانەی بانگەوازی ئیسلامییان وەک پێویســتو لەسەر شێوەی راستو دروست پێنەگەشــتوە، لەپاشەڕۆژدا خودا، حسابی تایبەتەیان لەگەڵدا دەکات، ئەمەش لەچەندین فەرمودەدا ئاماژەی پێکراوە». هەروەهــا دەڵێت «رەنگە کاتێک بانگەوازی ئیســلامی بگاتە هەندێک کۆمەڵو گروپ کە هەندێکیان ئەوەندە پیرو پەککەوتەبن کە باش شتەکان تێنەگەن، مناڵەکانیشیان پێگەشتو نەبن، ئەمەش خودا لەرۆژی دواییدا مامەڵەیەکی تایبەتیان لەگەڵدا دەکات». ناوبــراو، لەو زنجیرە کاســێتەدا کــە دواتر یەکێک لەخوێندکارەکانــی بەناوی عەمر عەبدولمونعیــم، لەدوتوێی کتێبێکدا بەناوی (الســلفیە) بڵاویکردەوە، بۆ حوکمدانی

١. موسى بن عبدالله آل عبدالعزيز: اضواو على دعوه محمد بن عبدالوهاب، مجله السلفيه العدد ٢، الرياض ١٤١٧ ﻫ، ل ٩٠ ـ ٩٨

٢. د. عبدالمجيد بن سالم عبدالله المشعبى: منهج ابن تيميه فى مسأله التكفير، ل ٥٥

٣. د. صالح بن فوزان عبدالله الفوزان: كتاب التوحيد، ل ٢٠ ـ ٢٢

تەکفیرو دیاریکردنی چارەنوســی پاشــەڕۆژی خەڵکو کۆمەڵگاکان، ئەوەی بەمەرج گرتوە، کە بانگەوازی راســتو دروستی ئیســلامیان بەرێکوپێکیو بەجوانترین شێوە پێگەشتبێتو رەتیانکردبێتەوە، نەک تەنها دورەو دور گوێبیستی هەندێ زانیاری پچڕ پچڕ بوبن دەربارەی ئیسلام.

بەڕای ســەلەفییەکان، تەکفیرکردن مافێکی تایبەتــی خودایە، هیچ کۆمەڵو گروپو دەستەیەک بۆی نییە لەبەر بەرژەوەندی خۆی بەکاری بهێنێت. ئەسڵ وەهایە سەرجەمی موســوڵمانان راساڵو دادپەروەربنو بەبەڵگەی زۆر رونی شەرعیی نەبێت، کەس بۆی نییــە کافریان بــکات، چونکە تەکفیری ناڕەوا هەم درۆکردنــە بەناوی خوداوەو هەم کەوتنە نێو حاڵەتێکیشە کە خوداو پێغەمبەر سەرکۆنەی دەکەنو پێی رازی نین[1].

ســەلەفییەکان هێندە خۆیان، لەدیاردەی تەکفیرکــردن بەدوردەگرن، تەنانەت، ئەو پەرلەمانو دادگایانەش بەکافر نازانن کە یاساو رێسای نائیسلامیو خۆرئاوایی گەڵاڵە دەکــەن، لەراڤەکردنی ئەو ئایەتەشــی کە دەفەرموێت «ومن لــم یحکم بما انزل الله فاولئک هم الکافرون» التوبە ـ پشتگیری لەو بۆچونە دەکەن کە دەڵێت «ئەو دادوەرو پەرلەمانتارو یاســادانەرانە کافرن، کە دەستورو یاسا نائیســلامیو دەستکردەکان، بەشــیاوترو پەســەندتر دەزانن تا یاســای ئیســلام». واتە ئەگەر یاســادانەرانو جێبەجێکەرانیشــی پێیان وابو، یاسای ئیسلام باشترو کاملترە، بەڵام لەژێر گوشارو لەبەر بەرژوەندی جۆراوجۆر، پەنایان بردە بەر یاســای نائیسلامیو دەستکرد، ئەوە پێــی کافر نابنو ناچنە ژێر حوکمی «فاولئک هم الکافرون»ی ئایەتەکەی قورئانەوە، بەڵکە لەو حاڵەتەدا کوفرێکی بچوکو تاوانێکی گەورەیان ئەنجامداوەو بەشــێوەیەکی گشتی هەر موسوڵمانن[2].

زاناو ناودارەکانی بیری سەلەفییەتی نوێ، دیاردەی تەکفیر بە «بەڵاو فیتنەی حیزبە جیهادییە ئیســلامییەکان»، لەقەڵەم دەدەن. لەنەوەدەکانی ســەدەی رابردوشــدا، هەریەک لە عەبدولعەزیز بن بازی موفتی پێشــوی ســعودیەو، شێخی فەرمودەناس، محەمــەد ناســرەلدین ئەلبانی، گەورە رێبەرانــی بیری ســەلەفییەت، لەدو فەتوای هاوشــێوەدا جەختیان لەســەر ئەوەکردەوە، «نابێت لەسەر تاوانکردنو خراپەکردن، کەس کافــر بکرێت». ئەم دو موفتییەی ســەلەفییەکان بەتوندی، بۆچونی کۆمەڵە

١ـ خالد بن علی بن محمد العنبری: الحکم بغیر ما أنزل الله وأصول التکفیر، ل ٣٠ ـ ٣١

٢ـ سفر بن عبدالرحمن الحوالی: شرح رسالە تحکیم القوانین لمحمد بن أبراهیم آل الشیخ، ل ٣٣ ـ ٣٥

جیهادییەکانی جەزائیرو وڵاتانیتری جیهانی ئیسلامییان لەبارەی تەکفیرکردنی فرمانڕەواو کۆمەڵگاکانەوە رەتکردەوەو بە بۆچونێکی «دور لەسوننەتو شەریعەتی دروست» دایانەقەڵەم[١].

لەدوای کارەساتەکانی ١١ ئەیلولی ٢٠٠١ ی ئەمەریکاو روخانی دەسەڵاتی تاڵیبانی ئەفغانستانو رژێمی سەدامەوە لەعێراق، ژمارەیەکی زۆر لەگەنجانی سعودیەو وڵاتانیتری عەرەب، بۆ بەرەنگاربونەوەی سوپای ئەمەریکا، پەیوەندیانکرد بەرێکخراوی ئەلقاعیدەی ئوسامە بن لادنەوە. لەم بەروارەشەوە، تێکڕای گوتاری سەلەفییەکانی سعودیەو ئوردنو عێراقیش لەدەوری خستنەڕوی مەترسییەکانی تەکفیرو حەرامکردنی تەقینەوەو کاری خۆکوژی چڕبۆتەوە. لەئەدەبیاتی وەهابییە سەلەفییەکاندا، ئەلقاعیدە گروپێکی «ضال»و سەرلێشێواوەو شوێنکەوتوانیشی هەڵخەڵەتێنراونو کردە خۆ کوژییەکانیشیان حەرامو سنوربەزاندنی شەریعەتن. شێخ ساڵح ئەلفەوزان، کە ئەندامی دەستەی گەورە زانایانی سعودیەو ئەندامی لیژنەی فەتوای ئەم وڵاتەو رێبەرێکی ناسراوی سەلەفییەکانە، لەوتارێکدا، بەناونیشانی «مەرجو بەندوباوەکانی جیهاد» کە لەشاری ریاز، پێشکەشی کردوەو لەژمارەی رۆژی ٢٠٠٩/٤/٢٠ی رۆژنامەی (القدس العربی) هەندێکی بڵاوکراوەتەوە دەڵێت «ئەوەی رێکخراوی ئەلقاعیدە دەیکات، جیهاد نییە. ئەوەشی خەڵکانێکی خۆ حەشارداو لەپاکستان دەیکەن، هەر جیهاد نییە، چونکە لەژێر هیچ ئاڵایەکدا ناکرێت، بەڵکە فەوزاو کوشتو بڕێکە کە زیانی قورسو کوشندەی زۆری لێکەوتۆتەوە». ئەلفەوزان، دەڵێت «خۆکوژەکان ستەم لەخۆیانو لەموسوڵمانان دەکەن. ئەوان، بەکوشتنی خەڵکی مەدەنیو ئەو دیبلۆماسە بیانییانەی کە مۆڵەتی کارکردنیان لەم وڵاتانە هەیە، کارێکی خراپ دەکەن». لەهەمان کاتدا ناوبراو دەڵێت «شەرمو شکۆ لەجیهاددا نییە.. خودا شەرعیەتی داوە بەجیهادو ئەوەتا لەکۆلێژو پەیمانگاکاندا دەخوێنرێتو نەتەوە یەکگرتوەکانو کەسانیتریش، ناتوانن هەڵی بوەشێننەوە، بەڵام جیهاد مەرجو بەندو باوی خۆی هەیە». لەدیدارێکی کەناڵی BBC دا لەرۆژی ٢٠٠٩/٥/٤، ئیمامی حەرەمی مەککی، شێخ عادل کەلەبانی، رونیکردەوە، پاش گفتوگۆیەکی دورودرێژ لەگەڵ شێخ محەمەد ساڵح عوسەیمینی ئەندامی دەستەی گەورە زانایانی سعودیە، کە بەرلەچەند ساڵێک کۆچی دواییکرد، گەشتونەتە ئەو بڕوایەی حوکمی خۆتەقاندنەوە، بەپاساوی جیهادو موقاوەمە، هەمان

---

١. دەقی هەردو فەتواکە لەژمارە ٣ی گۆڤاری (السلفیه)، بڵاوکراوەتەوە، لەساڵی ١٤٠٧ کۆچی کە (دار البحوث والدراسات المعاصره والتراجم) لەریازی پایتەختی سعودیە دەریدەکات

حوکمی خۆکوشـــتن (الانتحار) ی هەیەو دەڵێت «هەمو کەسیش دەزانێت لەئیسلامدا ، خۆکوشـــتن حەرامو یاســـاغە» . دیارترینو بەناوبانگترین زانا سەلەفییەکانی وڵاتی شـــامو نیوە دورگەی عەرەبیش، لەزنجیرەیەک فەتـــواو رونکردنەوەدا، تەقینەوەکانی شـــاری خوبەری سعودی کە بوبەهۆی کوژرانی ١٩ سەربازی ئەمەریکاو تەقینەوەکانی ١١ ئەیلولـــی ئەمەریـــکاو رفاندنـــی گەشـــتیارانی بیانییان لەوڵاتە ئیســـلامییەکان، بەناشـــەرعیو ناڕەوا وەســـفکرد. ئەم رێبەرانەی ســـەلەفییەت، بەکارهێنانی تیرۆرو تەســـفییەی جەســـتەییو ترســـاندنی خەڵک لەرێگای توندوتیژییـــەوە، بۆ گەیاندنی ئیســـلام رەتدەکەنەوە، هەروەها توندوتیژیی ئیســـلامییە چەکدارەکانیش لەکۆمەڵگا موسوڵمانەکاندا، بەعاتیفەو حەماسەتی بێهودەو پوچ لەقەڵەم دەدەن.

سەلەفییەتو دەسەڵات

محەمەد عەبدولوەهاب، بۆچونی وەهایە، بونی پێشـــەوایەک (امام) کە ئەحکامەکانی شەریعەت، پیادەو پەیڕەوبکات.. ریزەکانی موسوڵمانان ڕێکبخاتو بۆ بەرەنگاربونەوەی دوژمن، کۆیان بکاتەوە، پێویســـتییەکی هەنوکەیی‌و شەرعیی کاروانی بانگەوازو کاری ئیســـلامییە. ئەم بۆچونەش لەگەڵ بۆچونی زۆرێک لەقوتابخانە ئیســـلامییەکانیتردا ڕێکو تەبایە[1].

ئەو پێشـــەواو ئیمامەش کە ســـەلەفییەکان‌و دەســـتەو گرۆ ئیســـلامییەکانیتر داوای دەستنیشـــانکردنی دەکەن، لەئەدەبیاتی فیقهی ئیســـلامیدا بەخەلافەت، گوزارشتی لێدەکرێتو بریتییە لە: سەرکردایەتیکردنی گشت موسوڵمانان بەئامانجی جێبەجێکردنی ئەحکامی شەریعەتی ئیسلامی‌و گەیاندنی بانگەوازی ئیسلام بەهەمو جیهان[2]. زۆربەی زۆری بۆچونە ئیســـلامییەکانیش لەسەر ئەوە ڕێکو یەکدەنگن، کە دەستنیشانکردنی ئیمامو خەلیفە فەرزێکی ئاینی‌و واجبێکی شـــەرعیی سەرشـــانی موسوڵمانانەو هیچ جیاوازییەکـــی لەگـــەڵ فەرزەکانیتردا نییە[3]. نەک هەر ئەمە بەڵکە، فەرامۆشـــکردن‌و خەمســـاردی بەرامبـــەر دیاریکردنـــی خەلیفـــە، تاوانێکی گەورەیـــە، چونکە زۆرێک لەحوکمەکانی ئیسلام لەســـەر بون‌و بەرقەراربونی خەلافەت بنەڕەتن[4]. تائێستا جگە لەهەندێک شەرعزانی سەر بەگروپی عەقڵانیی موعتەزیلە کەسیتر لاریی لەم حوکمانەی سەرەوەنییە[5]، بگرە، ئیبن تەیمیەی گەورە مامۆستای سەلەفییەت، پێدادەگرێت لەسەر ئەوەی «دین بەبێ خەلافەتو پێشەوا، بەرقەرار نابێت»[6].

ئەگەر ئەم بنەماو حوکمە فیقهیانەی ئیسلام بەسەر کارنامەی وەهابییەکاندا جێبەجێ بکەین، دەردەکەوێت، گەڕانـــی محەمەد عەبدولوەهاب، بەدوای میرێکدا بۆ مۆرکردنی

١. د. عبدالسلام بن برجس العبدالكريم: معامله الحكام فى ضوء الكتاب والسنه، ل٦١

٢. تقى الدين النبهانى: نظام الحكم فى الاسلام، ل ٣٢

٣. د. عبدالسلام بن برجس العبدالكريم: معامله الحكام، ل ٦١

٤. تقى الدين النبهانى: نظام الحكم فى الاسلام، ل ٣٦

٥. أبى الحسن على بن محمد حبيب الماوردى: الاحكام السلطانيه، ل٥٦ وەرگیراو لەمعامله الحكام

٦. عبدالمنعم مصطفى حليمه: الطريق ألى استئناف حياه اسلاميه، ل٨

هاوپەیمانێتی لەگەڵیداو دورکەوتنەوەی خۆی لەکاروباری سیاســەت، گەڕانە بەدوای ئەو پێشــەوایەی «بەبێ ئەو، دین بەرقــەرار نابێت». محەمەد عەبدولوەهاب، لەگەڵ ئەوەی خۆی رێنماو رێبەری ئاینیو رۆحیی سەلەفییەکان بو، بەرپرسیارێتی سیاسیو ئیداریی بانگەوازو میرنشــینی درعیەی نەگرتەدەســتو خۆی وەک ئیمام نەناساند، بەڵکــە لە ســاڵی ١٧٧٤ زاینــی، بەیعەتی دا بەمحەمەد بن ســعودی میری درعیەو لەگەڵیدا رێککەوت، خۆی موفتیو پیاوی ئاینیو ئال ســعود، فرمانڕەواو کاربەدەست بن. لەفیقهی ئیسلامییشدا بەیعەتدان، شەرعیەت، دەبەخشێتە فرمانڕەواو پابەندبونە بەکۆمەڵی موسوڵمانانو گوێڕایەڵیکردنی پێشەوا دیاریکراوەکەیانە[١].

گرفتی ئەم لێکدانەوەی سەرەوەش، ناوچەیی بونو بچوکی دەسەڵاتو ناوبانگی محەمەد بن ســعودە، لەچاو خەلیفەیەکی باڵادەســتی وەک عوســمانی کە لەمپەڕی جیهانی ئیســلامەوە تا ئەوپەڕ، حوکمی دەکرد. بەڵام راســتییەکی گرنگ هەیەو وەڵامی ئەم پرسیارەمان دەداتەوە، ئەویش بیری سیاسی سەلەفییەکان خۆیانە، کە زاناکانی زیاتر لەجارێک باسیانکردوەو رونیانکردۆتەوە ئەویش: «بونی چەند ئیمامو فرمانڕەوایەکی موسوڵمان لەیەک کاتو سەردەمدا شتێکی ئاساییو رەوایە».

پاســاوی سەلەفییەکان بۆ فرە ئیمامی، رێسایەکی شەرعزانییە کە دەڵێت «جیاوازی نەکردن لەنێوان حاڵەتی ئاساییو ناچاریدا، نەشارەزاییە لەعەقڵو نەقڵ[٢]». هەر لەژێر رۆشنایی ئەم رێسایەشدا محەمەد عەبدولوەهاب، دەڵێت «پێشەوای هەمو ئاینزاکانی ئیسلام، لەسەر ئەوە کۆکن، گەر کەسێک بەسەر وڵاتێک یان چەند وڵاتێکدا باڵادەست بــو، ئەوە هەمــو مافێکی ئیمامی هەیە، گەر وانەبێت، ئــەوە کاروبار بەرێوەناچێت. خەڵک لەســەردەمی ئیمام ئەحمەدی کوڕی حەنبەلەوە، تائێســتا لەسەر خەلافەتی تاکەکەســێک هاوڕاو یەک دەنگ نەبون. هیچ پێشەوایەکی ئیسلامیش جێبەجێکردنی ئەحکامەکانی شــەریعەتی بەبونی پێشــەوای مەزن (الامام الاعظم) ەوە، پەیوەست نەکردوە». ئیبن تەیمیە دەڵێت «سوننەت وایە، موسوڵمانان یەک پێشەوایان هەبێتو ئەوانیتر بریکارو نوێنەری ئەو پێشەوایەبن. بەڵام گەر ئەمە لەسەر زەوی بەدینەهاتو چەند ئیمامو خەلیفەیەک راســتبونەوە، ئەو دەمە، هەر یەکەیان بۆخۆی حوکمو سزا

---

١. أحمد صديق عبدالرحمن: البيعه فى النظام السياسى الاسلامى، ل ٣٥

٢. ابن الوزير: العواصم من القواصم فى الذب عن ســـنه ابى القاســـم، ل ١٧٤ وەرگیراو لە معامله الحكام، ل ١٨٢

جێبەجێ دەکات»[1].

بەم پێیەو بەبۆچونی سەلەفییەکان، دەکرێتو ئاساییە، لەهەمو وڵاتو میرنشینێکدا، هاوتاو هاوشـێوەی خەلیفەیـەک هەبێتو لەسـەر خەڵکی ئەو وڵاتەش پێویسـتە گوێڕایەڵی بکەن. بۆ پشتڕاسـتکردنەوەی ئەم بۆچونـە فیقهییەش، نمونە بەمێژوی ئیسـلام دەهێننەوە، کە لەدوای سەردەمی حوکمڕانی ئومەوییەکان (٤١ ـ ١٣٢ ک)، جیهانی ئیسـلامیی دابەش بو بۆچەند میرنشـینو دەسەڵاتێکی جیاجیاو پەرتەوازە، تارۆژگاری ئەمڕۆش، موسوڵمانان لەسەر بەیعەتی تاقە خەلیفەیەک یەک دەنگو یەک هەڵوێست نەبون.

گەڵاڵەکردنی چەمکی فرە خەلیفەیی، لەلایەن سـەلەفییەکانەوە، جیاوازیو ناکۆکیی هەیـە لەگەڵ رای ئاینزاو قوتابخانە ئیسـلامییەکانیتر، کـە جەختدەکەنەوە «بونی زیاتر لەیەک خەلیفە لەیەک سـەردەمدا شـتێکی ناڕەواو ناشـەرعییە». بەبۆچونی سـەلەفییەکان، گوێڕایەڵیکردنی خەلیفەکان، فەرزو بنەمایەکی بنەڕەتیی شەریعەتی ئیسـلامە، چونکە ئاین بەبێ کۆمـەڵو بزاڤ، جێبەجێو پەیـڕەو ناکرێت، کۆمەڵو بزاڤیش بەبێ پێشـەواو رابـەر بەڕێوەناچێت، بەبـێ گوێڕایەڵیکردنیش، فرمانڕەواو پێشەوا، ئیدارەی کاروباری کۆمەڵگایان بۆ ناکرێت[2].

سـەلەفییەکان هێندە پابەنـدن بەخەلیفەو دەسـەڵاتداری موسـوڵمانەوە، زۆرجار بەپاشـکۆی دەسـەڵاتو خەمسـاردو کەمتەرخـەم بەرانبەر سـتەمی دەسـەڵات، تۆمەتباردەکرێن. هۆکاری ئەمەش بۆ ئەوەدەگەڕێتەوە، لەبیروباوەڕی سـەلەفییەتدا، دەرچـونو هەڵگەڕانەوە لەفرمانڕەوای سـتەمکاریش ناشـەرعیو ناڕەوایە، چ جای دەسەڵاتی خزمەتگوزارو دادگەر[3].

شەرعزانە سـەلەفییەکان، رێگا بە رەخنەگرتنی ئاشـکرا لەدەسەڵات نادەنو پێیان شـەرعیی نییە، هیچ کەس لەسەر مینبەرو لەشـوێنی گشتیو لەمیدیاکاندا بەزەقیو ئاشـکرا کەموکوڕییەکانی دەسـەڵاتی باش، باس بکاتو پێیان وایە روبەڕوبونەوەی دەسـەڵات بەمشـێوەیەو کەنارخسـتنی ئامۆژگاری نهێنی، دەبێتە هۆی دروستبونی

---

١. مجموعه الفتاوی، ١٧٥/٣٥

٢. د. عبدالسلام بن برجس العبد الكريم: معامله الحكام، ل٧

٣. بڕوانه عبدالعزیز عبدالله بن باز: المعلوم من واجب العلاقه بین الحاكم والمحكوم، ل ٢٢ ـ ٢٣

پاشـــگەردانیو گۆبەن[1]. هەرچەنـــدە هەندێک لایەن ئەم بۆچونانەی ســـەلەفییەکان بەخزمەتکردنی بەرژەوەندی دەسەڵاتی پادشایانەی بنەماڵەی ئال سعود، لێکدەدەنەوەو پێیـــان وایـــە ئەم بۆچونـــە، هێندە پاراســـتنی دەســـەڵاتی ئال ســـعودو دەوڵەتی ســـعودیی مەبەستە، ئەوەندە پاساوی شـــەرعیانەی لەپشت نییە، بەڵام وەک زۆرێک لەشتەکانیتریان ســـەلەفییەکان، بەڵگە بەژیاننامەو ماجەرای ئیمام ئەحمەدی کوڕی حەنبەل، دەهێننەوە، کە ســـەرباری ئەوەی لەلایەن خەلیفە عەباسییەکانەوە بەگوررزو گۆپاڵ سزاو ئەشـــکەنجەدراوە، کەچی بەردەوام ئامۆژگاری هەوادارانی خۆی کردوە، تەنها بەدڵ، بەرهەڵســـتی بۆچونو باوەڕی نا سوننەتیو نا سەلەفیانەی خەلیفەکانی عەباسی بکەنو نەکەن لەگوێڕایەڵیکردنیان دەربچن، چونکە سەرەنجامی بەرهەڵستی خەلیفەو دەسەڵات، پەرتەوازەییو خوێنڕژانی موسوڵمانانە. ئیمام ئەحمەد، لەیەکێک لەوتە بەناوبانگەکانیشـــیدا دەڵێت «پێم وانییە، دەرچون لەفەرمانی ئەم خەلیفانەی عەباســـی کارێکی شـــەرعیو دروســـت بێت». ئەم بەســـەرهاتو هەڵوێستەی ئیمام ئەحمەد، بۆتە بنەمای بیریکردنەوەی سەلەفییەت دەربارەی دەسەڵات، لەبەر رۆشنایی ئەمەشدا حەنبەلییە پێشینەکانو ســـەلەفییەکانی ئێستای سعودیە، تەنانەت دوعای شـــەڕکردنیش لەسوڵتانو فرمانڕەوا، با خراپەکارو ستەمکاریش بێت، یاساغ دەکەن، ئیتر ئەوە بەرهەڵستیکردنو بەرەنگاربونەوەی چەکدارانە، بابوەستێت[2]. کە لای ئەوان دەچێتە ریزی کارە یاساغو قەدەغە شەرعییەکان.

لەبیـــری ســـەلەفییەکاندا ملکەچکردن، بۆ ئەو دەســـەڵاتدارانەش کە بەزەبری هێزو بەتۆپزی خۆیان ســـەپاندوە بەســـەر موســـوڵمانانندا هەر فەرزەو هیـــچ جیاوازییان لەگەڵ ئەوانەدا نییە بەشـــەرعی یان شـــورا هاتونەتە سەرتەخت. تەنیا حاڵەتێک کە ســـەلەفییەکان رێگا دەدەن، خەڵک بەهۆیەوە، شـــوڵ لەدەسەڵاتو سوڵتانی خۆیان هەڵکێشن، کاتێکە سوڵتان کوفری ئاشکراو بێ پێچو پەناو رون دیاربخات، ئیمکاناتو توانای پێویســـتیش لەبەردەستدابێت، بۆ گۆڕینی ئەو سوڵتانە کوفرکەرە، بەجۆرێک گۆڕینی نەبێتە هۆکاری گۆبەنو پاشاگەردانیو رژانی خوێنی زۆر[3].

ئەدەبیاتـــی نوێی ســـەلەفییەت بـــە «بیدعەی هاوچـــەرخ»، گوزراشـــت لەکودەتاو

---

١. عبدالعزيز عبدالله بن باز: هەمان سسەرچاوەی پێشو، ل ٢٥

٢. ابن أبی يعلی: طبقات الحنابله، ٣٦/٢، وەرگیراو لە معامله الحكام، ل ١٣

٣. عبدالعزيز عبدالله بن باز: المعلوم من واجب العلاقه بين الحاكم والمحكوم، ل ١٤

هەڵگەڕانەوەو یاخیبونی چەکدارانە لەدژی سوڵتان دەکاتو پێیان وایە، گۆڕینی کوفرو خراپەکاری سـولْتان، کاتێک ڕەوایە ئەوانەی بەتەمـای گۆڕانن، لەروی ژمارە، هێز، پیتاک، لێهاتوییەوە، تێروتەواوو پۆشـتەو پەرداخ بنو بتوانن خێرا باردوۆخ کۆنترۆڵ بکـەن، ئەگەرنا، نابێت پەنا ببەنە بەر ئاژاوەو خۆیانو خەڵکیتریش بەر مەترسـیی بخەن[1]. لەبری پەنابردنیش بۆ کودەتاو یاخیبون، سەلەفییەکان، داوای دان بەخۆداگرتن لەلایەنگرانیان دەکـەنو گۆڕینی خراپە بەئامۆژگاریو بانگەوازکردنو فرمان بەچاکەو نەهی لەخراپە، دەسـپێرن. لەبری سەرقاڵبون بەسیاسـەتو حیزبایەتیو پرسەکانی دەسـەڵات، زیاتر خۆیان ١ـ بەپاککردنەوەی عەقیـدەی خەڵک، ٢ـ بەرەنگاربونەوەی بیدعە، سـەرقاڵ دەکەن. هەروەها لەسـەر جیهان بینییەک کاردەکەن، کە شـیرکو بیدعە بەگەورەترین بەڵاو پەتای خراپی نێو ئەهلی ئیسـلام دادەنێت، سەرکەوتن لەم دو ئەرکەشـدا بەدەروازەی بەختیاریو کامەرانیی هـەردوو دنیای مرۆڤەکان لەقەڵەم دەدەن.

لەدوای سەردەمی ئیمام ئەحمەدی کوڕی حەنبەلیشەوە، سەلەفییەکان تەنها گوشاری بارودۆخو بۆشـایی نیمچە دورگەی عەرەب، لەرێـگای بزوتنەوەی وەهابییەوە تێکەڵ بەسیاسـەتی کردون، کارکردنی ئەم تەوژمەش لەنێو سیاسـەت، هێندە تەمەن درێژ نەبوەو دوای ئەوەی وەهابییەکان، دەسـەڵاتی دیـنو دنیایان وەک هێلکەی پاککراو رادەستی ئال سعود، کرد، ئیتر لەسەر شانۆی سیاسیو حوکمڕانی پاشەکشەیانکردو لەئێستادا بیریارو زاناکانی سەر بەم بیرە شانازی بەوەوە دەکەن، دورن لەسیاسەتو بانگەوازەکەیان، «دەسەڵات ویستو دنیایی نییەو وەک حیزبە ئیسلامییەکان هەڵپەی دەسەڵاتو حوکمڕانیی ناکەن»[2]*.

سەلەفییەکان، لەهەلومەرجو بارودۆخی نوێو هاوچەرخی زۆربەی وڵاتە ئیسلامییەکاندا،

١ـ هەمان سەرچاوەی پێشو، ل ١٥ ـ ١٦

٢ـ بۆ درێژەی ئەمە بڕوانە: أبراهيم العسعس: السلف والسلفيون، لا ٤٨

* بەشـێکی بەرچاوی گوتاری ئەمدواییەی سـەلەفییەکان بۆ دژایەتی حیزبایەتی ئیسـلامیو حیزبە ئیسـلامییە تەقلیدییەکانی وەک ئیخوان موسـلیمینو تەحریرو......هتد. تەرخانکراوە، سەلەفییەکان هێندە دژی دروستکردنی حیزبی ئیسلامین زۆرجار بە کۆمەڵی لاحیزبی دەناسرێن. دیارترین بیرمەندەکانی بیری لاحیزبی لەنێو سـەلەفییەکاندا رەبیع هادی ئەلمەدخەلی سعودیو موقبیل ئەلوادعی یەمەنییە.

هیچ داخوازیو پاساوێکی راپەڕینی چەکدارانە نابینن. بەبۆچونی ئەم دیدگا ئیسلامییە، تا دەسەڵاتو حکومەتەکان، بەئاشکرا دوژمنایەتیکردنی ئیسلامو بێباوەڕیی خۆیان، رانەگەیەنو بەرواڵەتو لەدەستورو یاسایاندا بەئیسلامەوە پەیوەستبن، دژایەتیکردنیان رەواو شەرعیی نییە. تەنانەت شێخ بن بازی موفتی کۆچکردوی سعودیەو شێخ محەمەد ناسرەلدین ئەلبانی، راگەیاندنی جیهادیان لەجەزائیر بەشۆڕشی خەواریجەکان** چواند، چونکە لەژینگەو کۆمەڵگایەکی موسوڵمان، راگەیەنرا [1].

لەچەند بۆنەیەکیتردا، سەلەفییەکان، «حەزی دەسەڵاتخوازیی»و «کردە خۆکوژییەکانی»، هەندێک لەحیزبو تەوژمە ئیسلامییەکانیان، سەرکۆنەو سەرزەنشتکردوە. بەبۆچونی سەلەفییەکان، حەماسەتی هەندێک لەبزاڤە ئیسلامییەکان، بۆ تەکفیرکردنی کۆمەڵگاکانو خەڵکی موسوڵمان، دەگەڕێتەوە بۆ کاڵفامیو تێنەگەشتنی بیرمەندە حیزبیو حەرەکییەکان، لەکولتورو رێبازی پێشینانو بنەما شەرعییەکانی گۆڕینی خراپەکاریو دەسەڵات.

** یەکەم گروپە لەمێژوی ئیسلام سەریانهەڵدا. دژ بەئەمیری ئیمانداران عەلی کوڕی ئەبوتالیب، کاریاندەکردو هەندێک لەهاوەڵەکانی پێغەمبەریان بەکافر دادەنا. بڕوایان بەکودەتاو راپەڕین هەیە دژی خەلیفە ستەمکارو خراپەکارەکانو ئەوەشی تاوانی گەورە بکات بەکافری دەزانن‌و لەفەرمودەی پێغەمبەردا (صلى الله عليه وسلم)، بەسەگی دۆزەخ ناوبراون.

http://www.alhawali.com

١- بڕوانە مجلە السلفیە، العدد ٣، ١٤١٨، الریاض،

بەشی سێیەم

سەلەفییەتو ئاینزا ئیسلامییەکان

سەلەفییەت، تێڕوانینێکی سەرەکیی نێو بیرکردنەوەو ڕەوتە ئیسلامییە جۆراوجۆرەکانە، وەک پێشتر ئاماژەمان پێکرد، لەبواری شەرعزانیدا، محەمەد عەبدولوەهاب، کە نوێکەرەوەی ئەم تێڕوانینەیە، شوێنکەوتەی بۆچونو ئیجتیهادەکانی ئیمام ئەحمەدی کوڕی حەنبەل بوە. بەڵام هەم ناوبراوو هەم ڕێبەرەکانیتری سەلەفییەت، جەخت دەکەنەوە، بەهیچ ئاینزایەکی دیاریکراوی ئیسلامییەوە، پەیوەست نین، بەڵکو لەبری شوێنکەوتنی مەزهەب، شوێنی قورئانو فەرمودەو تێگەشتنی پێشینانی ئیسلام دەکەون. لەمبارەیەوە، محەمەد عەبدولوەهاب، دەبێژێت «ئاینزای ئێمە، ئاینزای ئیمامی سوننە، ئەحمەدی کوڕی حەنبەلە، ئەگەر لەجێگەیتریشەوە، سوننەتی پێغەمبەرمان پێگەشت، یەکڕاست جێبەجێی دەکەینو لەبەر قسەی کەس دەستبەرداری نابین»[1]. هەروەها لەوتەیەکیتردا دەبێژێت «سەرزەنشتی هیچ کەس ناکەین کە دوای چوار ئیمامەکە ـ ئەبو حەنیفە، مالیک، شافیعی، ئەحمەد ـ بکەوێت، جگە لەمانەش هیچمان بەلاوە پەسەندنییە»[2]. ئەم ڕێبازگەیە، پێیوایە، شەریعەتی ئیسلام، زۆر لەوە بەرفراوانترو گەورەترە، کە بخزێنرێتە چوارچێوەی یەک ئاینزاوە. هەر لەبەرئەمەش لای سەلەفییەکان هیچ ئاینزایەک یەکسان نییە بەهەمو ئیسلام، هەروەها پێیانوایە فرەییو بونی راوبۆچونی جیاواز لەشەریعەتدا، شتێکی ئاساییو ڕێگەپێدراوە، چونکە دەقو سەلمێنراوەکانی شەریعەت، زۆرو بەربڵاونو دەشێت هەمویان بەرچاوی ڕێبەرانی ئاینزاکان نەکەوتبنو پێداگریی دەکەن، لەسەر ئەوەی ئاینزا فیقهیو ئیسلامییەکان، لەسەردەمەکانی دواتردا گەڵاڵەکراونو بەر لەم ئاینزایانەش سەحابەو شوێنکەوتەو شوێنکەوتەی شوێنەکەوتەکانیان (اتباع التابعين)، بەبێ دەمارگیری بۆ هیچ ئاینزاو ئیمامێکو لەبەر ڕۆشنایی قورئانو فەرمودەی پێغەمبەر(صلى الله عليه وسلم) دا ، ئاینداری

---

١. أبو مسعود الندوي: محمد بن عبدالوهاب، ل ٤٨

٢. عبدالعزيز الرومی وآخرون: مؤلفات الشيخ محمد بن عبدالوهاب، الرسائل الشخصيه، ١٠٧

خۆیان بەباشترین شێوەکردوەو خەڵکیش دەبێت چاو لەوان بکەن.
سەلەفییەکان، لەبری ئینتیما بۆ مەزهەبە دیاریکراوەکانی ئیسلام، ڕێبازی خۆیان بە ڕێبازی «ئەهلی سوننەتو جەماعەت»، «الفرقه الناجیه»، «الطائفه المنصوره»، «أهل الحدیث» دەناسێنن. ئەم ناوو نازناوانەش سەلەفییەکان، جیا دەکاتەوە لە گروپەکانی جەهمی ـ بڕوایان بەسیفاتی خودا نییە ـ، ئەشعەری ـ بڕوایان بەچەند سیفەتێکی کەمی خودا هەیە ـ لەگەڵ کۆمەڵێکی زۆریتر لەگروپو ڕێبازگەی ئیسلامیی.
گوتارو ئەدەبیاتی سەلەفییەکان، پڕە لەشیکارکردنو ڕاڤەکردنی فەرمودەیەکی دروستی پێغەمبەر (صلی الله علیه وسلم)، کە دەفەرموێت «ئەم ئوممەتە (ئوممەتی ئیسلام)، بەسەر حەفتاوسێ کۆمەڵو گروپدا، پەرتەوازەو دابەش دەبێت. جگە لەیەک کۆمەڵ، هەمویان لەدۆزەخدانو ئەو کۆمەڵەش (جماعة) یە»[1]. لەگێڕانەوەیەکیتری فەرمودەکەدا هاتوە «هەمو ئەو کۆمەڵو گروپانە، لەدۆزەخدان، تەنها یەک دانەیان نەبێت، ئەوانیش ئەوانەن کە لەسەر ڕێگای منو هاوەڵەکانمن»[2]. بەبۆچونی سەلەفییەکانیش، ئەم دو فەرمودەیە، بنەڕەتی قەدەغەکردنو نابوتکردنی تێکڕای ڕێبازگە، فەلسەفیو سۆفیگەرییە میتافیزیکییە، داهێنراوەکانی دوای سەردەمی هاوەڵەکانی پێغەمبەر(صلی الله علیه وسلم)و شوێنکەوتەکانیان. هەروەها سەلەفییەکان، ئەم فەرمودەیە دەکەنە بەڵگەو هۆکاری دورکەوتنەوەیان، لەو حیزبو گروپە ئیسلامیانەی جیهانی ئیسلام کە ناکۆکییان لەسەر چۆنیەتی گێڕانەوەی شەریعەت بۆ حوکمڕانیکردنو زیندوکردنەوەی خەلافەتی ئیسلام، بەسەر چەندین حیزبو تەوژمو بەرەی ناکۆکو جیاوازدا پەرتەوازەو دابەشی کردوون.
سەلەفییەکان، بەتوندی بەگژ ئەو گروپو بیرکردنەوانەدا دەچنەوە کە لەگەڵ تێگەشتنو بیرکردنەوەی زانایانی پێشینی لەچەشنی ئیمام ئەحمەد، ئیبن تەیمیە، تەحاوی، ئەبی عیز، ئیبن قەیمو.....هتد. دا ناجۆرو نەگونجاون. هەروەها جەخت دەکەنەوە، بیدعەکردنو داهێنان لەخواپەرستی.. هەر حەفتاو دوو گروپە ئیسلامییە ئاماژەپێکراوەکەی نێو فەرمودەکەی، بەلۆمەکردنو سەرزەنشتکردنی پێغەمبەر(صلی الله علیه وسلم)، گەیاندوە. هەر داهێنانکردن لەئایندارییشدا ئەم گروپانەی لەئەهلی سوننەو جەماعەو لەشوێنکەوتوانی پێغەمبەر (صلی الله علیه وسلم)، دابڕیوە. لەدیدی

١ـ بڕوانە سەنەدی فەرمودەکە لەمحمد ناصرالدین الالبانی: سلسله الاحادیث الصحیحه ١١/٢٠٤

٢ـ سلسله الاحادیث الصحیحه، ١١/ ٢٠٤

ڕەوتی سەلەفیدا، بنەڕەتو نێوەڕۆکی بیروباوەڕی هەمو گروپە بیدعەچییەکان، لەبیروباوەڕەکانی، خەواریج ـ شیعە ـ مورجیئە ـ قەدەری ـ ییەوە سەرچاوە دەگرێت[1]. هەر لەبەر ئەمەش، لەهەمو دەرفەتو هەلو مەرجێکدا بیروباوەڕو ریشەی بیرکردنەوەی ئەم چوار گروپەیان داوەتە بەر گورزی رەخنەو تانەو پلار.

جگە لەم چوار گروپەو هاوباوەڕەکانیان، سەلەفییەکان بەشیاوی نازانن، هیچ کەس بەبێ بەڵگەی رون، حوکمی بیدعەو گومڕایی بداتە پاڵ، هیچ گروپو کۆمەڵێکیتری موسوڵمان، «چونکە حوکمدان بڕیارێکی قورسەو بەرپرسیارێتییەکی گەورەی بەدواوەیە.. ئەگەر تۆمەتی بیدعەچێتی بەسەر هەر کۆمەڵو گروپێکدا ساغ بویەوە، ئەوە نابێت موسوڵمانان بەئاسایی مامەڵەیان لەگەڵدا بکەن.. نوێژکردن لەپشتیانەوە، ژنو ژنخوازیکردن لەگەڵیان، خواردنی سەربڕدراوی دەستیان، ئامادەبونی مەراسیمی ناشتنی مردویان، بەسەرکردنەوەی نەخۆشو میرات لێگرتنیان، وەرگرتنی شایەتییان لەدادگا.. پرسیارو گومانی دەکەوێتە سەرو لەچەند حاڵەتێکیشدا یاساغو حەرام دەبێت»[2]. هەروەها سەلەفییەکان، رەتکردنەوەو دژایەتیکردنی بیروباوەڕی بیدعەچییەکان بەواجبی شەرعیی دەزانن و لەبارەی بەرپەرچدانەوەی بیدعەچییەکانیشەوە، دەڵێن «ئەرکێکە لەئەستۆی موسوڵماناندا»[3].

خەواریج: ناکۆکیو دژایەتی سەلەفیو خەورایجەکان، لەمەسەلەی تەکفیرو شەرعیەتدان بە هەڵگەڕانەوە لەکۆمەڵگای موسوڵمانانەوە سەرچاوەدەگرێت. خەواریجەکان، پێیانوایە، کوفری کرداریی (کوفری بچوک) لەنێو شەریعەتی ئیسلامدا نییە، هەمو تاوانکەرێکی گەورەش کافرە[4]. خەواریج، هێندە توند بیردەکەنەوە، تەنانەت زۆرێک لەهاوەڵەکانی پێغەمبەر(صلی الله علیه وسلم) بە کافر دەزانن و لەسەرەتای سەرهەڵدانیاندا، شاری مەدینەیان بە (دار الکفر) لەقەڵەم دەداو دژی چوارەم خەلیفەی راشیدین،

1. محمد عبدالهادی المصری: أهل السنه والجماعه، ل ١٢٣ ـ ١٢٤
2. د. ابراهیم بن عامر الرحیلی: موقف أهل السنه والجماعه، ل ٣٤٣ ـ ٤٤٨
3. د. ربیع بن هادی بن عمیر المدخلی: منهج أهل السنه والجماعه فی نقد الرجال والکتب والطوائف، ل ١٢٧ ـ ١٣٥
4. د. ناصر بن عبدالکریم العقل: دراسات فی الافتراق....، ل٣٥

عەلـــی کوڕی ئەبوتالیب، کارو چالاکییان ئەنجامدەدا[1]. ئەم کۆمەڵە چەکدارە، هەر بە هەڵگەڕانەوە لەئیمام عەلی، نەوەســـتان، بەڵکە سەربازگەیەکیان لەنەهراوانی عێراق، دامەزراندو کەوتنە کوشتاری سوپای خەلافەتو خوێنی ژمارەیەکی زۆر لەسەحابەکانی پێغەمبەر(صلی الله علیه وسلم) یان رژاند[2].

ئەم چەشنە سیاســـەتو بیرکردنەوەی خەورایجەکان، تەواو پێچەوانە دێتەوە لەگەڵ لەبیری ســـەلەفییەکان. چونکە ئەوان، شۆڕشـــکردن دژی خەلیفـــە، بەکردارێکی دژ بەشەرع دەزانن. رێگاش نادەن، تەنیا لەسەر تاوانکردنو ئەنجامدانی گوناهی گەورە، کەس کافر بکرێت، با تاوانەکان کوشـــتن، زیناکردن، تەنانەت جێبەجێکردنی یاسای دەستکردیش بێت. بەلای سەلەفییەکانەوە، کافربون پەیوەندی بەبیروباوەڕەوە هەیەو کرداری خراپ کەس کافر ناکات. سەلەفییەکان، خەراویج بەهەڵگەڕاوە دەزانن‌و ئاماژە بەفەرمودەیەکیش دەکەن دەربارەی ئەم گروپە کە تێیدا، پێغەمبەر(صلی الله علیه وســلم)، هەواڵیداوە: خەواریج، وەک شـــیری لەنێو کەوان دەرچوو، لەئاینی ئیسلام دەردەچن. هەروەها پێیانوایە، هەرکەس شایتمانی ئیسلامی هێنا، دێتە ناو بازنەی ئیسلام‌و ماڵ‌و خوێنی پارێزراوە. لەم روەشـــەوە ئاماژە بەبەسەرهاتێکی پێغەمبەر (صلی الله علیه وسلم)، دەکەن کەناڕەزایی توندی بەرانبەر کوشتنی کەسێکی چەکدار دەربڕیوە لەسەردەستی ئوســـامەی کوڕی زەید، لەمیانەی جەنگو بەرەنگاربونەوەدا کەشـــایەتمانی هێنابو. ئوسامە، بەوە پاساوی دەهێنایەوە بۆ پێغەمبەر، «کابرا لەترسی شمشێر شایەتمانی هێنا»، بەڵام پێغەمبەر(صلی الله علیه وسلم)، بەدەم ناڕەزایی دەربڕینەوە رەخنەی ئەوەی لەئوسامە دەگرت»، تۆ دڵت شەقکردبو تابزانیت لەترسدابو؟!».

لەئەدەبیاتو گوتاری ســـەلەفییەکاندا، خەواریج سیمبول‌و هێمای بیری دژە سوننەتی راستەقینەیە، بیری خەواریجیش، چاوگو سەرچاوەی ئەو حیزبو رێکخراوە ئیسلامییە هاوچەرخانەیە کە پێ لەسەر بەرپاکردنی شۆرشی چەکداریی دادەگرن لەنێو کۆمەڵگا ئیسلامییەکانداو دەوڵەتو هەرێمو شـــارە موسوڵمانەکان بە (دار الکفر)و کۆمەڵگای جەهالەت لەقەڵەم دەدەن.

---

١. أحمد أمین: فجر الاسلام، ل ٢٥٦ ـ ٢٥٨

٢. عثمان بن محمد آل خمیس: حقبه من التأریخ، ل ٣٨ ـ ٤٠

مورجیئە: کێشەی بیری سەلەفیی لەگەڵ مورجیئەدا، لەسەر ئەژمارنەکردنی کرداری مرۆڤـــە، وەک بەشـــێک لەئیمانو بـــاوەڕ.. مورجیئە پێیانوایە، کردار بەشـــێک نییە لەئیمانو باوەڕی مرۆڤ، ئیمان تەنها باوەڕی دڵو دانپێدانانی زمانی مرۆڤە.. ئەوەندە بەسە مرۆڤ بەدڵو زمان باوەڕی بەئیسلام هەبێت، لەدوای ئەمە هەر تاوانو کردارێکی خراپیـــش بەئەنجام بگەیەنێت، زیـــان بەباوەڕو ئیمانەکـــەی ناگەیەنێت[1]. ئەم جۆرە ناســـاندنەی ئیمانیش لەلایەن مورجیئەکانەوە، بەلای بیری سەلەفییەوە رەتکراوەیەو تێکڕای زانایانی نێوداری پێشـــین، ئیمان، بە باوەڕی دڵ.. گوفتاری زمان.. کرداری ئەندامەکانی جەستە، لەقەڵەم دەدەن[2]. لالەکائی لە (شرح أصول السنه) دا دەگێڕێتەوە، کـــە ئیمام ئەحمەدی کـــوڕی حەنبەل دەربارەی ئیمان وتویەتـــی «ئیمان کەمو زیاد دەکات.. ئیمان بەکرداری چاک زیاد دەکات بە کرداری باش نەکردنیش کەم دەکات». ســـەلەفییەکان، بەڵگە بەچەند ئایەتو فەرمودەیەک دەهێننەوە، لەسەر ئەژمارکردنی کردەوە بەبەشـــێک لەئیمان، لەوانەش ئایەتەکانی «إِنَّمَـا يُؤْمِنُ بِآيَاتِنَا الَّذِيـنَ إِذَا ذُكِّرُوا بِهَا خَـرُّوا سُـجَّدًا وَسَـبَّحُوا بِحَمْدِ رَبِّهِـمْ وَهُمْ لا يَسْـتَكْبِرُونَ». السـجدة: ١٥. واتە: هەر ئەوانە بەنیشانەکانی ئێمە باوەڕدارن، کە هەرکات نیشانەگەلی ئێمەیان وەبیر بهێننەوە، خۆ دەخەنە ســـەر سوژدەو بەسوپاسەوە پەســـەنی پاکیی پەروەردگاری خۆیان ئەکەنو خۆیان بەزل نازانن. هەروەها ئایەتی «إِنَّمَا الْمُؤْمِنُونَ الَّذِينَ آمَنُوا بِاللَّهِ وَرَسُولِهِ ثُمَّ لَمْ يَرْتَابُوا وَجَاهَدُوا بِأَمْوَالِهِمْ وَأَنفُسِـهِمْ فِي سَبِيلِ اللَّهِ أُوْلَئِكَ هُمُ الصَّادِقُونَ».الحجرات :١٥. واتە: خاوەن باوەڕ ئەو کەســـانەن کە بڕوایان بەخواو پێغەمبەری هەیەو توشـــی دوودڵی نەبونو بەگیـــانو مـــاڵ لەرێگای خوادا تێکۆشـــاونو هەر ئەمانە بەراســـتیانە. ئەمە جگە لەفەرمودەیەکی پێغەمبەر (صلى الله عليه وسلم)، دەربارەی جۆرەکانی جیهاد، کە موسلیم ریوایەتیکردوەو دەفەموێت «فمن جاهدهم بيده فهو مؤمن، ومن جاهدهم بلســـانه فهو مؤمـــن، ومن جاهدهم بقلبه فهو مؤمـــن، وليس وراء ذلك من الإيمان حبه خردل». لەم فەرمودەیەشدا، کرداری دڵو زمانو ئەندامەکانی جەستە بەئیمان ناوبراوە.

١ـ عبدالاخر حماد الغنيمى: المنحه الٳلهيه، ل ٣٢٥

٢ـ الشيخ عبدالرحمن بن حسن آل الشيخ: فتح المجيد شرح كتاب التوحيد، ل ٤٨

قەدەری: قەدەرییەکان، لەراڤەکــردنو لێکدانەوەی واتای قەدەری خوادا، کەتونەتە ناکۆکیو کێشــەی قوڵەوە لەگەڵ ســەلەفییەت. قەدەریی جەخــت دەکەنەوە، خودا کاروکرداری مرۆڤی تەقدیرنەکردوە، هەمو روداوو بەسەرهاتێکیش بەپێی هەلو مەرجو رێککەوت رودەداتو پەیوەندیی بە تەقدیری خوداوەنییە. بەڵام بیروباوەڕی ســەلەف، لەگەڵ ئەوەی دان دەنێت بەسەربەســتیو ئازادی مرۆڤ لەرەفتارکردنو مامەڵەکردن، بــەڵام پێیوایە هەمو کــردەوەو رەفتارێکی مرۆڤ، لەچوارچێوەی تەقدیرو ویســتی خوادا رودەدات.. وردودرشــتی ژیانی مرۆڤو سەرەنجامی هەمو کارەکانی لەدوتوێی (لوح المحفوظ) دا لەئاســمان، تۆمارو یاداشــتکراوە. سەلەفییەکان، گروپی قەدەری بەمەجوســیو ئاگرپەرســت تۆمەتباردەکەن، چونکە ئەوانیش هاوشێوەی بیروباوەڕە ئێرانــیو زەردەشــتییەکان، بڕوایان بەهێزی خولقێنەری خێرو شــەڕ هەیە. ئەمەش هاوشێوەی دوالیزمەی روناکیو تاریکی نێو بیروباوەڕە ئاگر پەرستییەکانە.

بەپێچەوانەی قەدرییەکانەوە، ســەلەفییەکان، پێیانوایە: خــودا عیلمو زانیاری هەیە بەهەمو ئەو شــتانەی لەدنیاو گەردوندا رودەداتو لەکۆی هەمو ئەو شتانەش ئاگادارە کە بــەر لەئێمە رویانداوە، هەروەها هەمو شتانەشــی لەدوتوێــی پەڕاوێکدا بەناوی (لوح المحفوظ) دا نوســیوتەوە کە لەئاسماندا پارێزراوە. جگە لەمەش چاکو خراپ هــەر خودا خۆی دروســتیکردوە، بەڵام ئەوە هەیە خوا چاکەو باشــەی پێخۆشــەو رقی لەســنوربەزاندنو کاری خراپەیە.. پەیامبەرانی ناردوە بۆ ئەوەی خەڵک لەخراپە دوربخەنەوەو راســتەرێیان بۆ رون بکەنەوە، هــەر لەبەر ئەمەش کاری باش دەدرێتە پاڵ خوداو بەپاک رادەگیرێت لەکاری خراپ. لەکۆتاییشدا دەڵێن هەمو ئەوەی لەدنیادا دەگوزەرێت بەویســتو ئارەزوی خوا رودەداتو کەس بۆی نییە بپرسێت بۆچی خودا ئەوە ئەکاتو ئەوە ناکات؟ هەر شــتێکی بوێت ئەیکاتو هەرچیشــی نەوێت روناداتو نابێت.

سەلەفیەتو سۆفیگەری

یەکەمجار بیروباوەڕی سـەلەفییەت لەگەڵ بیروباوەڕی سۆفیگەریدا، بەریەک کەوتوەو پێکدادانـی تونـد لەنێوانیاندا رویداوە. چونکە چ لەسـەردەمی ئیبـن تەیمیەو چ لەسـەردەمی محەمەد عەبدولوەهابدا، بانگەوازی سەلەفیگەریی لەنێو ژینگەیەکی پڕ لەبیروباوەڕی سـۆفیگەریدا کەوتۆتە جموجوڵو چالاکی.. بەشـێوەیەکی بەرچاویش بنەماکانی ئەم تەوژمە ئیسلامییە فەلسەفییەی کردۆتە ئامانجو داویەتییە بەر شەپۆلی رەخنە.

مێژوی سۆفیگەریی لەخۆرهەڵاتی ئیسلامیدا، زۆر کۆنو دێرینە، مشتومڕو دەمەقاڵەی زۆریش لەسـەر بیروباوەڕو بنەمای بیرکردنەوەی ئاینییان هەیە. بەڵام بەشێوەیەکی گشتی زاراوەی تەسەوفو سۆفیگەری زەینو سەرنجی مرۆڤ، بەلای واتاکانی: وازهێنان لەدنیا.. کەنارگیری.. خۆ زەلیل کردن، رادەکێشـێت[1]. باوترینو دروستترین بۆچون دەربارەی ریشـەی ناوی سۆفی، باس لەوەدەکات، سۆفییەکان لەسەرەتادا کۆمەڵێک کەس بون، جلو بەرگی خوری (صوف) یان لەبەرکردوە، هەر بەم هۆیەشەوە ناونراون صوفي واتە خوری پۆشەکان[2]. ئامانج لەپۆشینی جلو بەرگی لەخوری دروستکراویش، لەلایەن سۆفییە یەکەمینەکانەوە، خۆقوتارکردن بوە لەبریقو باقی دنیاو رازیبون بوە بەپۆشاکێکی سادەو هەرزان، بۆ بەدەستهێنانی رەزامەندیی خودا[3].

هەندێک لەرێبەرە سـەلەفییەکان، شـێوازی بیرکردنەوەی سـۆفییەکان دەربارەی شـەریعەتو ئاینداریی بە «ناشـەرعی»، هەندێکجاریش «نائیسلامیی»، ناودەبەنو پێیانوایە، زاراوەی سـۆفی لەسـۆفۆس (sophos) ی گرێکییـەوە هاتوە، کە واتای حیکمەتو دانایی دەگەیەنێت. بەم پێیەش بەلای سـەلەفییەکانەوە ناوەکەو لەپشت ئەویشـەوە ناوەڕۆکەکە، بیانیو نائیسلامییە[4]. سـەلەفییەکان بۆ پشتڕاستکردنەوەی زیاتـری بۆ بۆچونەکەیان دەربـارەی بێگانەبونی ناوو ناوەڕۆکی سـۆفیگەری، ئەوە

١. د. د.محمد خاتمی: الفکر والدین فی فخ الاستبداد، ل ٧٢

٢. هارون بن بشر أحمد الصدیقی: مصادر التلقی عند الصوفیه، ل٢

٣. الغزالی: أحیاو علوم الدین، ل ٦٤

٤. د. محمد بن ربیع المدخلی: حقیقه الصوفیه، ل ١١

بەبەڵگــە دێننەوە، کــە ڕێنماییو بنەمای تەریقەتی نەقشــبەندیی کــە نێودارترین تەریقەتە ســۆفیگەرییە خۆرهەڵاتییەکانە، بەزمانی فارســی گەڵاڵەکراوەو ســەرەتا لەسەردەستی عەجەمەکانی بوخاراو تاشــقەند داڕێژراوەو دواتر بەرگی ئیسلامیانەی بەبەرداکــراوە. بەگەڕانەوەش بۆ ســەرچاوە بنەڕەتییەکانی تەریقەتی نەقشــبەندی لەچەشــنی (المواهب السرمدیه)، (الانوار القدسیه)، (الحدائق الوردیه) (البهجه السنیه فی آداب الطریقه النقشــبندیه)، دەردەکەوێت، دیارترین ناونیشانو تەوەرەکانی بیری تەریقەتی نەقشبەندیی، بەزمانی فارسییەو بریتییە لە (هوش دردم: پاراستنی دەرون لەغافڵگیری)، (نظر بر قدم: تەماشاکردنی پێ لەکاتی ڕێکردن)، (سفر در وطن: گەشتی سۆفی لەجیهانەوە بۆلای حەق)، (یاداشت: ئامادەیی دڵ لەکاتی یادکردنەوەی خودا)، (خلوه درانجمن: شوێنی خەڵوەتکێشانی بەندە بۆ خواپەرستی).

دیاریکــردنو هەڵبژاردنی تاقە پێناســەیەک بۆ ســۆفیگەری شــتێکی قورسو بگرە مەحاڵیشــە، چونکە لەنێو زانایانی کۆنو نوێدا، چەندین بۆچونو لێکدانەوە لەســەر ناوی تەســەوف هەیە، بەجۆرێک کە ســەهرەوەردی دەڵێت «وتەی گەورە شــێخو ڕێبەرەکان دەربارەی ســۆفیگەریی لەهەزار وتە پترە»[1]. شێخ جونەیدی بەغدادی کە یەکێک لەدامەزرێنەرانی بیری سۆفیگەرییە، دەڵێت «سۆفیگەریی دەستگرتنە بەئاکاری جوانو دورکەوتنەوەیە لەئاکاری بەد»[2]. محەمەد عەلی قەساب، دەڵێت «سۆفیگەری کۆمەڵــە ئاکارو ڕەوشــتێکی بەرزو جوانە، لەســەردەمێکی گرنگو لەسەردەســتی کۆمەڵێک خەڵکی ڕەوشــت بەرز ســەریهەڵداوە»[3]. ئەبو فەرەج عەبدولرەحمان عەلی قورەیشی ناســراو بە (ابن الجوزی) یش، پشتڕاستی ئەم بۆچونەدەکاتەوەو، دەڵێت «سۆفیگەریی ڕێبازێکە، سەرەتا بەزوهد، کەنارگیری، خۆ زەلیلکردن، دەستپێکردوە. دواتــر پەیڕەوکەرانــی لەکاتی یادکردنەوەی خوادا دەســتیانکردوە بەســەماکردنو جوڵەجوڵ.. خەڵکە گشــتییەکەش، هەندێک بۆ خوداپەرســتیو هەندێکیتر بۆ کات بەسەربردنو فزولییەت، دوایان کەوتوون»[4].

بەڵام ئەم پێناســانە تایبەتن بە قۆناغی یەکەمی ســەرهەڵدانی بیری ســۆفیگەرییو

---

١. أحسان ألهی ظهیر: التصوف، المنشأ والمصادر، ل ٣٥ ـ ٣٦

٢. هارون بن بشیر أحمد الصدیقی: مصادر التلقی عند الصوفیه، ل ١٦

٣. د. صابر طعیمه: الصوفیه معتقدا ومسلكا، ٣٣

٤. د. محمد بن ربیع المدخلی: حقیقه الصوفیه، ل ١١

ناکرێت بکرێنە بنەڕەتو هەمو ناساندنێک بۆ تەسەوف، چونکە بەمدواییانە سۆفیگەری لەسنوری ڕەوشتو ئاکارو یادکردنەوەی خودا، تێپەڕیکردوە، لەئێستاشدا سۆفیگەری جگە لەسـلوکو ئاکار، عەقیدەو بیروباوەڕێکی جوداو سـەربەخۆیە لەنێو بیروباوەڕە ناسـراوە ئیسـلامییەکان. فەلسـەفەو کرۆکی سـۆفیگەریی زۆر ئالۆزو شاراوەیە، تەنانەت (مرتعش النیسـابوری) دەڵێت «سەراپای سـۆفیگەریی ئیشکالو ناواخنو شـاردنەوەیە[1]». ئەمەش لەگەڵ ڕێبازی سـەلەفیدا ناگونجێت کە لەسەر ئاشکرایيو شـوێنکەوتنی هەنگاو بەهەنگاوی دەقەکان بنایتنراوەو جگە لەو ڕێبازە سونەتیانەی کە لەپێغەمبەر (صلی الله علیه وسلم)و هاوەڵەکانییەوە، گەشتون بەموسوڵمانان، هیچ ڕێگاو ڕێبازێکیتری فەلسـەفی داهێنراو، بۆ خودا پەرستی پەسەند ناکەنو گەورەترین پلارو ڕەخنەشیان لەسۆفیگەری ئەوەیە، «لەژێر کاریگەری فەلسەفەو باوەڕە میتافیزیکییە یۆنانیو فارسییەکاندایە»[2] *.

سـۆفییەکان، لیسـتێکی درودرێژ ناکۆکیو خاڵی پێکدادانیان لەگەڵ سەلەفییەکاندا هەیـە، بەجۆرێـک لەفەرهەنگی خەڵکی موسـوڵماندا، هەردوو زاراوەی (سـۆفی)و (سـەلەفی) وەک دوالیزمەیەکی ناکۆکو دژبەیەکی لەچەشـنی (ڕەش)و (سـپی)، (ئاو)و (ئاگر)، دێتە بەرگویو ناودەبرێت. ڕیشەی ناکۆکی سۆفیگەریو سەلەفییەت، زیاتر دەگەڕێتەوە بۆ نەگونجانو پێکدادانی سـەرچاوەکانی شەرعزانیو شێوازی خودا پەرستی، لای ئەم دو گرۆ ئیسلامییە. چونکە وەک د. محەمەد خاتەمی ڕونیدەکاتەوە، فەلسـەفەو ئاکاری سۆفیگەرانە تێکەڵەیەکە لەشێوازی خوا پەرستيو ئاکاری هیندی ـ یۆنانیو لەگەڵ ئیسـلام ئاوێتەکراوەو گونجێنراوە[3]. سـۆفیگەری لەتەوژمو بنەمای ڕەهبانیەتو دنیانەویسـتییەوە، سەرچاوەیگرتوە. سەلەفییەکانیش، هەمو لێکدانەوەو کارلێککردنو ئاوێتەبونێک لەگەڵ ڕاڤەو تێگەشتنە بیانییەکان بۆ ئیسلامو دنیا نەویستيو خۆزەلیلکردنی بێ بەڵگە بە «زیادەڕۆییکردنو ڕۆچون لەئایندا» لەقەڵەم دەدەن. بۆ ڕەتکردنەوەی دنیانەویسـتیی سۆفیانەش، بەسەرهاتێکی سەردەمی پێغەمبەر(صلی الله علیه وسـلم)، دەکەنە بەڵگە کە لەسەحیحەکانی بوخاريو موسلیمدا، هاتوەو هەردوکیان

١. هارون بن بشر أحمد الصديقي: مصادر التلقى عند الصوفيه، ل١٧

٢. عبدالرحمن الوكيل: هذه هى الصوفيه، ل١٩.

* میتافیزیک: جۆرێک فەلسـەفەیە کە بڕوای بە پشـت مادديات هەیەو بـاس لەپەنهانیبونو شتەکانی پشت سروشت دەکات.

٣. بڕوانە: د.محمد خاتمي: الفكر والدين في فخ الأستبداد، ل ٧٥

دەگێڕنەوە، سێ سەحابە، هاتونەتە ماڵی پێغەمبەری ئیسلامو دەربارەی شێوازی خواپەرستی ئەو، پرسیویانە. یەکێکیان وتویەتی: من ژن ناهێنمو ماڵ دروست ناکەم، یەکێکیتر وتویەتی: من گۆشت ناخۆم، یەکێکیتریان وتویەتی: شەوان ناچمە سەر جێگاو هەر نوێژ دەکەم. پێغەمبەریش(صلى الله عليه وسلم)، کە گوێی لەم قسانەبوە ڕەتیکردۆتەوەو فەرمویەتی «ئەوە چییە هەندێک کەس وا دەڵێنو وادەڵێن؟ من نوێژ دەکەمو دەشخەوم، ڕۆژو دەگرمو نانیش ئەخۆم، ژنیش دەهێنمو ماڵ دروست دەکەم، ئەوەی پشت بکاتە سوننەتی من لەمن نییە». بوخاری ٣/٢٣٧ - موسلیم ٢/١٠٢٠.

سۆفییەکان، بەرێگای جۆراوجۆر، پلەو پایەی ڕێبەرە «ئەولیا» کانیان، بەرزدەکەنەوە. عەبدولقادر محەمەد ئەبی فەیز (ابن القضيب)، کە یەکێکە لەبیرمەندەکانی سۆفیگەریی دەڵێت «هەمو ئەو خەسڵەتو تایبەتمەندیانەی کە بەپێغەمبەران دراون، بەئەولیاکانیش دراون»[1]. سۆفییەکان، هێندە پایەی ڕێبەرەکانی خۆیان بەرز رادەگرن، ناوبڕی گەورە دەخەنە نێوانیان لەگەڵ خەڵکی ئاسایی، بۆیە جەخت دەکەنەوە، خەڵکی ئاسایی چۆن بۆ نوێژکردنو خوێندنی تەحیات دادەنیشن، دەبێت ئاوەهاش لەبەردەم شێخو سەرنماکانی سۆفیگەریدا، بەویقارو بەئەدەبەوە لەسەر چۆک، دابنیشن. هەروەها لەرێبازی سۆفیگەریدا، مورید، بۆی نییەو لەو ئاستەدا نییە، کەرەستەو شمەکە شەخسییەکانی ڕێبەری تەریقەت، بەکاربهێنێتو دەڵێن «هەر مورید‌ێک ئامرازی پرسیارکردنی - بۆ - ی بەرانبەر شێخو مامۆستاکەی بەکارهێنا هەرگیز سەرفراز نابێت»[2]. لەچەند سەرچاوەیەکی بنەڕەتیی سۆفیگەریدا، «دەبێت مورید لەهەموشتێکدا وەک شێخ بیربکاتەوە، دەبێت لەخۆشەویستیو ڕێزگرتنی شێخدا فەنابێت، دەبێت لەبەردەم شێخدا دەستنوێژ نەگرێتو لەبەرچاوی شێخ نوێژ نەکات، لەحزروی ئەوداو بەبێ مۆڵەتی شێخ قسەنەکات، لەحزوریدا نانو ئاو نەخوات، هیچ ڕەخنەو گازندەیەک لەشێخ نەگرێت، هەمو کاروکردارێکی شێخ بەراستو دروست بزانێت، نابێت سێبەری خۆی یان جلو بەرگی بکەوێتە سەر شێخ، دەبێت لەبەردەستی شێخدا وەک مردوی بەردەستی مردوشۆر وەهابێت، هەر رزقو ڕۆزییەکی هەیە لەنێوچەوانی شێخی بزانێت، ئەگەر شێخ شتی بەرواڵەت خراپو حەرامیشی کرد، نابێت مورید ناڕەزایی لێدەربڕێت،

---

١. هارون بن بشر أحمد الصديقي: مصادر التلقى عند الصوفيه، ل

٢. د. محمد بن ربيع المدخلي: حقيقه الصوفيه، ل ٢٠

چونکه شـێخ پشـت پەردە دەزانێـت»[1]. لەرەخنەگرتنو رەتکردنەوەی ئەمەشـدا سـەلەفییەکان، ژیانو بەسـەرهاتی، پێغەمبەری ئیسلام(صلی الله علیه وسـلم)، بەبەڵگە دەهێننەوە کە سـەروەری پێغەمبەرانو باشترین کەسە لەسەر زەوی. ئەم پێغەمبەرە هەڵبژێردراوە لەهەموکاروبارێکدا، پرسو رای بەسـەحابەو کەسە نزیکەکانی کردوە.. خوداش بەو گەورەییەی خۆی فەرمانـی پێکردوە گوێ لەدەوروبەری بگرێتو ئەوەتا فەرمان دەکات بەپێغەمبەر(صلی الله علیه وسلم)، «وشاورهم فی الامر». هەرەوەها سەروەری پێغەمبەران، بەشـێوەیەکی عادەتیو ئاسایی ژیاوە.. تێکەڵیی خەڵکی کردوە.. هیچ کات خـۆی لەدەوروبەرەکەی جیانەکردۆتەوەو دەڵێن «لەکاتێکد پێغەمبەر(صلی الله علیه وسلم)، ئاوەها مامەڵەی کردبێتو ئاسایی ژیابێت، ئیتر شێخو ئەولیاکانی پاشین، چین تا کەس بۆی نەبێت رەخنەیان لێ بگرێتو بۆکەس رەوانەبێت وشـەی پرسـی - بۆ - یان ئاراستەبکات یان لەحزوریاندا قسەبکاتو رای خۆی دەربڕێت»؟!.

ئیمامـی غەزالی کە هەوڵیداوە سـۆفیگەری بکاتە رێبازێکـی پەروەردەیی، دەڵێت «کەعبە دێتە خزمەت هەندێک لەپیاوچاکانو تەواف بەدەوریاندا دەکات[2]». هەروەها نەبهانـی، باس لەوەدەکات، کەعبەو بەردە رەشـەکە، هاتون بـۆلای محێدین ئیبن عەرەبیو بەچواردەوریدا سوڕاونەتەوەو وانەیان لەلا خوێندوەو داوایان لەئیبن عەرەبی کردوە بەرزیان بکاتەوە بۆ پلە باڵاکان[3]. ئیبن عابدینی نەقشـبەندی، ئەوە دەخاتەڕو «ئەگەر کەعبە هات بۆ زیارەتی پیاوچاکان، ئەوە دروسـتە روبکەیتە زەوییەکەی بۆ نوێژکردن»[4]. ئەمانەش سەلمێنەری ئەوەن، کە سۆفییەکان پێیان وایە کەعبە لەزەوی هەڵدەکنرێـتو بۆ تەبەڕوک پێکردنیان، دەچێتە سـەر مەقـامو گۆڕی «پیاوچاکو ئەولیـاکان». شـێخو رێبەری تەریقـەت، هێندە بەلای رێبازی سـۆفیگەریو بەلای تەریقەتی نەقشـبەندییەوە گرنگە دەڵێن «هەرکەس شـێخی نەبێت، شەیتان دەبێتە شـێخی». «هەرکەس شـێخێک نەگرێت بۆخۆی، ئەوە سـەرپێچی فەرمانی خودای کـردوە.. هەزاران کتێب لەبەربکە، ئەگەر شـێخت نەبێت، هیدایەت وەرناگیریت[5]» .

١ـ بڕوانە الطریقه النقشبندیه لەنوسینو ئامادەکردنی عبد الرحمن محمد سعید دمشقیه

٢ـ أحیاء علوم الدین ٢٦٩/٢

٣ـ جامع کرامات الاولیاء ١٢/١

٤ـ حاشیه ابن عابدین ٣٠٢/١

٥ـ الحدیقه الندیه فی الطریقه النقشبندیه ص ٣١ لمحمد بن سلیمان البغدادی

هەروەها سۆفییەکان دەڵێن «شێخ وەک پلورگی پاسار وەهایە، لافاو لەزەریای قوڵی ئەوەوە دەرژێتە نێو دڵی مورید»[1].
ســەلەفییەکان، پێیان وایە ئەم هەڵوێســتو بیرکردنەوەی ســۆفییەکان دەربارەی پلەوپایــەی شــێخەکان، کتو مــت، کۆپیکــردنو لاســاییکردنەوەی دابو نەرێتی خاچپەرســتەکانە لەنێو ئیسلام.. ئەوانیش لە ئینجیلی یوحەنادا (١٤: ١٦) ئەوەیان داوەتە پاڵ مەسیح کە گوایە وتویەتی «من رێگای راستی ژیانم، کەس ناتوانێت بگاتە باوک (مەبەست خودایە) لەرێگای منەوە نەبێت»[2].
بەشــێکی زۆری رێبازی سۆفیگەریی، لەســەر «حەقیقەت» یان «زانستی پەنهانی - علــم الباطن»، بنیاتنراوە کە بەلای ئەوانەوە، هاوتای شــەریعەتەو بریتییە «لەدیوە شاراوەکەی ئاین». بەم هۆیەشەوە بانگەشەی ئەوەدەکەن رێبەرو سەر تەریقەتەکانیان «بەرچاو رۆشن»و «پەنهانی زان» ن. سۆفییەکان پێیانوایە لەنێو شێخو ئەولیاکاندا کەسانێک دەگەنە پلەی کەماڵو نازناوی «قوتبی زەمان»، وەردەگرن. ئەم قوتبانەش «جێگای ســەرنجی خودان لەســەر زەویو لەهەمو سەدەو ســەردەمێکدا کاروباری خەڵــک رادەپەڕێننو ئاگاداری هەمو ئاشــکراو نهێنییەکــن». زۆرجار ئەم قوتبەش لەئەدەبیاتی سۆفیگەریدا بە غەوس ناودەبرێتو مەبەست پێی فریادڕەسو دابینکەری پێداویســتییەکانی مرۆڤە[3]. ئەلکەوســەریی، باس لەوەدەکات، حەســەنی شازلی کە یەکێکە لەشێخەکانی سۆفیگەری بانگەشەی ئەوەیکردوە، سەراپای (لوح المحفوظ) ی لەئاسمان دیوەو وتویەتی «ئەگەر لەبەر بەکارهێنانی ئەدەب نەبێت، لەگەڵ پێغەمبەر، ئێستا پێم دەوتن کێ کامەرانو بەختیارو کێ رەنجەڕۆیە»[4]..
رێبەرە ســەلەفییەکان، رەخنەی ئەوە لەسۆفییەکان دەگرن کە رێبازی خۆیان لەسەر داهێنانــکاریو زیادەرۆییکردن، لەعیبادەتو ئایندارێدا دامەزراندوە.. رێچکەکەیان پڕە لەســۆزو عاتیفەو حیکایەت.. پابەندبون بە شــەریعەتو دەقی قورئانو فەرمودەیان

١. البهجه السنيه فی آداب الطريقه الخالديه النقشبنديه ٣ لمحمد الخانی ط: مكتبه الحقيقه اسطنبول.

٢. بۆ زیاتر لەمبارەیەوە بڕوانە الطريقه النقشبنديه، عبدالرحمن محمد سعيد دمشقيه، نشر موقع الفرقان

٣. عبدالرحمن الوكيل: هذه هی الصوفيه، ل ١٢٤

٤. ارغام المريد شرح النظم العتيد لتوسل المريد برجال الطريقه النقشبنديه للكوثری ص ٣٩.

بەلاوە گرنگ نییە. لەبەرانبەریشـــدا ســـۆفییەكان دەڵێن «نەكـــەی بێژی تەریقەتی تەســـەوف لەقورئانو ســـوننەدا نەهاتوە، ئەوەی وابێژێت كوفرە». هەروەها دەڵێن «خراپترین كەس ئەوانەن تانەو رەخنە لەسۆفیگەری دەگرن»[1].

ســـەلەفییەكان پیرۆزكردنی «پیاوچـــاكو ئەولیا»و بەندەكانیتری خـــودا، تاڕادەی هاوارتێكردنو پەناپێگرتن، بەشیرك (هاوەڵ بۆ خوا دانان) لەقەڵەم دەدەن، بەڵگەش بـــەو فەرمودانەی خودا دەهێننەوە كە پاڕانـــەوەو هاوارتێكردن، تەنهاو تەنها تایبەت دەكات بەخـــۆیو دەفەرموێت «وَأَنَّ الْمَسَـاجِدَ لِلَّهِ فَـلَا تَدْعُوا مَعَ اللَّهِ أَحَـدًا». الجن ١٨ واتە: مزگەوتـــەكان ماڵی خودان، دە لەگەڵ خودا هاواری كەســـیتر مەكەن. هەروەها «قُلْ إِنَّمَـا أَدْعُـو رَبِّي وَلَا أُشْـرِكُ بِهِ أَحَدًا» الجـن: ٢٠ واتە: بێژە من هەر هاوار لەپەروەردگاری خۆم دەكەمو كەسیتر ناكەم بەشەریكی. هەروەها ئایەتی «وَلاَ تَدْعُ مِن دُونِ اللّهِ مَا لاَ يَنفَعُكَ وَلاَ يَضُرُّكَ» یونس: ١٠٦ واتە: جگە لەخوا هانا بۆ شتێ وا مەبە كە نەبەهرەی بۆ تۆ هەیەو نەزیانی لێ دەبینی. ئەگەر كردت، ئەوسا لەناهەقانی. هەروەها ئایەتی «وَمَنْ أَضَلُّ مِمَّن يَدْعُو مِن دُونِ اللَّهِ مَن لَّا يَسْـتَجِيبُ لَهُ إِلَى يَومِ الْقِيَامَـةِ وَهُمْ عَن دُعَائِهِمْ غَافِلُونَ» الأحقاف: ٥-٦. واتە: كێ لەو كەســـە گومڕاترە هاوار بۆ غەیرە خوا دەبا؟ بۆ كەســـێ كە تا رۆژی قیامەت وەڵامی ناداتەوەو هەر ئاگاشیان لەپاڕانەوەیان نییە. ئەو كاتەی خەڵك هەمو كۆدەكرێنەوە، ئەوان دەبنە دوژمنیانو حاشا دەكەن لەوانەی كە پەرستویانن.

هەروەها سەلەفییەكان دەڵێن «تەنانەت پێغەمبەریش(صلی الله علیه وسلم)»، غەیبو پەنهانی نازانێت چ جای بەندەیەكیتری ئاسایی نێو ئوممەتەكەی. چونكە خودا، فەرمانیكردوە بەپێغەمبەر، بە خەڵك رابگەیەنێت، غەیبزان نییە. «وَلَوْ كُنتُ أَعْلَمُ الْغَيْبَ لاَسْتَكْثَرْتُ مِنَ الْخَيْرِ وَمَا مَسَّـنِيَ السُّـوءُ إِنْ أَنَاْ إِلاَّ نَذِيرٌ وَبَشِـيرٌ لِّقَوْمٍ يُؤْمِنُونَ».. واتە: ئەی پێغەمبەر بێژە: من خاوەنی سودو زیانی خودی خۆم نیم، مەگەر خودا حەزبكات. ئەگەر نادیارم بزانیایە بەهرەی فرەم چنگ دەكەوتو هەرگیز زیانم توش نەدەهات. من هەر تەنیا ترسێنەرو مژدەدەرم بۆ كەسانێك بڕوادارن.

بەلای سەلەفییەكانەوە، ناوەڕۆكی سۆفیگەری، بریتییە لەشەریك بۆخوا دانانو لەهەمان كاتـــدا دژو پێچەوانەی گەوهەری یەكتاپەرســـتییە، چونكە پایەكانی: فریادرەســـتی (الغـــوث)، غەیبزانـــی، بەدەمەوەچونی مرۆڤی ئاتـــاجو كەســـاس.. تایبەتمەندیو لەدەسەڵاتی هەرە تایبەتی خودان.. بەخشینیشی بەهەر كەسێكیتر لەژێر ناوی ئەولیاو

١. بڕوانە: الحدیقه الندیه فی الطریقه النقشبندیه لا ٣١. هەروەها المكتوبات الربانیه للسرهندی لا٣٤٧

خۆشەویســـتانی خودا، کردنیانە بەهاوئاستو شەریکی خودا[1]. سەلەفییەکان، بەڵگە بەوەش دێننەوە، لەقورئاندا باس لەوەکراوە، موشـــریکە قورەیشـــییەکانیش، کاتێک پەنایـــان بۆ بتە پەیکـــەرەکان دەبرد، پێیان وابو، نزیکیـــان دەخەنەوە لەخودا «مَا نَعْبُدُهُمْ إِلَّا لِيُقَرِّبُونَا إِلَى اللَّهِ زُلْفَى»، ئەمەش هیچ جیاوازییەکی نییە لەگەڵ ئەو حاڵەتو پلەبەخشینەی سۆفییەکان، بەرێبەرو سەرنماکانیانو بگرە خراپتریشە. سەلەفییەت، جەخت دەکاتەوە، هەموکەس دەتوانێت راســـتەوخۆو بەبـــێ پەنابردن بۆ پیاوباشو وەلی، داوا لەخودا بکات، چونکە خودا فەرمویەتی «وَإِذا سَـأَلَكَ عِبـادِي عَنِّي فَإِنِّي قَرِيبٌ أُجِيـبُ دَعْوَةَ الدّاعِ إِذا دَعانِ فَلْيَسْـتَجِيبُوا لِي وَلْيُؤْمِنُوا بِي لَعَلَّهُمْ يَرْشُـدُونَ». البقرة: ١٨٦. واتە: هەرکات، بەندەکانم لەمەڕ من لەتۆ دەپرســـن، من نزیکم. هەرکەس هانام بۆ بێنێت، بێ وەڵام نایهێڵمەوە. با ئەوانیش لەفەرمانی من دەرنەچن، بڕوای تەواویان بەمن بێ، بەشکو رێی راست بەدی بکەن.

کێشمەکێشی قوڵی ســـۆفیگەریو سەلەفییەت، زیاتر لەســـەدەی حەوتەمی کۆچیدا گەشـــتۆتە لوتکە. ئـــەوکات ئیبن تەیمیە، بەشـــێک لەگەورە ڕێبەرانەی تەســـەوفی تەکفیرکرد کە پێیانوابو هەندێک «ئەولیا» لەگەڵ خوادا، ئاوێتەو تێکەڵ دەبن. ئیبن تەیمییە، لەبارەی کوفری ئەو باڵەی سۆفیگەرییش کەخاوەن ئەم بۆچونەن لەچەشنی ئیبن فارز، ئیبن عەرەبی، دەڵێت «کوفری ئەمانە لەکوفری جولەکەو خاچپەرستەکان خراپتـــرو گەورەترە». هەروەها عیززی کوڕی عەبدولســـەلام، محیّدین ئیبن عەرەبی بەکەسێکی کافر داناوە، چونکە ئیبن عەرەبی، جەلالەدینی رۆمی، حەلاج، پێیانوایە، خودا ئاوێتەو تێکەڵ بەدروستکراوەکانی خۆی بوە[2].

ئەم هەڵوێســـتەی ســـەلەفییەکان دەربارەی ئەم رێبەرانەی ســـۆفیگەری، دوابڕیارو هەموشتێک نییە دەربارەی تەسەوفو رێبەرەکانی ئەم رێچکەیە. بەڵکە سەلەفییەکان، جیاوازی دەخەنە نێوان ئەو ســـۆفیانەی مەبەستیان لەســـۆفیگەری: دنیانەویستیو پاڵفتەکردنـــی دەروونە، لەگەڵ ئەوانەی بانگەشـــەی فریادڕەســـتیی شـــێخەکانیانو ئاوێتەبونیان لەگەڵ خوادا دەکەن. بۆ نمونە، ئیبن تەیمیە، هاوکات لەگەڵ تەکفیرکردنی پۆلێک لەرێبەرانی سۆفیگەریدا، کۆڵێک ستایشو تاریفی شێخ عەبدولقادری گەیلانیشی کردوە کە یەک لەهەرە نێودارترین رێبەرانی تەســـەوفە، چونکە دەیویست سۆفیگەری

١ـ الشيخ اسماعيل بن عبدالغني الدهلوي: التوحيد افراد الله بالعباده، ل ٤٧ ـ ٤٨

٢ـ هارون بن بشير أحمد االصديقي: مصادر التلقي عند الصوفيه، ل ٤٨. ابن تيميه : مجموع الفتاوى ج ١٠ ص :٣٩٦

بکێشــێتەوە بە کەلتــوری هاوەڵەکانی پێغەمبــەرداو بەئاقاری شــەریعەتیدا بباتو لەمیتافیزکو فەلسەفەی دوربخاتەوە.
بەشێوەیەکی گشتی ســەلەفییەکان، تانەی ئەوە لەسۆفیگەری دەدەن، لەپەرستشو بەناوی رازیکردنی خوداوە، زیادەڕۆیی لەئایندا دەکەن.. بەبێ بەڵگەی قورئانو سوننەت، لەخۆوە پەرســتش دادەهێنن... زیکرکردنی جۆراوجۆر دادەهێنن. هەروەها رەخنەی ئەوەشــیان لێدەگرن، «لەسەر هەمان دابو دەستوری گاورەکان گۆڕی رێبەرەکانیان دەکەنــە مەزارو نەزرگا». هیچ جیاوازییەکیش لەنێوان ئەم هەنگاوەی ســۆفییەکانو کاری خاچپەرستەکاندا نابینن کە گۆڕی پێغەمبەرو پیاوچاکەکانیان دەکەنە زیارەتگاو پڕیان دەکەن لەوێنەو پەیکەر. هەروەها، لایەنگرانی سۆفیگەریی بەوە تۆمەتباردەکەن کە داهێنەری شیرکنو لەهەمو جێگایەک، مزگەوتیان لەسەر گۆڕی نێودارانی ئیسلام، بنیاتناوە، ئەمەش بۆتە دەســپێکو ســەرەتای پەنابــردنو هاوارکردنە ئەو گۆڕانە.
بەڵام ســۆفییەکان، شــانازی بەم کارەیانەوە دەکەنو هیچ خراپەیەکی تێدا نابینن، بەڵکە پێیانوایە خودا، چەند فریشــتەیەکی تەرخانکردوە بۆ سەر گۆڕی پیاوچاکانو ئەم فریشتانە، پێویســتی خەڵک دەرئەکەن[1]. هەندێکیتر لەســۆفییەکان، پێیانوایە «ئەولیــا»کان لەگــۆڕی خۆیان دێنــە دەرەوەو وەک ئەوەی لەژیانی راســتەقینەی دنیادابــن مامەڵەو رەفتار دەکەن. هەر لەبەر ئەمەش دەڵێن «مەبەســت لەزیارەتی گۆڕی پیاوچاکانو پێغەمبەران، داواکردنی لێخۆشــبونو پڕکردنەوەی پێویستییە»[2].
شــێخ محەمەد ئەمین نەقشــبەندیی، فەتوای ئــەوەدەدات «ماچکردنی کێلی گۆڕی پیاوچاکان، بەمەبەستی تەبەڕوک کردن، ئاساییەو نابێت رێگریی لێ بکرێت». ناوبراو پێی وایە ئەوانەی گۆڕەکان، ماچ دەکەن «بڕوایان وایە خودا کاریگەرو کارسازە، بەڵام لەبەر خۆشەویســتی خۆشەویستانی خودا وەها دەکەن»[3]. جگە لەمەش پێشنیازی ئەوەدەکات بۆ زیارەتکەران، کەچونە ســەر گۆڕی «ئەولیا» کان، روبکەنە گۆڕەکەو پشــت بکەنە قیبلەو قورئان بخوێنــنو خۆیان لەهەموشــتێکی دنیایی بەدوربگرنو تەنها پەنا بۆ ئەولیاکان ببەن[4]. بەپێچەوانەی ئەمەشــەوە ســەلەفییەکان، بونی هیچ

١. تنویر القلوب فی معامله علام الغیوب ٤١٠.

٢. نور الهدایه والعرفان فی سر الرابطه والتوجه وختم الخواجکان لا ٣٨.

٣. تنویر القلوب ٥٣٤

٤. تنویر القلوب فی معامله علام الغیوب ص ٥٣٤.

کاریگەرییەکی مردوی نێو گۆڕەکان لەسەر ژیانی ئێستای مرۆڤ، ناسەلمێنن‌و پەسەند ناکەن. لەدیدو قەناعەتــی ئەواندا، مردوەکان، هەر پلەو پایەیەکیان هەبێت، لەژیانی بەرزەخدان‌و لەمپــەرو رێگرێکی گەورە، لەنێوان ئەوان‌و خەڵکی زیندوی ئەم دنیایەدا هەیە، چونکە خودا دەربارەی مردوەکان دەفەرموێت «وَمِنْ وَرَائِهِمْ بَرْزَخٌ إِلَى يَوْمِ يُبْعَثُونَ». واتە: تارۆژی دوایی ژیانی ناو گۆڕ لەنێوان مردوەکان‌و زیندوەکاندایە. عوسمانی کوڕی عەفانیــش ئێژێت: پێغەمبەر(صلى الله عليه وسـلم)، فەرمویەتی «گـۆڕ یەکەم مەنزڵگای ژیانــی ئاخیرەتە». واتــە: ژیانی ناو گۆڕ هیچ پەیوەندییەکی بــەم جیهانەوە نییە. هەروەها لەفەرمودەیەکیتری دروســتدا، هاتوە پێغەمبەری ئیســلام(صلى الله عليه وسلم)، ئامۆژگاری ئیبن عەباسی کردوە، «ئەگەر پشتت بەکەس بەست، ئەوە هەر بەخودای ببەســتە. ئەگەریش داواتکرد، هەر لەخودای بکە. هەمو ئوممەت کۆبنەوە بۆ ئەوەی ســودت پێ بگەیەنن، ئەوە ناتوانن جگە لەوەی خودا بۆی نوســیویت ســودت پێ بگەیەنــن، هەروەها ئەگەر هەمو ئوممەت کۆببنــەوە بۆ ئەوەی زیانت پێ بگەیەنن، ناتوانن زیانت پێ بگەیەنن، ئەوە نەبێت کە خودا بۆی نوســیویت، تازە پێنوسەکان بەرزکراونەتەوەو پەڕاوەکان وشــک بونەتەوە»[1]. هەروەها سەلەفییەکان، پێداگریی دەکەن لەســەر ئەوەی هیچ جیاوازییەک لەنێوان، پەنابردنی خەڵکی موســوڵمان بۆ گۆڕەکان‌و پەنابردنی موشــریکەکان بۆ بتەکان نییە، چونکە وەک لەقورئاندا هاتوە، بێباوەڕەکانی قورەیشــیش ئەیانوت ئێمە بتەکان خۆیان ناپەرســتین بەڵکە تەنها بۆ نزیککردنەوەمــان لەخودا هاواریان تێدەکەین «وَالَّذِينَ اتَّخَذُوا مِن دُونِهِ أَوْلِيَاءَ مَا نَعْبُدُهُمْ إِلَّا لِيُقَرِّبُونَـا إِلَى اللَّهِ» الزمر: ٣. واتە: ئەو کەســانەی گەورەگەلێکیان بۆ خۆیان دیوەتەوە، ئێژن: ئێمە هەر بۆیە دەیانپەرستین لەخوا نزیکمان بکەنەوە.

سۆفییەکان خۆیان لەسەلەفییەکان بەرەسەنترو دیندارتر دەزانن، بەجۆرێک، دەگێڕنەوە جارێک پرسیارکراوە لەشاهی نەقشبەند: بەهائەدین نەقشبەندی، سۆفی کێیە؟ ئەویش

---

١. ئــەم فەرمودەیە ئیمامی ترمذی ریوایەتی کردوە فەرمودەناســەکانیش بەدروســتیان داناوە. لەم فەرمودەیەدا پێغەمبەر(صلى الله عليه وسلم) ئامۆژگاری ئیبن عەباس دەکات دەکات «يا غلام، إني أعلمك كلمات، احفظ الله يحفظك، احفظ الله تجده تجاهك، إذا سألت فاسأل الله وإذا استعنت فاســتعن بالله، واعلم أن الأمة لو اجتمعت على أن ينفعوك بشــيء، لم ينفعوك إلا بشيء قد كتبه الله لك، ولو اجتمعوا على أن يضروك لم يضروك إلا بشيء قد كتبه الله عليك. رفعت الأقلام وجفت الصحف».

وتویەتی: سۆفی راستەقینە ئەوەیە کە پێویستی بەخودا نەبێت[١]. هەروەها قوشەیریو سەهرەوەردیش پشتگیری ئەم ناساندنەیان کردوە بۆ کەسی سۆفی[٢]. سۆفییەکان خۆیان بە«عاشقی خودا» ناودەبەن[٣]، جەختیش دەکەنەوە، ناوی نەقشبەند لەوەوە هاتوە کە شێخ بەهائەدینی شای تەریقەتەکە، بەهۆی زۆر یادکردنەوەی خوداوە، وێنەی (الله) لەسەر دڵی نەخشی بەستوە، هەندێکیتریشیان دەڵێن «پێغەمبەر(صلی الله علیه وسلم)، لەپی موبارەکی خۆی لەسەر دڵی شێخ محەمەد بەهائەلدینی شاهی نەقشبەند، داناوەو ئەم جێگە لەپەش بۆتە نەخش لەسەر دڵی ناوبراوو تەریقەتەکەش بەناوی نەقش دانراوە[٤].

سۆفییەکان، پێیانوایە، هەمو ئەو ئایەتو فەرمودانەی باس لەهاوەڵ بۆخودا پەیداکردن دەکەنو دەربارەی تایبەتکردنی پاڕانەوەو نزاکردنن تەنها بەخودا، مەبەستیان بێباوەڕانە. هەروەها هاوارکردنە پیاوچاکان لەبەر نزیکییانە لەخوداو..... هتد. بەڵام سەلەفییەکان، جەخت دەکەنەوە ئەو ئایەتو فەرمودانە موسوڵمانانیش دەگرنەوەو هیچ جیاوازییەک لەنێوان پەنابردنی موشریکەکانی قورەیش بۆ پەیکەرو بتەکانیانو پەنابردنی موسوڵمانان نییە بۆ گۆڕو نەزرگای پیاو چاکەکان، چونکە بوخاریو موسلیم لەسەحیحەکەیاندا فەرمودەیەکیان لەپێغەمبەرەوە (صلی الله علیه وسلم)، گێڕاوەتەوە کە فەرمویەتی «بەر لەهاتنی قیامەت، ژنان بەدەوری بتدا دەسوڕێنەوە«. لەفەرمودەیەکیتردا کە موسلیم دەیگێڕێتەوە، پێغەمبەر (صلی الله علیه وسلم)، بەعائیشەی خێزانی فەرموە «بەر لەهاتنی قیامەت، پەرستنی لاتو عوزا (دوو بتی گەورەی قورەیشن) لەنێو ئەهلی ئیسلام سەرهەڵدەداتەوە». هەروەها دەفەرموێت «لا تقوم الساعة حتى تلحق قبائل من أمتي بالمشركين وحتى تعبد قبائل من أمتي الاوثان». صحیح ابن ماجه٣٥٢/٢. واتە: قیامەت نایەت، تا چەند هۆزێکی ئوممەتەکەم نەبنە پاشکۆی موشریکەکانو تا چەند هۆزێکی ئوممەتەکەم نەبنە بت پەرست».

١. الحدائق الوردیه فی حقائق أجلاء النقشبندیه ص ١٣١.

٢. الرساله القشیریه ١٢٥ عوارف المعارف للسهروردی ١٠٣.

٣. عیزی کوڕی عەبدولسەلام، کە یەکێکە لەرێبەرانی سەلەفییەت، بەکارهێنانی زاراوەو وشەی عیشق بەرانبەر خودای گەورە بەنەشیاو دەزانێتو باس لەوەدەکات، عیشق زیاتر بۆ مارەکردنو حەزی جەستەییەو ئاماژە بۆ فەتوایەکی ئەبی حەسەنی نورییش دەکات، کەنکولی کردوە، عیشق بۆ خودا بەکاربهێنرێتو لەبری ئەمە وشەی خۆشەویستی بەپەسەند دەزانێت.

٤. تنویر القلوب فی معامله علام الغیوب ٥٣٩ ط: دار احیاء التراث العربی.

سەلەفییەتو شیعە

لەدەرگادانـــی ئەم ناونیشـــانە، گوزەرکردنی بەنێو مێژوییەکـــی دورودرێژ لەناکۆکیو کێشمەکێشـــدا گەرەکە، چونکە ســـاڵانێکی زۆرە شیعەو ســـەلەفییەکان لەسەر دوو ئاراســـتەی پێچەوانەو دژ بەیەک کاردەکەنو بنەماکانی بیرکردنەوەو تێڕوانینیان زۆر بەکەمی لێکتر نزیک دەبنەوەو بەیەک دەگەن[1].

سەلەفییەکان کە ئوسولیترین گرۆی سوننەکانن، لەهەموکەس زیاتر پلارو تانە لەبیری شـــیعەگەرێتی دەدەن. لەدەیان ناونیشـــانو تەوەرەو موفرەداتی شـــەرعیدا، شیعەو

١ـ جگـــە لەجیـــاوازیو ناکۆکـــی فیکریی، شـــەڕو خوێنرشـــتنی زۆر کەوتۆتە نێوان شـــیعەو سەلەفییەکانەوە. بەناوبانگترین ئەو شەڕانەش پەلاماردانی شاری کەربەلایە لەلایەن وەهابییەکانی نەجدەوە لەســـاڵی ١٨٠٢ زاینی. بەقسەی سەرچاوە مێژوییەکان، بەر لەم هێرشەش ماوەی ١٢ ســـاڵ کەربەلا وێستگەو مەکۆی پەلامارو هێرشـــە یەک لەدوایەکەکانی وەهابییەکانی نەجد بوە. ســـەرەتای هێرشی ساڵی ١٨٠٢ز، بەوە دەستیپێکرد کە شیعەکانی هۆزی خزاعل، هێرشیانکردە ســـەر کاروانێکی نەجدییەکانو ئەو ئاگربەســـتو لێکگەشـــتنەیان پێشـــێلکرد کە لەنێوان میر عەبدولعەزیز محەمەد بن ســـعودو والی عێراقی عوسمانییەکاندا بەرقەراربو. بەدوای ئەمەشدا میر ســـعود بە نزیکەی ٢٠ هەزار چەکدارەوە هاتە ناو عێراقو گەمارۆی شـــاری کەربەلای ئارامگای ئیمام حســـێنی داو دواتریش چوە ناوییەوە. هەندێک ســـەرچاوەی مێژویی دەڵێن لەم شـــەڕەدا پێنـــج هەزار کەربەلایی کوژراون. وەهابییەکان لەنێو کەربەلا هەرچی گومەزیو مزگەوتی ســـەر گۆڕی پیاوچاکەکانی ئالو بەیت بو روخاندیان. هەمان سیناریۆ ساڵی ١٩٢٢ز، دوبارە بویەوەو هێزێکی ســـەلەفی وەهابیی هاتنە ناو شاری سەماوەی عێراقو لەوێشەوە بەرەو کەربەلا رۆشتن، شـــیعەکانیش خۆیان کۆکردەوەو فەتوای بەرەنگاربونـــەوەی وەهابییەکانیان دەرکرد. هەروەها مانگی شوباتی ســـاڵی ٢٠٠٩، کۆمەڵێکی زۆر لەشیعەکانی ســـعودیە بەمەبەستی یادکردنەوەی وەفاتی پێغەمبەر(صلی الله علیه وسلم)، لەدەوری گۆڕستانی بەقیع لەمەدینە کۆبونەوە، کارمەندەکانی دەزگای فرمان بەچاکەش «باچاوەشـــی ئاینی»، کەوتنە بڵاوەپێکردنیانو لەئەنجامدا پێکدادانو شەڕە چەقۆو مشتەکۆڵە دروستبو کە ژمارەیەک شیعە کوژرانو برینداربون.

بۆ زیاتر دەربارەی ئەم پێکدادانانەی نێوان شیعەو سەلەفییەکان، بڕوانە: د. أبراهیم خلیل أحمد: تأریـــخ الوطن العربی، ل ٢٥٠ ـ ٢٥٥. د. عبدالعکریم رافق: المشـــرق العربی فی العهد العیمانی، ل ٢٤٨ ـ ٢٥٤. ابـــو مســـعود الندوی: محمد بن عبدالوهـــاب، ل ٨٥. عبدالله محمد: هکذا رأیت الوهابیین ل ٢٧. الســـید محسن الأمین: کشـــف الارتیاب ل٢٠. جعفر السبحانی: مع الوهابیین، ل ١٧

سەلەفییەکان، سەنگەر لەیەک دەگرنو دژ بەیەکتر هەڵوێست وەردەگرن.
بنەماو ریشەی شیعەگەریێتی لەسەر بڕوابون بەوەی کە عەلی کوڕی ئەبوتالیبو نەوەکانی شیاوترو لەپێشترن بۆ خەلافەتو ئیمامەت بنیاتنراوە[1]. دەستەی یەکەمی شیعەکان، کۆمەڵێک کەس بون، پێیانوابو لەدوای کۆچی دوایی پێغەمبەر(صلى الله عليه وسلم)، ئالو بەیتو خزمەکانی، لەهەموکەس خاوەن مافترن بۆ فرمانڕەوایەتیکردنی موسوڵمانانو گرتنە دەستی پۆستی خەلافەت. هەروەها هەمویان کۆکو هاوڕابون لەسەر لێهاتوییو لەپێشتریی مافی ئیمام عەلی، بۆ جێگرتنەوەی دەسەڵاتی ئاینیو دنیایی پێغەمبەر(صلى الله عليه وسلم)[2]. بەم پێیەش سەرەتای شیعەگەریێتی لەتێڕوانینێکی سیاسییەوە سەرچاوەیگرتوە، دواتریش پەلو پۆی فیقهیو عەقیدەییو وردەکاریتری لێ کەوتۆتەوە. هەرچەندە زاراوەی «شیعە» ناوو ناونیشانی هەمو ئەوانەیە کە بەمشێوەیە بیردەکەنەوە، بەڵام ئەوانیش لەوردکردنەوەی پێشخستنی ئالو بەیتدا، ناکۆکییان هەیەو بەهەمانشێوەی سوننەکان بەسەر چەندین بۆچونو قوتابخانەی خاوەن فیکری جیاجیاو هەندێکجار دژ بەیەکیشدا دابەشو پەرتەوازەبوون.
بەناوبانگتریـنو بەربڵاوترین گرۆی شیعەکان، دوازدە ئیمامییە جەعفەرییەکانن، کە لەهەمویان زیاتر داکۆکی لەمافی هەر دوازدە ئیمامەکەی ئالو بەیت دەکەن بۆ ئیمامەت، کە بریتین لە: عەلی کوڕی ئەبوتالیب، حسێنی کوڕی عەلی، حەسەنی کوڕی عەلی، عەلی کوڕی حسێن (زين العابدين)، محمەد باقر، جەعفەری سادق، موسای کازم، عەلی موسا رەزا، محەمەد جەواد، عەلی ئەلهادی، حەسەن ئەلعەسکەری، مەهدی مونتەزەر (ئیمامی زەمان).
شیعەی دوازدە ئیمامیی جەعفەریی باوەڕو رێبازی زۆرترینو بەربڵاوترین خەلکی شیعەیە لەجیهانی ئیسلامو لەدوای شۆرشی ١٩٧٩زاینیی گەلانی ئێرانیشەوە، لەدەستوری ئێراندا کراوەتە ئاینزای فەرمی وڵاتو سەرچاوەی یاسادانانی ئێران. لێرەشدا ئێمە ناکۆکیو جیاوازی ئەم رێبازەو سەلەفییەکان لەسێ تەوەرەی سەرەکیدا وەردەگرین ئەوانیش: ئیمامەت، سەرچاوەکانی شەرعزانیی، هەڵوێست لەسەحابەکانن.

---

١. د. أحمد عرفان عبدالحميد: دراسات فی الفرق والعقائد الاسلامیه، ل١٠

٢. أحمد أمين: فجر الاسلام، الحياه العقليه فی صدر الاسلام ألی آخر الدوله الامويه، ل ٥٨

ئەلف: ئیمامەت

نێوەڕۆکی سەراپای بیری شیعەی دوازدە ئیمامی بریتییە لەچەسپاندنی مافی ئیمامەت بۆ ئەو دوازدە کەسەی بنەماڵەی بەنی هاشم، کە ئاماژە بەناوەکانیان کرا. ئەمان، پێیان وایە ئیمامەت پلەو پایەیەکی خوداییە لەچەشنی پێغەمبەرایەتیو بەهەمانشێوەی پێغەمبەرایەتیش خودا خەڵکی تایبەتو هەڵبژاردە دەکاتە ئیمام. هەروەها دەڵێن «پێغەمبەران، کاری ناساندنی ئیمامەکان ئەنجام دەدەنو ئیمامەکانیش یەک لەدوایەکی ئیمامەکانی دوای خۆیان دەستنیشانو دیاریدەکەن»[1]. شیعەکان جەختدەکەنەوە کە خودا بەدەقی قورئان، لەدوای هەڵبژاردنی محەمەدی کوڕی عەبدوڵڵا، بە پێغەمبەر عەلی کوڕی ئەبوتالیبی، ئامۆژاشی کردۆتە ئیمامی موسوڵمانان، بەڵام هەریەک لەئەبوبەکری سدیق، عومەری کوڕی خەتاب، عوسمانی کوڕی عەفان، بەستەمکردنو زۆرداریی خەلافەتو دەسەڵاتیان لێ زەوتکردوەو لەئیمامەت بێبەشیانکردوە[2]. خومەینی پوختەی راوبۆچونو هەڵوێستی مەرجەعەکانی شیعە لەبارەی دوازدە ئیمامەکەی ئالو بەیتەوە، لەوتەیەکدا کۆدەکاتەوەو دەڵێت «ئیمامەکانمان پایەیەکی ئەوتۆیان هەیە کە هیچ پێغەمبەرێکی نێردراوو هیچ فریشتەیەکی نزیک لەخودا پێی ناگات»[3].

پێشخستنی زۆری ئەم ئیمامانەو تۆمەتبارکردنی ئەبوبەکرو عومەرو عوسمان، لەلایەن شیعەوە بەخیانەتو ستەمکردن، سەلەفییەکان تورە دەکاتو لەبیروباوەڕی سەلەفیدا ریزبەندیی خەلیفەکانی ئیسلام لەمێژودا (ئەبوبەکر، عومەر، عوسمان، عەلی)، بنەمایەکی نەگۆڕی عەقیدەیی ئیسلامییەو هیچ بواری تانەلێدانو رەخنەلێگرتنی نییە[4]، چونکە وەک ئەلبانی لە (صحیح الجامع) دا هێناویەتی، پێغەمبەر(صلى الله عليه وسلم)**، پشتگیریی ئەم ریزبەندییەی کردوەو لەفەرمودەیەکدا دەفەرموێت «القائم بعدي في الجنة، والذي يقوم بعده فى الجنة، والثالث والرابع فى الجنة». واتە: ئەوەی**

١ـ عبدالحسين شرف الدين: المراجعات، ابحاث جديده فى اصول المذهب والامامه العامه، ل ١٩٣ ـ ١٩٧.

٢ـ بڕوانە محمد حسين فچل الله: فقه الحياه ل ٤٤٠ ـ٤٥٠. عبدالله محمد الغريب: جاو دور المجوس، ل ١٧٣ ـ ١٨٠

٣ـ الحكومة الاسلامية، ل ٨٢ وەرگیراو لەعبدالله محمد الغريب، جاء دور المجوس

٤ـ بڕوانە ابن تيميه: العقيده الواسطيه، شرح وتعليق محمد بن صالح العثيمين، ل ١٢٧ ـ ١٣٢

لەدوای من ئەبێتە فرمانڕەوا لەبەهەشـــتدایە، ئەوەی دوای ئەویش، هەر لەبەهەشتدایە، ســێیەمو چوارەمیش هەر لەبەهەشـــتدان. هەروەها ئیمام ئەحمەدی کوڕی حەنبەلو عەمری کوڕی عاســـم، بەچەند سەنەدێک کە ئەلبانی بەدروستی داناوە، فەرمودەیەک لەســـەر زمانی ســـەفینەی ئەبی عەبدولرەحمانی خزمەتکاری پێغەمبەر(صلى الله عليه وسلم)، دەگێڕنەوە کە لەپێغەمبەری بیســـتوە، فەرمویەتی «الخلافة ثلاثون ســـنة ثم يكون بعد ذلك ملكا». واتە: تەمەنی جێنشـــینی پێغەمبەرایەتی ٣٠ ساڵ دەبێت. سەفینە فەرمودەکە راڤەدەکاتو دەڵێت «دوو ســـاڵی حوکمڕانی ئەبوبەکر، دە ساڵی عومەر، دوازدە ســـاڵی عوســـمان، شـــەش ســـاڵی عەلی». ئین تەیمیە، لە (مجموع الفتاوى ٣٥/١٨) دا لەبـــارەی ئەم فەرمودەیەوە دەڵێت «بەپێی ئەم فەرمودەیە عەلی کوڕی ئەبوتالیب دوا خەلیفەی ئیســـلامە. تێکڕای ئەهلی سوننە لەزانایانو بەندەکانو میرو جەنگاوەران یەکدەنگن لەســـەر ئەوەی بێژن: ئەبوبەکر، دواتر عومەر، دواتر عوسمان، دواتـــر عەلی». ئیمام ئەحمەدی کوڕی حەنبەلیـــش لەوەڵامدانەوەی ئەوانەی بڕوایان بەخەلافەتی ئیمامی عەلی نییە، بەو پاساوەی هەمو موسوڵمانان پەسەنیان نەکردوە، ئـــەم فەرمودەیە دەکاتـــە بەڵگەی رەوایەتی خەلافەتی چوارەم خەلیفەی راشـــیدین: عەلـــی کوڕە ئەبوتالیب. هەروەها وەک ئیبن تەیمیـــە، دەگێڕێتەوە ناوبراو، وتویەتی «هەرکەس عەلی بەچوارەم خەلیفە دانەنێت لەبارەبەری هۆزەکەی سەر لێشێواوترەو بەکۆڕای شـــەعزانەکانی ســـوننە، ئەهلی مەعریفەت، ئەهلی تەسەوف، عامی خەڵک، ژنو ژنخوزایی لەگەڵدا ناکرێت». پێشـــنوێژی حەرەمی مەککە، شێخ عادل کەلەبانی، دەڵێت «ئەگەر شیعەیەکی نەخوێندەوار تانە لەئەبوبەکر بدات، رەنگە پاساوی ئەوەی بۆ بهێنرێتەوە کە نەزانو هەڵخەڵەتێنراوە، بەڵام ئەو شـــیعانەی شارەزای چاکەکانی ئەبوبەکرنو بەردەوامن لەتانەلێدانیو دینی خۆیان لەســـەر قسەپێوتنی بنیات دەنێن، ئەوە فڕیان بەئیسلامەوە نییەو کافرن».

سەلەفییەکان پێیانوایە بەرزکردنەوەی پلەی ئیمامەکانی نەوەی عەلی کوڕی ئەبوتالیب، بۆ ئاســـتێک کە «هیچ پێغەمبەرێکی نێردراوو هیچ فریشـــتەیەکی نزیک لەخودا پێی ناگات»، کوفرێکی ئاشـــکراو روونەو محەمەد عەبدولوەهاب، لە (الرد على الرافضه)و (کشـــف الشـــبهات) دا وەڵامی ئەمە دەداتەوەو دەبێژێت «بەپێـــی کۆڕای زانایانی ئیســـلام، هەرکەس بڕوای وەهابێت، خەڵکانێک هەن کە هاوئاستی پێغەمبەرانن یان پلەیان لەوان بەرزترە، ئەوە کافرەو لەبازنەی ئیسلام دەچێتە دەرەوە».

لەبیری شیعەگەرێتیدا، وتەو رێنمایی دوازدە ئیمامەکە، حوکمی یاساو دەقی قورئانیان

هەیە، هەر دوازدەکەشـــیان لەهەڵـــەو تاوانکردن بـــەدوورنو مرۆڤگەلێکی پاکو بێ هەڵەن[١]. هیچ ســـەدەو ســـەردەمێکیش بێ ئیمامو پێشـــەوا نییەو لەئێستاشدا ئیمام مەهدی مونتەزەر، کاروباری ئیمامەت بەڕێوەدەباتو ئەویش لەساڵی ٢٦١ کۆچییەوە، لەبەر جەورو ســـتەمی ســـوڵتانو خەلیفەکانی ســـوننە، غەیبو پەنهانی بوەو خۆی حەشـــارداوەو رۆژێک دێت دەربکەوێت[٢]. لەماوەی دورودرێژی خۆ حەشـــاردانی ئیمام مەهدیشـــدا کە لەبەر هەزار ســـاڵەوە دەستپێدەکات، شـــەرعزانو پیاوە ئاینییەکان، ئەرکی سەرۆکاریکردنی جەماوەری شیعەکان بەڕێوەدەبەن، چونکە بەپێی بیروباوەڕی شـــیعە ئەرکی شـــەرعزان، جگە لەڕێنماییکردن، کۆکردنـــەوەی زەکات، بەڕێوەبردنی ئەوقاف، هەڵسوڕاندنی کاروباری ئابوریو کۆمەڵایەتیش، دەگرێتەوە[٣].

مـــەرجو بەندوباوی شـــیعەکان، بۆ ئیمام تـــەواو جیاوازو پێچەوانەیـــە لەگەڵ مەرجو بەندوباوی سەلەفییەکان، چونکە ئەمان، وەک هەر گرۆیەکیتری سوننی پێیانوایە ئیمام کەسێکی ئاساییو عادەتییەو لەڕێگای پرسو راکردنەوە، هەڵدەبژێردرێت، نەک لەسەر راســـپاردەی ئیمامی بەرلەخۆی دابنرێت. بەپێچەوانەی بیری شیعەوە، سەلەفییەکان پێیانوایە، ئیمامەتو خەلافەت، بەشـــێک نییە لەبنەماکانی دینو عەقیدەی ئیسلامی، بەڵکە پرسێکی نێوەنجییەو بواری قسەتێداکردنو رادەربڕینی هەیەو ئوممەتی ئیسلام، سەرپشـــکو دەســـت کراوەیە لەهەڵبژاردنو دەستنیشـــانکردنیدا. هەروەها ئیمامی گەورەی موسوڵمانانیش کەسێکی ئاساییو مرۆڤێکی سادەو بەرجەستەیەو ئەوەندەش بەســـە سەر بەهۆزی گەورەی قورەیش بێتو مەرج نییە، تەنها لەنێو نەوەکانی ئیمام عەلیدا بێت[٤]. بەڵام شـــیعەکان، دەڵێن «ئیمامەت هێندە شـــتێکی ساناو سادە نییە، بدرێتە دەســـت ئوممەتو بەراوێژکردنی خەڵک بسپێردرێت، بەڵکە هەر ئیمامێک لەو دوازدە ئیمامە کەســـێکیان لەدوای خۆیان دەستنیشانکردوە بۆ ئیمامەت». هەروەها دەڵێن «هەرکەسیش رەخنە لەم راستییە بگرێت، ئەوە رەخنەی لەراسپاردەو پەیامی پێغەمبەرایەتـــی گرتوە[٥]». بۆ پڕکردنەوەی بۆشـــایی ئیمامەتیش تا ئەوکاتەی ئیمام

١. محمد صادق الصدر: الشیعە، ل ١١٨

٢. الطباطبائی: رسالە التشیع فی االعالم المعاصر، ل ٢٧٢ - ٢٧٣

٣. د. آمال االسبکی: تأریخ ایران بین الثورتین، ل ٢٢

٤. د. عبدالسلام بن برجس العبد الکریم : معاملە الحکام ل ٣٩

٥. د. أحمد عرفان عبدالحمید: دراسات فی الفرق والعقائد الاسلامیە، ل١٢

مەهدیی دەردەکەوێت، زۆرێک لەشیعەکان پێیان وایە «شەرعزانێکی زۆرزان.. شارەزا لەکاروباری ســەردەم، لەبری مەهدیو بەســیفەتی ـ جێگری ئیمام ـ کاروباری خەڵک بەڕێــدەکاتو فەتوا دەدات»[1]. ئەم جێگــریو بریکارییەش کە بــە «ولایة الفقیه» دەناسرێت، بیرۆکەیەکی نوێیە لەبیری شیعەگەرێتیداو خومەینی یەکەمین شەرعزانێکی شــیعەیە کە شــەرعیەتی پێداوەو لەئێران بەکردەیی جێبەجێی کردوە، ئێستاش هەر بەپێــی ئەمە عەلی خامنەیی کراوەتــە حوکمڕانی رەهای ئێــرانو «مەقامی بەرزی رێبەریی» شــۆڕشو سیستمی ئیســلامیی شیعەی ئێرانی پێبەخشــراوە. بەرلەوەی خومەینی ئەم بیرۆکەیە بێنێتە ناو شیعەکانەوە، هەمو شەرعزانو کۆمەڵانی جەماوەری شیعە لەئێرانو سەراپای دنیا، لەچاوەڕوانیی دەرکەوتنی ئیمامدا، بە چاوەسانەوەو ژێر دەستەیی رازیبونو لەنێو حەوزە ئاینییەکانو حوسەینییەکاندا سەری خۆیان کزکردبو، هەمو جۆرە جموجوڵو بزاڤ دروستکردنێکی ئاینیشیان راگرتبوو، بەڵام خومەینی لەم رێگایەوە پەلکێشیکردن بۆ حوکمڕانیو سیاسەت. بەپێی ئەو مەرجانەشی لایەنگرانی ویلایەتی فەقێ دایانناوە، «جێگری ئیمام»، کەسێکە کاروباری دەوڵەت، شەریعەت، جیهاد، رادەپەڕێنێتو زەمینە بۆ دەرکەوتنی ئیمام مەهدی خۆشدەکات.

رێبەرانی بیروباوەڕی سەلەفیی، بەتوندی ئەم داهێنانەی خومەینیو لەپشت ئەویشەوە، تێکڕای بیرۆکەی «ئیمامەتی ئالو بەیت»، رەتدەکەنەوەو لەچەندین نوسراوو فەتوادا خومەینی بەوە تۆمەتباردەکەن «دەیەوێت لەپشت پەردەی، جێگری ئیمامەوە بێهەڵەییو پاکوبێگەردیی بەخۆی ببەخشێت، چونکە ناکرێت ئیمام مەعسومو جێگرەکەی کە وەلی فەقێیە، تاوانکاربێت»[2]. هەر بەم هۆیەشــەوە رێبەرە سەلەفییەکان چەندین بەڵگەو راوبۆچونی شــەرعییان گەڵاڵەکردوە کە تێکڕا جەختکردنەوەن لەســەر تەکفیرکردنی خومەینیو رێبەرە ناودارەکانیتری شیعەگەرێتی[3]. کافربونی شارەزا شیعەکان، یەکێکە لەبنەما نەگۆڕو بەناوبانگەکانی بیری سەلەفی.

---

١. السید محمد حسین الطباطبائی: رساله التشیع فی لعالم المعاصر، ل ٢٣٤

٢. بڕوانە عبدالله محمد الغریب، جاء دور المجوس، ل ٣٧٢ ـ ٣٧٥

٣. بڕوانە: لماذا أفتی علماو المسلمین بکفر الخمینی، «ناوی نوسەرو دەزگای چاپو پەخشی لەسەر نییە».

با: سەرچاوەکانی شەرع

شـــیعەکان پێیانوایە، ســـەرچاوەی یەکەمی ئیســـلام، کە ئەو قورئانەیە کەئێســـتا لەبەردەســـتدایە، کەموکـــوڕی تێدایـــەو ســـەحابەکان بەپێی بەرژەوەنـــدی خۆیان گۆڕانکارییان تێداکردوە[1]. شـــێخ موفید کە زانایەکی گەورەی شیعەکانە، لەمبارەیەوە دەڵێت «لەچەندین ڕێگاوە، ڕیوایەتی ئالو بەیت کەڵەکەبوەو دەیسەلمێنن ستەمکاران (مەبەست ئەسحابەکانە)، کەموزیادیان لەقورئاندا کردوە»[2].

ئەگەرچی شـــیعەکان، هیـــچ کات، ئەم بۆچونەی خۆیان ئاشـــکراناکەنو هەندێکیش پێیانوایـــە ئەمە تەنها تێڕوانینێکی بەرتەســـکی نێو هەندێک لەشـــیعە پەڕگیرەکانە، بەڵام خومەینی رابەری کۆچکردوی ئێران، ستایشـــێکی زۆری کتێبی «فصل الخطاب فی اثبات تحریف کتاب رب الارباب»و محەمەد حســـەین شـــیرازیی، نوسەرەکەشی کـــردوە، کە باس لەنوقســـانیو کەموکوڕیی قورئـــان دەکات. هەرچەندە، خومەینی خۆی راســـتەوخۆ ناڵێت «قورئان کەموکوڕیی تێدایە».بەڵام بەلای سەلەفییەکانەوە خومەینی لەلایەنگرانی بۆچونی «نوقسانیی قورئانە»، چونکە ستایشی ئەو کەسەی کردوە کە نیشانەی پرسی خستۆتە سەر قورئان.

هەرچی سەرچاوەی دووەمی شەرعزانیشە، کە فەرمودەی پێغەمبەرە، ئەوە سەلەفیو شیعە بەهیچ شـــێوەیەک لەبارەیەوە یەکناگرنەوە، چونکە شـــیعەکان، فەرمودەکانی نێو ســـەحیحەکانی بوخاریو موســـلیم، بەهەنـــد وەرناگرنو بگرە گومانیشـــی تێدا دروســـتدەکەن، کەچی لای ســـەلەفییەکان یەکڕاســـت لەدوای قورئانـــەوە دێن. بەم هۆیەشەوە، ســـەلەفییەکان، جەختدەکەنەوە ســـەرچاوەکانی شەرع لای شیعە جگە لەکوفرو شیرک هیچ شتێکیتر نییە[3].

---

١. طالب بن عثمان محمود: صوره من عقائد الشیعه الاثنی عشریه، ل ٤٩

٢. الشیخ مفید: الافصاح عن الٳمامه، ل ٩٨ وەرگیراو لە دراسات فی الفرق والعقائد الاسلامیه

٣. د. ناصر بن عبدالکریم العقل: رسائل ودراسات فی الافتراق والاهواء والبدع...، ل١٥ ـ٢٠

ج: هەڵوێست لەسەحابە

سـەلەفییەت ڕێزو پێزانینی زۆر بۆ هاوەڵەکانی پێغەمبەر دادەنێت.. لەبنەڕەتیشـدا ئامانجی ئەم بانگەوازو ڕێبازە، گشـتاندنو بەسـتاندارکردنی شـێوازی بیرکردنەوەو مامەڵەو شێوازی خواپەرستی سـەحابەکانە لەنێو ئوممەتی ئیسلام. بەڵام شیعەکان زۆر بێ باکانەو خوێن ساردانە باس لەوەدەکەن، لەدوای کۆچی دوایی پێغەمبەر(صلى الله عليه وسلم)، چەند دانەیەکی کەمی وەک ئەبوزەڕی غەفاری، سەلمانی فارسی، میقدادی کوڕی ئەسوەدو.....هتد. نەبێت هەموو سەحابەکان لەئیسلام هەڵگەڕاونەتەوەو کافر بوون. دەقو تەورەکانی (أصول الكافي) کەیەک لەپڕ بایەخترین سەرچاوەی شەرعزانیی شـیعەکانە، دەربارەی ئەبوبەکرو عومەری کـوڕی خەتاب دەڵێت «ئەبوبەکرو عومەر دنیایان بەجێهێشـتو نەگەڕانەوە بۆلای خوا.. دانیان نەنا بەوەی سـتەمیان لەعەلی کردوە، دە نەفرینی خوداو فریشـتەکانو هەمو خەڵکیان لێبێت». هەر لەم سەرچاوە بنەڕەتییەی شیعەشدا بانگەشەی ئەوەکراوە «عومەری کوڕی خەتاب دۆستو هاوەڵی شـەیتان بوە»، «عەسمانی کوڕی عەفان، بەنەفرەت لێکراوی دنیای بەجێهێشتوە». بەرانبـەر بەمەش سـەلەفییەکان کەوتونەتە ناکۆکی لەبارەی ئـەوەی ئاخۆ ئەوەی بەمشـێوەیە، خراپ لەسەحابەکان بدوێت کافر دەبێت یان نا؟[1] ، بەڵام لەسەر ئەوە پێکهاتون کە سزای شەرعیی ئەو کەسەی بەئاشکرا جنێو بەهاوەڵەکانی پێغەمبەر(صلى الله عليه وسـلم)، بەگشـتیو ئەبوبەکرو عومەر بەتایبەتی بدات، لەسـێدارەدانەو دەڵێن «حوکمی لەناوبردنی شیعەکان لەکوشتنی خەواریجەکان ڕەواترە»[2].

سـەلەفییەکان بۆ پشتڕاستکردنەوەی هەڵوێستی ستایشـکردنی هەمو سەحابەکانی پێغەمبەر(صلى الله عليه وسـلم)، ئاماژە بەچەند فەرمودەیەک دەکەن، کە شـێخ محەمەد ناسـرەلدین ئەلبانی لە (صحيـح الجامع) دا کۆیکردونەتەوەو سـەنەدەکانی سـاغ کردونەتەوە. ئەو فەرمودانە بەتاکو بەکۆمەڵ، ستایشـی سـەحابەکان دەکەن. لەم فەرمودە دروسـتانەدا، پێغەمبەر(صلى الله عليه وسـلم)، دەفەرموێت «لعن الله من سـب اصحابى». واتە: نەفرەتی خودا لەوەی جنێو بەهاوەڵەکانم دەدات. «من سب اصحابى فعليـه لعنة الله والملائكة والناس أجمعين» واتە: هەرکەس جنێوی دا بەهاوەڵەکانم، ئەوە نەفرەتی خوداو فریشـتەکانو هەمو خەڵکی لێبێت. «لاتمس النار مسلما رآني،

1. عبدالمجيد سالم المشعبى: منهج ابن تيميه فى التكفير، ل ١٢٢ ـ ١٢٥

2. عبدالله بن سعيد الجنيد: حوار هادىو بين السنه والشيعه، ل ٤٤

أو رأى من رآني» واتە :ئاگر بەر کەسێک ناکەوێت کە منی دیبێت، یان کەسێکی دیبێت کە منی دیوە. «أن الله تعالى اطلع على أهل بدر فقال: أعملوا ماشئتم فقد غفرت لكم». واتە: خودا تەماشای ئەهلی بەدری کردووەو پێی فەرمون: چی ئەکەن بیکەن، من لێتان خۆشبووم. «لن يدخل النار رجل شهد بدرا والحديبية». واتە: هەرکەس لەغەزای بەدرو سولحی حودەیبییە بەشداریی کردبێت، ناچێتە نێو ئاگر. «لايدخل النار أحد ممن بايع تحت الشجرة». واتە: هەرکەس لەژێر درەختەکەدا بەیعەتی (ریزوانی) دابێت ناچێتە دۆزەخ. «آية الايمان حب الانصار، وآية النفاق بغض الانصار». واتە: خۆشەویستی ئەنسارە مەدینەییەکان نیشانەی ئیمانەو رق لێ بونیشیان، نیشانەی دو ڕوییە. «ابوبكر وعمر سيدا كهول أهل الجنة» واتە: ئەبوبەکرو عومەر لەباشترین خەڵکی بەهەشتن. «أنت عتيق الله من النار ـ قاله لابى بكر» واتە: ئەی ئەبوبەکر تۆ رزگارکراوی خودای لەئاگر. «أن الشيطان ليفرق منك ياعمر» واتە: ئەی عومەری کوڕی خەتاب شەیتان لێت دەترسێت. «أن الله جعل الحق على لسان عمر وقلبه» واتە: خودا راستیی لەسەر دڵو زمانی عومەر داناوە. «الحياء من الايمان، وأحيى أمتى عثمان» واتە: شەرمکردن لەئیمانەوەیە، بەشەرمترین کەسی ئوممەتی منیش عوسمانە. «عثمان فى الجنه» واتە: عوسمان بەهەشتییە. «علي مني بمنزله هارون من موسى ألا أنه لانبي بعدى». واتە عەلی بۆمن وەک هارونە بۆ موسا، بەڵام ئەوە هەیە پێغەمبەر لەدوای من نییە[1].

بەلای سەلەفییەکانەوە، تۆمەتبارکردنی دەیانو سەدان لەهاوەڵانی پێغەمبەری ئیسلام (صلى الله عليه وسلم)، بەکافربونو پاشگەزبونەوە لەئیسلام، لەسادەترین واتایدا مانای رەتکردنەوەی ئەو کلتورو شەریعەتو ئەحکامانەش دەگەیەنێت کە ئەم سەحابانە گەیاندویانە بەنەوەکانی دوای خۆیان. جگە لەم لایەنانەش سەلەفییەکانو شیعە لەگەورەو بچوکی ئیسلامدا ناکۆکو ناتەبان. هەر لەم میانەیەدا، سەلەفییەکان، هاواربردنی شیعەکان بۆ ئیمامەکان، سوێند خواردن بەئیمامەکان، بانگکردنیان وەک فریادڕەست، سوڕانەوەو تەوافکردن بەدەوری گۆڕەکانیان، قوربانیکردن بۆیانو..... هتد. هەموی بەشیرکو هاوەڵ بۆ خودا پەیداکردن دەدەنە قەڵەمو بەڕای ئەوان هەمو پەرستشی شیعە دژو پێچەوانەی ئەو فەرمودەی خودایە کە دەفەرموێت «قُلْ إِنَّ صَلَاتِي وَنُسُكِي وَمَحْيَايَ وَمَمَاتِي لِلَّهِ رَبِّ الْعَالَمِينَ. لَا شَرِيكَ لَهُ وَبِذَٰلِكَ أُمِرْتُ وَأَنَا أَوَّلُ الْمُسْلِمِينَ»

١ـ بڕوانە عصام موسى هارون: السراج المنير فى ترتيب أحاديث صحيح الجامع الصغير، السيوطى، الالبانى ل٦٧٣ ـ ٦٩٠

الانعام ١٦٢ـ١٦٣. واتە: بێژە من نوێژکردنمو سەربڕینمو ژینو مەرگم بۆ خودایە، کە ڕاهێنەری دنیا هەر خۆیەتی. خودا هیچ شەریکی نییە، فەرمان وا بەمن دراوەو من لەریزی موسوڵمانان یەکەمینم. هەروەها پێچەوانەی ئایەتی « فَلاَ تَجْعَلُواْ لِلّٰهِ أَندَادًا وَأَنتُمْ تَعْلَمُونَ» البقرة ٢٢. واتە:هاوتاو هاووێنە بۆ خودا دامەنێن. لەگەڵ دەیان ئایەتیتر کە جەخت لەیەکتاپەرستیو خوداو تەنهاکردنی خودا لەپەرستن.. پاڕانەوە.. قوربانیکردن.. هاوارتێکردن.. هیواپێبوون.. دەکەنەوە.

ئەدەبیاتو گوتاری هەریەک لەشیعەگەریو سەلەفییەت، پڕن لەتۆمەتبارکردنو هێرشکردنە سەر یەکتر. سەلەفییەکان پێدادەگرن لەسەر ئەوەی «شیعەکان شوێنکەوتەو میراتگری هەڵگەڕاوەو دووڕووەکانن.. درۆزنترین گرۆی نێو مێژوی دورودرێژی ئیسلامن»[1]. سەلەفییەکان، لەناساندنو شرۆڤەکردنی شیعەدا بیری شیعەگەریتی بە«ئایدۆلۆژیای خەڵکی عەجەمو هەرچیو پەرچی» دەناسێننو شوێنکەوتوانیشی بە خەڵکانی «کاڵفام، حەماسیی، کەللە ڕەق، خائین، فێڵبازو دەستبڕ، عاتیفی» ناودەبەن[2]. لەبەرانبەریشدا شیعەکان، پێیان وایە سەلەفییەکان «دەستنێژی ئیستیعمار.. تەکفیریی.. دژە ئالو بەیت.. پاشکۆی ئال سعود..... هتد»ن[3].

عەلی خامنەیی، ڕێبەری شۆڕشی شیعەی ئێران کە « جێگری ئیمام»ە لەسەردانێکدا بۆ پارێزگای کوردستانی ئێران، مانگی ئایاری ٢٠٠٩، ڕایگەیاند « سەلەفیو وەهابیەکان دەسکەلای دوژمنانن».

١. عبدالمجید بن سالم عبدالله المشعبی: منهج ابن تیمیه....، ل ٤٣٥ ـ ٤٤٠

٢. د. ناصر بن عبدالکریم العقل: رسائل ودراسات فی الافتراق والاهواء والبدع....، ل١٥ ـ ٢٠

٣. بڕوانە عبدالله محمد: هکذا رایت الوهابیین، ل ٧ لەگەڵ سایتو ماڵپەڕە شیعەکان لەسەر تۆڕی ئینتەرنێت

کۆتایی

رانانو گوزەرکردن بەباسو بابەتەکانی ئەم توێژینەوەیەدا ئەم راستیانەی خوارەوە ئاشکراو دیار دەخەن.

- سەلەفییەت، بانگەوازێکی ئاینی بەسروشت کۆمەلایەتی لامەزهەبیی ئسولییە.. داوای گەڕانەوە بۆ سەرچاوە بنەڕەتو رەسەنەکانی ئیسلامو کەلتورو رەفتاری سەحابەکانو تابعینو شوێنکەوتەکانی تابعین، دەکات.. دورکەوتنەوە لەبیدعەو پاکژکردنەوەی بیروباوەڕی ئیسلامی لەشیرکو هاوەڵ بۆخودا پەیداکردن، بە تاقە ئامرازی سەرکەوتنو بەختەوەری جیهانی ئیسلامیو خەڵکانی موسوڵمانو بەئەرکی سەرەکیی پەیامەکەی خۆی دەزانێت. رەگو ریشەی ئەم بیرو بانگەوازەش دەگەڕێتەوە بۆ بەسەرهاتی زیندانیکردنو ئەشکەنجەدانی ئەحمەدی کوڕی حەنبەل لەسەر قبوڵنەکردنی لادان لەمانای زمانەوانیی دەق. لەسەردەمی ئیبن تەیمییەو خوێندکارەکانیشیدا پەرەی زیاتری پێدراوەو رایەڵە فیکریو مەعریفییەکانی گەلاڵەکراوە، لەسەدەی هەژدەیەمو لەسەر دەستی محەمەد عەبدولوەهابو نەوەکانیو بەهاوکاری میرانی ئال سعود، نۆژەنکراوەتەوەو خزمەتی قایمکردنی پێگەی دەسەلاتی ئال سعودی فرمانڕەوای سعودیەشی کردوە.

- لەئێستادا بانگەوازو رێچکەی سەلەفییەت، زیاتر بەلای هەڵکردن لەگەڵ دەسەلاتدا دەڕوات، تا بەرهەڵستیکردنو یاخیبوون لێیان. هەر لەم سۆنگەیەشەوە تەکفیرکردنی کۆمەڵگاو تەکفیرکردنی رەهای دەسەلات، رەتدەکاتەوە. هەروەها کاری خۆکوژیو کوشتنی بیانییە مۆڵەتدراوەکانی نێو ولاتە ئیسلامییەکانو ئەنجامدانی تەقینەوەو کوشتاری بەکۆمەڵ، بەپاساوی کارکردنو جیهادکردن بۆ گێڕانەوەی خەلافەتو دەسەلاتی ئیسلامی، بەحاڵەتێکی ناشەرعیو تێگەشتنێکی کاڵفامانەی پاشماوەی خەوراجەکان لەقەڵەم دەدات.

- سەلەفییەت هەمیشە نەقڵ بەسەر عەقڵدا پێش دەخاتو لەگەڵ سەراپای ئەو رێبازگەو قوتابخانە ئیسلامیانەشدا دژو ناکۆکە کە فەلسەفە، میتافیزیک، عەقلانییەت، نوێگەریو داهێنانی عیبادەت، دەکەنە سەرچاوەی بیرکردنەوەو تێڕوانینی خۆیان. هەروەها مەشخەڵهەڵگرانی سەلەفییەت زۆر بەبڕوابوخۆبونەوە گوتارو بۆچونی خۆیان دەخەنەڕو، هەمیشە قەتعیو بنجبڕن لەحوکمدانو فەتوادان.

سەرچاوەکانی ئەم لێکۆڵینەوەیە

١ـ قورئانی پیرۆز ـ لەگەڵ وەرگێڕانی مامۆستا هەژار، نشر أحسان، ١٩٩٩ زاینی.
٢ـ عصام موسى هارون: السراج المنير فى ترتيب أحاديث صحيح الجامع الصغير، الحافظ جلال الدين السيوطى، العلامه محمد ناصرالدين الالبانى، ط٣، ٢٠٠٩، دار الصديق، مؤسسه الريان للنشر، السعوديه ـ الجبيل
٣ـ ابو مسعود الندوى، محمد بن عبدالوهاب مصلح مظلوم ومفترى عليه، ط١، المدينه المنوره، جامعه محمد بن سعود الاسلاميه، ١٩٨٤
٤ـ شيخ الاسلام ابن تيميه، مجموع الفتاوى، جمع وترتيب عبدالرحمن النجدى وآخرون، ط١، القاهره: مكتبه ابن تيميه، ١٣٩٨ هجرى.
٥ـ محمد ناصرالدين الالبانى، السلفيه، حقيقتها ـ اصولها ـ موقفها من المذاهب ـ شبهه حولها، جمعها وشرحها: عمر عبدالمنعم سليم، ط١، ٢٠٠٧، دار الضياء ـ القاهره
٦ـ عبدالله عبدالحميد الاثرى، الوجيز فى عقيده السلف الصالح، ط١، ١٩٩٧م، تركيا، مكتبه الغرباء.
٧ـ د. ابراهيم خليل أحمد، تأريخ الوطن العربى فى العهد العثمانى، بدون طبعه، الموصل: مديريه مطبعه جامعه الموصل، بدون سنه.
٨ـ الحافظ أحمد الحكمى، اعلام سنه المنشوره، ط٢، السعوديه: الرئاسه العامه للبحوث العلميه والدعوه، ١٩٧٩.
٩ـ أسماعيل بن عبدالغنى الدهلوى، التوحيد افراد الله بالعباده، ط١، السعوديه، مكتبه العبيكان، ١٩٩٢.
١٠ـ ابراهيم العسعس، السلف والسلفيون (رؤيه من الداخل)، بدون رقم الطبعه، عمان ـ الاردن: بدون أسم الناشر، ١٩٩٩ م.
١١ـ أحمد بن حجر آل بوطامى، الشيخ محمد بن عبدالوهاب عقيدته الاصلاحيه ودعوته السلفيه، بدون رقم الطبعه، مكه ـ السعوديه: مطبعه الحكومه، ١٣٩٥ هجرى.
١٢ـ د. آمال السبكى، تأريخ ايران بين الثورتين ١٩٠٦ ـ ١٩٧٩، ط١، الكويت، عالم المعرفه (المجلس الوطنى للثقافه والفنون والاداب)، ١٩٩١ م.
١٣ـ أحسان ألهى ظهير، التصوف المنشأ والمصادر، ط١، لاهور ـ باكستان: أداره ترجمان السنه، ١٩٨٦.
١٤ـ أحمد أمين، فجر الاسلام الحياه العقليه فى صدر الاسلام ألى آخر الدوله الامويه، ط١، بيروت: دار االكتاب العربى، ١٩٦٩
١٥ـ د. ابراهيم بن عامر الرحيلى، موقف أهل السنه والجماعه من اهل الاهواء والبدع، ط١، الرياض: دار السلفيه، ١٤١٢ هجرى.
١٦ـ د. أحمد بن عرفان عبدالحميد، دراسات فى الفرق والعقائد الاسلاميه، ط١، بغداد: دار التربيه، ١٩٧٧.
١٧ـ أحمد صديق عبدالرحمن، البيعه فى النظام السياسى الاسلامى، ط١، القاهره: مكتبه الوهبه، ١٩٨٨.
١٨ـ أحمد بن زينى دحلان، فتنه الوهابيه، بدون رقم الطبعه، استانبول، تركيا ـ مكتبه النور،

.١٩٨٧
١٩- ابن حجر العسقلانی، فتح الباری، شرح صحیح البخاری، بدون رقم الطبعه، القاهره: دار الریان للتراث، ١٩٨٧.
٢٠ تقی الدین النبهانی، نظام الحکم فی الاسلام، ط١، سلسله الرایه (٦).
٢١- تحسین ابراهیم الدوسکی، مذکرات الجاسوس الانگلیزی همفر فی المیزان، ط١، دهوك - أقلیم کردستان العراق: مطبعه هاوار، ٢٠٠١.
٢٢- جعفر السبحانی، مع الوهابیین فی خططهم وعقائدهم، ط١، طهران، مؤسسه الفکر الاسلامی، ١٤٠٦ هجری.
٢٣- جلال الدین بن عبدالرحمن السیوطی، تأریخ الخلفاء، تحقیق قاسم الشماعی وآخرون، ط١، بیروت: دار القلم، ١٩٨٦.
٢٤- د. حسن الترابی، المصطلحات السیاسیه فی الاسلام، ط١، بیروت: دار الساقی، .٢٠٠٠
٢٥- خالد بن علی بن محمد العنبری، الحکم بغیر ما أنزل الله واصول التکفیر، ط٢، جده - السعودیه: مکتبه العلم، ١٩٩٦
٢٦ - د. ربیع بن هادی المدخلی منهج أهل السنه والجماعه فی نقد الرجال والکتب والطوائف، ط٢، المدینه المنوره: دار الرجب للنشر والتوزیع، ١٩٩٤.
٢٧ - روبرت کارمن درایفوس، رهینه خمینی مطابخ المخابرات الانکلو أمریکیه، ترجمه وتقدیم، د, شمس الدین ناصر، بدون رقم طبعه، ابوظبی، بدون ناشر وسنه النشر.
٢٨ - زین الدین عمر بن مظفر، تأریخ ابن الوردی، ط١، بیروت، دار الکتب العلمیه، ١٩٩٦.
٢٩- سنت جون فیلبی، تأریخ نجد ودعوه الشیخ محمد عبدالوهاب (السلفیه) تعریب عمر الدیراوی، بدون رقم الطبعه، بیروت، المکتبه الاهلیه للنشر، بدون سنه الطبع.
٣٠- سید قطب، معالم فی الطریق، ط١٠، قم: دار الکتاب الاسلامی، ١٤٠٣ هجری.
٣١ د. سفر بن عبدالرحمن الحوالی، منهج الاشاعره فی العقیده، ط١، السعودیه: دار الوطن، .١٩٨٦
٣٢- د. سفر بن عبدالرحمن الحوالی، شرح رساله تحکیم القوانین، ط١، القاهره: مکتبه الطیب، .١٩٩٨
٣٣- سلیم الهلالی، البدعه واثرها السیء فی الامه، ط١، القاهره، مکتبه اطیب، ١٩٩٨
٣٤- ستیفن همسلی لونکریك، اربعه قرون من تأریخ العراق الحدیث، ط٣، بغداد: مطبعه جعفر الخیاط، ١٩٩٢.
٣٥- سلیمان بن عبدالوهاب، الصواعق الالهیه فی الرد علی الوهابیه، أعده لجنه من المحققین، ط١، قم - ایران: مجمع أهل البیت، ١٤٢٠ هجری.
٣٦- سلیمان بن سحمان النجدی، مجموعه الهدیه السنیه والتحف النجدیه، مکه: مطبعه الحکومه، ١٣٨٠ هجری.
٣٧ - صابر طعیمه، الصوفیه معتقدا ومسلکا، ط١، الریاض - السعودیه: شرکه العبیکان للطباعه والنشر، ١٩٨٥
٣٨- د. صالح بن فوزان بن عبدالله الفوزان، کتاب التوحید، ط٣، السعودیه: وزاره الشؤون الاسلامیه والاوقاف والدعوه والارشاد.
٣٩- صلاح الدین المختار، تأریخ المملکه العربیه السعودیه، بدون رقم طبعه، بیروت - لبنان:

مكتبه الحياه، بدون سنه الطبع.
٤٠. طالب بن محمود عثمان محمود العراده، صور من عقائد الشـــيعه، ط٢، استانبول ـ تركيا: مكتبه الغرباو، دار الاثريه للطباعه والنشر، ١٩٩٣.
٤١. د. عبدالمنعــم الحنفى، موســوعه الفــرق والجماعات والمذاهــب والاحزاب والحركات الاسلاميه، ط٢، مكتبه المدبولى للطباعه والنشر، ١٩٩٩.
٤٢. عبدالوهــاب االكيالى، الموســوعه السياســيه، ط١، بيروت ـ لبنان، بدون مكان النشــر، ١٩٩٤
٤٣. عبدالحليم الرهيمى، تأريخ الحركه الاسلاميه فى العراق، الجذور الفكريه والواقع التأريخى، ط١، بيروت: دار العالميه، ١٩٨٥.
٤٤. عثمان بن بشر النجدى: عنوان مجد فى تأريخ نجد، بدون رقم الطبعه، السعوديه: المكتبه السلفيه، ١٣٤٩ هجرى.
٤٥. د. عبدالكريم رافق: المشرق العربى فى العهد العثمانى، بدون رقم الطبعه، دمشق سوريا: مطبعه ابن حيان، ١٩٩٩م.
٤٦. د. عبدالله عبدالمحســن التركى: مقدمه شرح العقيده الطحاويه (ابى العز الحنفى)، بدون طبعه، السعوديه: مؤسسه الرساله، ١٤٢٠ هجرى.
٤٧. د. علــى الــوردى، لمحات من تأريخ العــراق الحديث، ط١، بغــداد، مطبعه المعارف، ١٩٧٩.
٤٨. عبدالله محمد: هكذا رأيت الوهابيين، ط٢، طهران: مكتبه السعاده، ١٤٠٢.
٤٩. عبدالعزيز زيد الرومى وآخرون: مؤلفات الشيخ الامام محمد بن عبدالوهاب، ط١، السعوديه: دار ابن الجوزى، ١٤٢٠ هجرى.
٥٠ ـ عبدالعزيــز عبداللــه بن باز: المعلــوم من واجب العلاقه بين الحاكــم والمحكوم، ط١، السعوديه: دار السلفيه، ١٤٢٢ هجرى.
٥١ ـ الشيخ عبدالرحمن بن حسن آل الشيخ: فتح المجيد شرح كتاب التوحيد، ط١، بغداد: مطبعه جمال العبدلى، ١٩٨٩.
٥٢. عبدالعزيز عبدالغنى صقر: نظريه الجهاد فى الاســلام، بدون رقم الطبعه، القاهره، بدون ناشر، ١٩٨٣.
٥٣. د. عبدالســلام بن برجــس العبدالكريم: معامله الحكام فى ضوء الكتاب والســنه، ط٦، السعوديه: مكتبه الفرقان.
٥٤. على بن حســن بن على الحلبى الاثرى: علم أصول البدع، ط١، الرياض ـ ســعوديه: دار الرايه للنشر والتوزيع، ١٩٩٢.
٥٥. ابو الحســن على الحســنى الندوى : رجال الفكر والدعوه فى الاســلام، ط١، دمشــق ـ سوريا:دار ابن كثير، ١٩٩٩.
٥٦. د. عبدالمجيد بن سالم عبدالله المشعبى: منهج ابن تيميه فى مسأله التكفير، ط١، الدوحه ـ قطر: مكتبه ابن القيم، ١٩٩٧.
٥٧. عثمان بن معلم محمود: موقف المسلم من القتال فى الفتن
٥٨ ـ عبدالمنعم مصطفى حليمه: الطريق ألى استئناف حياه اسلاميه، ط١، عمان، بدون ناشر، ٢٠٠١
٥٩. عبدالله بن سحمان الاحمدى: المسائل والرسائل المرويه عن الامام أحمد فى العقيده، بدون

رقم الطبعه، السعوديه: دار الطيبه، ١٤١٢ هجرى.
٦٠. عثمان بن محمد آل خميس: حقبه من التأريخ، ط١، السعوديه، دار ابن الجوزى، ١٤٢٠.
٦١. عامر عبدالله فالح: معجم ألفاظ العقيده، ط١، السعوديه: مكتب العبيكان، ١٩٩٧.
٦٢. عبدالاخر حماد الغنيمى: المنحه الالهيه، تهذيب شرح االطحاويه، ط١، السعوديه: دار الرايه للنشر والتوزيع، ١٩٩٨م.
٦٣. عبدالعزيز بن محمد عبداللطيف: دعاوى المناوئين لدعوه الشيخ محمد بن عبدالوهاب، بدون رقم الطبعه، الرياض - السعوديه: دار الوطن للنشر، ١٤١٤ هجرى.
٦٤ - عبدالرحمن الوكيل: هذه هى الصوفيه، ط٤، بيروت - لبنان: دار الكتب العلميه، ١٩٨٤.
٦٥. عبدالله محمد الغريب: جاء دور المجوس، الابعاد التاريخيه والعقائديه والسياسيه للثوره الايرانيه، ط٦، الدمام - السعوديه.
٦٦. عبدالله بن سعيد الجنيد: حوار هادىء بين السنه والشيعه، ط١، بدون سنه ومكان النشر.
٦٧. عبدالحسين شرف الدين: المراجعات، ابحاث جديده فى اصول المذهب والامامه العامه، طهران - ايران: نشر التوحيد ١٩٨٩.
٦٨. كارل بروكلمان: تاريخ الشعوب الاسلاميه، تعريب منير البعلبكى وآخرون، ط١٤ بيروت - لبنان: دار العلم للملايين ٢٠٠٠ م.
٦٩. محمد بن عبدالوهاب، كتاب التوحيد، ط١، بغداد: مطبعه جمال العبدلى، ١٩٨٩
٧٠. محمد بن عبدالوهاب ، مسائل الجاهليه، بغداد: مطبعه الجمال العبدلى، ١٩٨٩.
٧١. محمد بن عبدالوهاب، مختصر زاد المعاد، لابن قيم الجوزيه، ط١، بغداد، بدون مطبعه، ١٩٨٩.
٧٢. د. محمد حرب: العپمانيون فى التأريخ والحضاره، العثمانيون فى التاريخ والحضاره، ط٢، دمشق: دار القلم، ١٩٩٩ م.
٧٣. محمد حسين فضل الله: فقه الحياه، حوار اجراه عادل القاضى وآخرون، طهران، مؤسسه التوحيد، ١٩٩٩ م.
٧٤. د. محمد بن عبدالرحمن الخميس: أعتقاد الائمه الاربعه، ابى حنيفه ومالك والشافعى وأحمد، ط١، الرياض - سعوديه: دار العاصمه، ١٩٩٢.
٧٥. محمد قطب، كيف نكتب التاريخ الاسلامى، ط١، دار الكتاب الاسلامى، ١٩٩٤.
٧٦. محمد بن جميل زينو: العقيده الاسلاميه فى ضوء الكتاب والسنه، ط٥، الرياض، دار السلفيه، ١٣٨٥ هجرى.
٧٧ - محمد بن جميل زينو: التحذير من فتن لكفر والتكفير، ط١، الرياض: مكتب السلفيه، ١٩٩٧ م.
٧٨. محمد بن جميل زينو: منهاج الفرقه الناجيهوالطائفه المنصوره، ط١٩، جده - السعوديه، دار المجمع العلمى، ٢٠٠٠
٧٩. محمد عتريس: معجم بلدان العالم، ط١، القاهره، دار الثقافه للنشر والتوزيع، بدون سنه الطبع.
٨٠. د. مصطفى البغا، حاضر العالم الاسلامى، بدون رقم الطبعه، منشورات جامعه دمشق، ١٩٩٨ ميلادى.
٨١. محمد جميل بهيم، فلسفه التأريخ العثمانى، ط١، بيروت: مكتبه الصادر، ١٩٢٥.

٨٢. المنجد فى اللغه والاعلام، ط٣٧، بيروت: دار المشرق، ١٩٩٨.
٨٣. د. د.محمد خاتمى: الفكر والدين فى فخ الاستبداد، تعريب وأختصار وتعليق د. ثريا محمد على، مكتبه الشروق، ١٩٩٥.
٨٤ ـ د. محمـــد بن ربيع هادى المدخلى: حقيقه الصوفيه فى ضوء الكتاب والســـنه، ط٥، القاهره ـ مصر: مكتبه ابن تيميه، ١٤٠٤ هجرى.
٨٥. محمد عبدالهادى المصرى: أهل السنه والجماعه، معالم الانطلاق الكبرى، ط٥، استانبول ـ تركيا: دار الاثريه للصباعه والنشر، ١٩٩٢.
٨٦. الســـيد محمد حســـين الطباطبائى: رساله التشـــيع فى لعالم المعاصر، مؤسسه أم القرى للتحقيق والنشر، ١٤١٨ هجرى.
٨٧. محمد صادق الصدر: الشـــيعه، بدون رقم الطبعه، بغداد: مكتبه النينوى الحديثه، ١٣٥٢ هجرى.
٨٨. محمد خليل هراس: شـــرح العقيده الواســـطيه، راجعه الشـــيخ عبدالـــرزاق العفيفى، ط٤، السعوديه: أداره االبحوث العلميه والافتاء والارشاد، بدون سنه الطبع.
٨٩. محمد بن صالح العثيمين، القواعد المثلى فى صفات الله واسمائه الحسنى، ط٣، سعوديه: مركز الدعوه بجامعه الاسلاميه، ١٤٩.
٩٠. محمد بن صالح العثيمين، شرح العقيده الواسطيه، لشيخ الاسلام ابن تيميه، ط١، السعوديه: دار ابن الجوزى.
٩١. محمد بن صالح العثيمين، التعليقات على كشف الشبهات، ط١، منشورات جمعيه السلام الخيريه ـ مكه. ١٤٢٠.
٩٢. محمد ناصرالدين الالبانى: سلسله الاحاديث الصحيحه، ط٥، عمان ـ المكتب الاسلامى.
٩٣. محمد كمال جمعه: دعوه الشيخ محمد بن عبدالوهاب خارج الجزيره العربيه، ط١، السعوديه: دار الوطن، بدون سنه الطبع.
٩٤. مرتضى المطهرى، الروايه الكونيه التوحيديه، ط١، القاهره: مؤسسه الرساله، ١٩٨٧.
٩٥. محمد بن على الشـــوكانى: نيل الاوطار، تحقيق على محمد معوض وعادل عبدالموجود، دار الكتاب العربى ـ بيروت، ط١، ٢٠٠٠.
٩٦. اشرف بن عبدالحميد، بن بارقعات، مظاهر التشبه بالكفر فى العصر الحديث واثرها على المسلمين، ط١، السعوديه: دار ابن الجوزى.
٩٧. مجله الاصاله ـ http://www.asaala.com
٩٨ ـ د. محين عبدالحميد، نوێكردنەوەی بیری ئیســـلامی، وەرگێڕانی ئیبراهیم میكە عەلی، بەرگی یەكەم، ١٩٩٩، بلاوكراوەكانی كتێبخانەی رەسەن
٩٩. موقع «بوابه المملكه». com.٣_www.ksa
١٠٠. موقع الشيخ سفر الحوالى www.alhawali.com